سەرۆک بارزانی: شۆڕشی گوڵان قۆناغێکی گرینگی بەرخودانی پێشمەرگە و گەلی کوردستانە گەلی ئێمە خۆی ناچەمێنێت و بە ئیرادەیەکی پۆڵایینەوە بەگژ داگیرکاریدا دەچێتەوە

تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە

XEBAT

خەبات

ڕۆژنامەیەکی سیاسیی ڕۆژانەیە
ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانە

ژمارە (5757) یەک شەممە 26ی ئایار2019 «16» لاپەڕە «500» دینار

فازڵ میرانی: ئەگەر ریفراندۆم و هەڵکردنی ئاڵای کوردستان تاوان بێت با بێن هەموومان دادگایی بکەن

فازڵ میرانی سکرتێری مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان دەربارەی هەڵوێستی پارتی دیموکراتی کوردستان سەبارەت بە دەنگۆی دەستگیرکردنی د. نەجمەدین کەریم، پارێزگاری شەرعی کەرکووک لەو تۆمەتانەی ئاڕاستەی دەکرێن لەسەر ڕیفراندۆم و هەڵکردنی ئاڵای کوردستان، لە گفتوگۆیەکدا بۆ دەنگی ئەمەریکا دەڵێت: ئێمە هەرچی لە دەستمان دێت پارێزگاری لێ دەکەین، وەک تێکۆشەرێکی کورد و وەک ئەوەی ئەندامێکی مەکتەبی سیاسیی یەکێتی و هەروەها پارێزگاری کەرکووک بووە.

زیاتر لەلاپەڕە دوو بخوێنەوە

بە ئامادەبوونی سەرۆک بارزانی ڕێوڕەسمی کۆتاییهێنان بە خولێکی هێزی پێشمەرگە کوردستان بەڕێوەچوو

دوێنێ شەممە 25ی5ی 2019سەرۆک مەسعود بارزانی لە ڕێوڕەسمی کۆتاییهێنان لە خولی سێی لیوای دووی هێزەکانی هەشتای هێزی پێشمەرگەی کوردستان ئامادەبوو. ئەو مەراسیمە لە بنکەی مەشقی پیادەی هەولێر، فیرگەی باپشتیان بەڕێوەچوو. لەو مەڕاسیمەدا وتاری فەرماندەی هێزەکانی هەشتا و فەرماندەی بنکەی مەشق خوێندرایەوە و هەروەها ڕێپێوانی سەربازیی و نمایشی کۆماندۆ و تابلۆی چەک و نمایشی کۆنگ فۆ لە لایەن پێشمەرگە بەشدارببووەکانی خولی سێی مەشق و ڕاهێنان ئەنجام درا.

فۆتۆ: ئازاد لەشکری





بەبۆنەی چل و سێیەمین ساڵیادی شۆڕشی گوڵان

بەناوی خودای بەخشندە و میهرەبان

یەکێک لە یادە پڕشکۆیەکانی مانگی ئایار، ساڵیادی هەڵگیرساندنی شۆڕشی گوڵانی پێشکەوتنخوازە، شۆڕشێک لە بەردەوامیی خەبات و قوربانیدانی گەلی کوردستان بوو دژی ستەم و داگیرکاری.

شۆڕشی گوڵان، قۆناخێکی گرینگی بەرخودانی پێشمەرگە و گەلی کوردستانە و بە ڕوونی ئەو پەیامەی ڕاگەیاند کە بە پیلانگێڕی و ناپاکی و ئاگر و ئاسن ناتوانن دەنگی گەلی ئێمە کپ بکەن و ناچارمان بکەن دەست لە ئازادیخوازی و مافە ڕەواکانمان هەڵبگرین. ئەگەر لە قۆناغێکیشدا خەباتی گەلی کوردستان تووشی وەستان و نسکۆ هاتبێت، ئەوە گەلی ئێمە خۆی ناچەمێنێت و بە ئیرادەیەکی پۆڵایینەوە بەگژ داگیرکاریدا دەچێتەوە و تا وەدیهاتنی مافەڕەواکانی لە شۆڕش و بەرخوداندا دەبێت. لە چل و سێیەمین ساڵیادی شۆڕشی گوڵاندا، سڵاو دەنێرم بۆ هەموو تێکۆشەر و پێشمەرگە قارەمانەکان و ئەو نیشتیمانپەروەرانەی ژێردەستەییان ڕەتکردەوە و ماندوویەتی و ناوارەییان هەڵبژارد و قوربانییان دا و لە کەمترین ماوەدا شۆڕشیان هەڵگیرساندەوە.

هەزاران سڵاو بۆ گیانی پاکی شەهیدانی شۆڕشی گوڵان و شەهید سەید عەبدوڵڵا یەکەم شەهیدی شۆڕشی گوڵان و هەموو شەهیدانی کوردستان. سڵاو لە خۆڕاگری و ئازایەتیی پێشمەرگە کە بە خوێن و قوربانیدانی خۆیان سەرفیرازییان بۆ گەلەکەیان بەدیهێناوە.

لەو یادەدا ئەوە دووپات دەکەینەوە کە ئیرادەی گەلی کوردستان بەهێزە و سەرباری بوونی پیلانگێڕی، بەڵام بە ئیرادەیەکی بەرزتر لە جاران تێدەکۆشی بۆ بەدیهێنانی مافە ڕەواکانی و بەردەوامی لە پەیامی ئاشتی و پێکەوەژیان و پێشکەوتنخوازی.

مسعود بارزانی
2019/5/25

43 هەمین ساڵیادی شۆڕشی گوڵان
شۆڕشی گوڵان پەیامی خۆبەدەستەوەنەدانی پێشمەرگە و گەلی کوردستان بوو


بۆ زیاتر بڕوانە لاپەڕە 9

لیوا بابەکر: ئەو شوێنانەی ناوچە کوردستانییەکان دیاریکراون کە پێشمەرگەی تێدا جێگیر دەکرێت 3

ئەمەریکا سیستەمی گەیاندن بۆ هێزەکانی پێشمەرگە دابین دەکات

بەرپرسێکی وەزارەتی پێشمەرگە پڕۆژەیەکی تازەی ئەمەریکای بۆ ڕێکخستنی سیستەمی گەیاندنی هێزەکانی پێشمەرگەی ئاشکرا کرد، کە بە هۆیەوە سیستەمی پەیوەندیکردنی پێشمەرگە یەکدەخرێت. فەریق جەبار یاوەر ئەمیندای گشتیی وەزارەتی پێشمەرگە بە باسنیوزی ڕاگەیاندووە: ئەمەریکا لە ڕێی پڕۆژەیەکی تازەوە سیستەمی گەیاندن بۆ هێزەکانی پێشمەرگە دابین دەکات، کە لە ڕێگەیەوە پەیوەندیکردن لە نێوان سەرجەم یەکەکانی سەر بە وەزارەتی پێشمەرگە بە شێوەی بێتەل دەبێت.

ڕاشیگەیاند: پێشتر بەهۆی نەبوونی سیستەمێکی پێشکەوتووی یەکخراو، چەندین جۆر هێڵی پەیوەندی بەکاردەهات لە نێوان یەکەکان و وەزارەتدا بۆ پەیوەندیکردن، ئەمەش جەنجاڵییەکی زۆری دروست دەکرد، بەڵام بە تەوابوونی ئەو پڕۆژەیە، سیستەمی پەیوەندیکردن لە نێوان یەکەکان و وەزارەت دەکرێتە یەک سیستەم. یاوەر ئاماژەی بەوەش کرد: کارکردن لە پڕۆژەکە بەردەوامە، سەرەڕای ڕاگرتنی مەشق و ڕاهێنانی ئەمەریکا بۆ هێزەکانی پێشمەرگە بە شێوەیەکی کاتی.



تێریزا مای دەست لەکار کێشانەوەی خۆی ڕاگەیاند 5



کاریگەری و پێگەی ڕەوەندی کورد لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی یەکێتی ئەورووپا



بڕایان هۆک: ئێران 100 ملیار دۆلاری لە پاڵپشتیی تیرۆردا خەرج کردووە 3



ئایشێ مەحمود: منداڵە ونبووەکانمان بدۆزنەوە چیتر لەم چاوەڕوانییەدا مەمانهێڵنەوە 7

www.xebat.net
پەک شەمە 2019/5/26 ژمارە (5757)
خەبات

مەکتەبی سیاسی لە 43ەمین ساڵیادی شۆڕشی گوڵان:

بە بڕوای پۆڵایینەوە دووبارە بەرەو کوردستانێکی بەهێز هەنگاو دەنێین

پارتی وەک هەمیشە شۆڕەسواری مەیدانە و بە پاڵپشتی گەل حزبی ژمارە یەکی عێراق و کوردستانە

مەکتەبی سیاسیی پارتی لە چل و سێیەمین ساڵیادی شۆڕشی گوڵاندا پەیامێکی ئاراستەی جەماوەری کۆڵنەدەری کوردستان و ئەندام و لایەنگرانی پارتیمان و پێشمەرگە قارەمانەکان کرد، کە ئەمە دەقەکەیەتی:

جەماوەری کۆڵنەدەری کوردستان
ئەندام و لایەنگرانی تێکۆشەری پارتیمان
پێشمەرگە قارەمانەکان

ئەمڕۆ چل و سێ ساڵ بەسەر هەڵگیرسانەوەی شۆڕشی گوڵاندا تێدەپەڕێ، ئەو شۆڕشەی خەونی داگیرکەر و دوژمنانی خستە چاڵ و سەلماندی کورد نابەزێ و لە پیلان و گەلەکۆمەکێی نێودەوڵەتی بەهێزترە.

چوار ساڵ دوای ڕێککەوتننامەی یازدەی ئادار و ئەوکاتەی ڕژێمی بەعس خۆی لە پابەندییەکانی ڕێککەوتنەکە و مافە ڕەواکانی کورد و کوردستانییەتی کەرکوک دزییەوە، سەرکردایەتی پارتی و شۆڕشی کوردی ناچار کرد لە نێوان رازیبوون بەو واقیعە تاڵە و دووبارە ڕووکردنەوە چەک و چیا، ڕێی دووەم هەڵبژێرێ و بە پشتیوانی پێشمەرگە و خەڵکی کوردستان دریژە بە شۆڕشی ئەیلوول و داکۆکی لە مافە ڕەواکانی گەلەکەی بدات، ئەوە بوو ڕژێم لەبەردەم زەبری پێشمەرگە و شۆڕشدا خۆی نەگرت و پەنای بردە بەر پیلانگێڕی و لە ڕێککەوتننامەی شومی (جەزائیر) دەستی لە بەشێک لە خاک و ئاوی عێراق بەردا بەرامبەر بەو گەلەکۆمەکیەی لە شۆڕشی کورد کرا، لەسەرینی ئەو پیلانە شوومەوە شۆڕشی ئەیلوول توشی نسکۆیەکی کاتیی هات بەڵام بێ ئەوەی تەسلیم بە ئیرادەی دوژمن بێت. شۆڕشگێڕان توشی ئاوارەیی و ئاستەنگ و تەنگانەیەکی سەخت بوون، دوژمن وایزانی بەو پیلانە شوومە کۆتایی بە شۆڕش و بەرخۆدانی کورد هێناوە و دەیویست پێکی سەرکەوتن بنۆشێ، بەڵام هێندەی نەبرد و لە ماوەیەکی پێوانەییدا کە قەت بە خەیاڵی داگیرکەران و پیلانگێڕاندا نەدەهات، پارتی لە بری ئەوەی خۆی لە بەرپرسیاریی بدزێتەوە، دووبارە خۆی سازدایەوە و لە بیست و شەشی گوڵانی 1976 و لە چیاکانی کوردستانەوە دووبارەهەڵگیرسانەوەی شۆڕشی جارێدایەوە و سەنگەرەکانی بەرگریی ئاوەدان کردەوە و نەیهێشت خۆشی و نەشئەتی سەرکەوتنی دوژمنان دریژە بکێشێ.

هەڵگیرسانی شۆڕشی گوڵان بۆ دۆست و دوژمنی سەلماند کە شۆڕشی میللەتێکی خاوەن قەزیەی ڕەوا، نە بە ئاگر و ئاسن و نە بە پیلان و گەلەکۆمەکێی نێودەوڵەتی و نە بە نکووڵی و فشار خاموش ناکرێ، پارتی و ڕێبازی بارزانییش ئەو پارت و ڕێبازە نین کە بەو فشار و هەڕەشە و دوژمنکارییە کۆڵ بدەن و گۆڕەپان چۆڵ بکەن و ڕێگە بدەن سەودا بە مافەکانی کوردەوە بکرێت. سەرهەڵدانەوەی شۆڕش سەلماندی تاکە ڕێگای چارەسەری دۆزی کورد دانپێدانانی مافە نەتەوەییەکانی ئەو میللەتەیە تا دەگاتە مافی ڕەوای دیاریکردنی چارەنووس.

شۆڕشی گوڵان وەک دریژەپێدەری شۆڕشی مەزنی ئەیلوول و ئامانجەکانی، جگە لەوەی ئەو نائومێدییەی ڕەواندەوە کە لە نسکۆدا هاتەئاراوە، بووە دەسپێکی قۆناغێکی دیکەی خەباتی کوردایەتی کە سەربارى ئاستەنگ و کێشە و بێشەکان، توانی ئەو خەباتە ڕەوایە دریژە پێبدات تا پێکهێنانی بەرەی کوردستانی و کۆبونەوەی هەموو هێزە سیاسیەکان لە دەوری یەک ئامانج و ئەوەش بووە هەوێن و دایناموی ڕاپەڕینی پیرۆزی ساڵی 1991 کە ئاسۆیەکی نوێی لەبەردەم گەلی کوردستاندا کردەوە. دواجار گەلی کوردستان سەربەرزانە و لەسەر خاکی خۆی دەسەڵاتی دیموکراسییانەی میللی خۆی دامەزراند و کۆی ئەوانەش کە پیلانی جەزائیریان لە گەلی کورد و شۆڕشەکەی گێڕا، نابووت بوون و لە لایەن گەلانی خۆیانەوە سەرنگون کران.

ئەمڕۆ کە یادی ئەو شۆڕشە مەزنە دەکەینەوە، گەلەکەمان قۆناغگەلێکی دوورودرێژی بڕیوە و دەیان هەوراز و نشێوی دیکەی تێپەڕاندووە و چەندین لوغم و پیلانی دیکەی پوچەڵ کردۆتەوە و دووبارە لە ئایندە و ئاسۆیەکی گەش دەڕوانێ. پارتی کە ئەو هەموو پیلان و گەلەکۆمەکیەی لێکرا، وەک پێشڕەوی کورد ایەتی و کۆڵنەدان، وەک هەمیشە شۆڕەسواری مەیدانە و بە پاڵپشتی گەل حزبی ژمارە یەکی عێراق و کوردستانە، هەڵوێستە سیاسییەکانی و خۆڕاگری و دیفاعی مەردانەی لە خاک ومافی گەلی کوردستان، هێندەی دیکە پێگە و ئیعتباری لەسەر هەموو ئاستەکان بەهێزتر کردووە و بەرنامە نیشتیمانسازی و ئاوادانخوازییەکەشی جێی ئومێدی جەماوەرە، پتەویی ریزەکانی نێوخۆشی وایکردووە ئەهلی ئەو پرکێشییە سەختانە و پێشڕەوایەتی خەبات و ئاواتەکانی گەلەکەمان بێت.

لە کاتێکدا یادی شۆڕشی گوڵان دەکەینەوە، بە قارەمانێتی پێشمەرگە و بە ڕابەرایەتی سەرۆک بارزانی، کوردستان شەڕی تێکشکاندنی داعشی بە پیرۆزی گەیاندووە و بە بەشداری و دەنگی بەڵێی سەدی نەوەت و سێی گەل، ریفراندۆمی سەرخستووە و ئەو سزا و قەیران و لەشکرکێشی و هەڕەشانەشی پاشەکشەپێکردووە کە شۆڤێنیزم و خائینان بۆ لەنێوبردنی قەوارەی کوردستان پەنایان بۆ برد، بە بڕوای پۆڵایینەوە دووبارە بەرەو کوردستانێکی بەهێز هەنگاو دەنێین، بەرەو کاراکردنەوەی دامەزراوە سەروەریەکانمان و دامەزراندنی حکومەتێکی بەهێز و سەرتاسەری کە لە ئاست ئەرکەکانی قۆناغەکەدا بێت، بتوانێ سەقامگیریی کوردستان وەک هەمیشە بپارێزێ و ژیان و گوزەرانی خەڵک بەرەو باشتر و باشتر ببات. ئەوەش پێویستی بە یەکڕیزی و یەکهەڵوێستیی نەتەوەیی و نیشتمانی هەیە. ئەو یەکریزییەی کە پارتیمان زۆرترین نەرمی لە پێناودا نواند تا دانوستانەکانی پێکهێنانی کابینەی نوێی سەرخست. ئەو یەکریزییەی ڕێگەی دروستی بەهێزکردنی پێگەی کورد و کوردستانە لە هەلو مەرجی نوێی عێراقدا و ڕێگەی بەدەستهێنانی پاڵپشتی زیاتری کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیشە بەرەو بەدیهێنانی ئامانجەکانمان، بە تایبەت پاش ئەوەی دەرکەوت چەوتەڕێی تاکڕەوی و پشتکردنە شەراکەت و تەوازون و تەوافوق نەک هەر هیچ کێشەیەکی عێراق چارەسەر ناکات، بەڵکو ئەو وڵاتە بەرەو هەڵدێر دەبات. هەر ئەو باوەڕەش بوو وایکرد عێراقییەکان لە دوا هەڵبژاردندا سزای ئەو عەقڵیەتە شۆڤێنییە بدەن و لە دەسەڵاتیان دوور بخەنەوە.

لەم یادە پڕشکۆیەدا جارێکی دیکە پابەندیی خۆمان بە هاوپەیمانیەتی و گیانی بەرپرسیاریەتی و گوتاری هاوبەش و هاوکاری لەگەڵ هێز و لایەنە سیاسییەکانی کوردستان دووپاتدەکەینەوە. مکوڕین لەسەر دامەزراندنی حکومەتێکی بەهێز و سەرتاسەری کە بتوانێ چاکسازی و خۆشگوزەرانی و عەدالەت و ئەمنیەت و ئازادییەکان و یاساسەروەری دریژە و پەرە پێبدات و لە ئاستی خۆزگە و ئاواتەکانی خەڵکدا بێت.

لە یادی شۆڕشی گوڵاندا، بەڵێن بۆ گیانی پاکی شەهیدان نوێدەکەینەوە کە دریژەپێدەری ڕێبازەکەیان بین کە ڕێبازی کوردایەتی و نیشتیمانپەروەریە بۆ پاراستنی ئەو ئەزموون و دەسکەوتانەی، کە بەرهەمی خوێنی بە نرخی ئەوانە.

درود بۆ گیانی پاکیان و سڵاو و ڕێز بۆ خانەوادە و کەسوکاری سەربەرزیان دەنێرین. سڵاو بۆ یادی ئەو تێکۆشەرانەی سەرقافڵەی گەشانەوەی ژیلەمۆی شۆڕش بوون...

گەرمترین پیرۆزبایی لە ئەندامان و لایەنگر و دۆستان و جەماوەری پارتیمان و کۆی خەڵکی کوردستان دەکەین، بە تایبەتیش یەک بە یەکی پێشمەرگە قارەمانەکانمان کە بە جوامێری و لە سایەی سەری ئەواندا کوردستان و پارێزراو و سەربەرز و ئارامە...

هەزاران درود و سڵاو بۆ ڕۆحی پاکی بارزانی نەمر و کاکە ئیدریسی هەمیشە زیندوو...

مەکتەبی سیاسیی
پارتی دیموکراتی کوردستان



فازڵ میرانی: بە ئەرکی خۆمانی دەزانین لە ڕێگەی یاسا و کەنالە دیپلۆماسییەکانەوە بەرگری لە د. نەجمەدین بکەین

ئەگەر ریفراندۆم و هەڵکردنی ئاڵای کوردستان تاوان بێت با بێن هەموومان دادگایی بکەن

فازڵ میرانی سکرتێری مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان دەربارەی هەڵوێستی پارتی دیموکراتی کوردستان سەبارەت بە دەنگۆی دەستگیرکردنی د. نەجمەدین کەریم، پارێزگاری شەرعی کەرکووک لەو تۆمەتانەی ئاڕاستەی دەکرێن لەسەر ڕیفراندۆم و هەڵکردنی ئاڵای کوردستان، لە گفتوگۆیەکدا بۆ دەنگی ئەمەریکا دەڵێت: ئێمە هەرچی لە دەستمان دێت پارێزگاری لێ دەکەین، وەک تێکۆشەرێکی کورد و وەک ئەوەی ئەندامێکی مەکتەبی سیاسیی یەکێتی و هەروەها پارێزگاری کەرکووک بووە کە کەرکووک دڵی کوردستان و قیبلەی کوردستانە، خۆ ئەگەر ڕیفراندۆم و هەڵکردنی ئاڵای کوردستان تاوان بێت، ئەوا ئێمە و هەموو بەشەرەفەکان تاوانبارین با بێن دادگایمان بکەن. میرانی گوتیشی: سەرۆک بارزانی و کاک نێچیرڤان بارزانی ڕاستەوخۆ پاش بڵاوبوونەوەی دەنگۆکە لەسەرخەتبوون لەسەر بابەتی د. نەجمەدین، چونکە ئەو ئەگەر پارێزگاری کەرکووک بووبێت پارێزگار بووە لەسەر پشکی برادەرانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان یەکێتی بووە و بەڕاستی ئەوەندەی نەجمەدین بۆ یەکێتی و کەرکووکی کرد، ڕەنگە ئەگەر ئێمە کورد نەبووینایە بۆ پارتی نەدەکرد، بەڵام بە کوردبوونی نەجمەدین و هەڵوێستە کوردایەتییەکانی نەجمەدین ئێمە بە واجبی خۆمانی دەزانین ئەوەی پێمان بکرێت لە ڕێگا یاساییەکان و کەنالە دیبلۆماسییەکانی خۆمانەوە بەرگریان لە کاک د. نەجمەدین دەستگیر بکرێت

-هیچ هۆکارێک نابینین کە د. نەجمەدین دەستگیر بکرێت

فازڵ میرانی سکرتێری مەکتەبی سیاسیی پارتی لەبارەی هەڵوێستی پارتی لەسەر دەنگۆی دەستگیرکردنی د. نەجمەدین کەریم گوتی: ئێمە هیچ هۆکارێک نابینین کە د. نەجمەدین کەریم بگیرێت، بەڵام ئەوەی کە هەندێک لەسایتەکان دەڵێن د. نەجمەدین کەریم لەسەر گەندەڵی، ئەگەر لەسەر ئەوە بێت ئەوا بە بۆچونی من دەبێت هەموو حکوومەتی عێراقی لەسەر گەندەڵی بگیرێت، دوای ئەوە بۆچی تا ئێستا یەخەی کوردییان گرتووە بە تەنها نەمانبیستووە کە عەرەبێک لەسەر گەندەڵی بگیرێت.

سکرتێری مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان ئاماژەی بە هەوڵەکانیان کرد لەسەر دەنگۆی دەستگیرکردنی د. نەجمەدین کەریم، گوتی د. نەجمەدین بە تەنها نییە، بەڵکو نەک هەر ئەو هەر کوردێکی کوردستانی عێراق بە ناهەق بگیرێت ئێمە وەکو پارتی دیموکراتی کوردستان لە پشتی دەبین، هەم سەرۆک بارزانی و هەم کاک نێچیرڤان بارزانی پاش بڵاوبوونەوەی دەنگۆکە لەسەرخەتبوون لەسەر بابەتی د. نەجمەدین، چونکە ئەو ئەگەر پارێزگاری کەرکووک بووبێت پارێزگار بووە لەسەر پشکی برادەرانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان یەکێتی بووە و بەڕاستی ئەوەندەی نەجمەدین بۆ یەکێتی و کەرکووکی کرد، ڕەنگە ئەگەر ئێمە کورد نەبووینایە بۆ پارتی نەدەکرد، بەڵام بە کوردبوونی نەجمەدین و هەڵوێستە کوردایەتییەکانی نەجمەدین ئێمە بە واجبی خۆمانی دەزانین ئەوەی پێمان بکرێت لە ڕێگا یاساییەکان و کەنالە دیبلۆماسییەکانی خۆمانەوە بەرگریان لە کاک د. نەجمەدین کردووە و دەشیکەین.

فازڵ میرانی ئەوەشی گوت جگە لە هەوڵەکانی پارتی لە ڕێگای حکوومەتەوە کە ڕاستەوخۆ سەرۆکی حکوومەت لەسەرخەتبوو، ئەگەر لە ڕووی سیاسیشەوە پێویست بکات، ئەوا دووبارە خودی جەنابی سەرۆک بارزانی دێتەوە سەرخەت، چونکە پەیوەندییمان لەگەڵ هەندێک لایەنی سیاسی و جامیعای عەرەبی و وڵاتان هەیە، ئێمە وا دەکەین کە گوشارێک لەسەر عێراق دروستبکرێت کە ئەم پیلانگێڕییە چیتر دژی کوردەکان نەکرێت.

میرانی ڕەخنە لە هەڵوێستی لایەنەکانی هەرێمی کوردستان دەگرێت لەسەر دەنگۆی دەستگیرکردنی د. نەجمەدین کەریم و دەڵێت: باشە ئێمە هەموو لایەنەکان پێکەوە حکوومەت دروستبکەین، بەڵام باشتر دەبوو ئەگەر لەسەر برادەرانی خۆشمان یەک دەنگ بووینایە، بەڵام حەق بوو هەر حزبێک لای خۆیەوە وەک سەرۆک بارزانی و کاک نێچیرڤان و پارتی هەوڵی خۆیان بدایە، لانی کەم سۆراغی دەستگیرکردنەکەیان بپرسیایە، بەڵام د. نەجمەدین تەنها نییە، زۆربەی زۆری کوردی خاوەن هەڵوێست لەپشتی نەجمەدینەکانین، بەڕاستی ئێمە بە واجبی خۆمانی دەزانین کە بەرگری لە نەجمەدین و نەجمەدینەکان بکەین، ئەگەرچی هەر بیرکردنەوەیەکی سیاسی هەبێت. ئەگەر ڕیفراندۆم و هەڵکردنی ئاڵای کوردستان تاوان بێت، ئەوا ئێمە و هەموو کورد بە شەرەفەکان تاوانبارین با بێن دادگایمان بکەن.

لە وەڵامی ئەو پرسیارەی ئەگەر د. نەجمەدین لەسەر بابەتی ڕیفراندۆم و هەڵکردنی ئاڵای کوردستان لە کەرکوک دادگایی کرا پارتی چی بۆ د. نەجمەدین دەکات و هەڵوێستی چی دەبێت؟ فازڵ میرانی گوتی: بە دەقیقی دەڵێم ئەگەر د. نەجمەدین لەسەر ئاڵای کوردستان و ڕیفراندۆم حوکم بدرێت سەرفرازیبەکی گەورەیە بۆ د. نەجمەدین، هەتا ئەگەر لە سێدارەش بدرێت ئەوا دەچێتە ڕیزی شەهیدەکان و ئێمە سەرفراز دەبین پێی، بەڵام ئێمە هەرچی لە دەستمان دێت پارێزگاری لێ دەکەین وەک تێکۆشەرێکی کورد و وەک ئەوەی ئەندامێکی مەکتەبی سیاسیی یەکێتی و پارێزگاری کەرکوک بووە کە دڵی کوردستان و قیبلەی کوردستانە، خۆ ئەگەر ڕیفراندۆم و هەڵکردنی ئاڵای کوردستان تاوان بێت، ئەوا ئێمە و هەموو کورد بە شەرەفەکان تاوانبارین با بێن دادگاییمان بکەن، خۆ ئەگەر بشیانەوێت بە هۆکاری گەندەڵی دەستگیری بکەن و دادگایی بکەن، ئەوە من دەڵێم، هەرچی حکومەتی عێراقە لە سەرەتاوە تا ئێستا هەموویان دەبێت پێش د. نەجمەدین بگیرێن، ئەمەی د. نەجمەدینیش ناتوانن بیسەلمێنن، چونکە ئەوە بە تەنها تۆمەتە.

سکرتێری مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان دەشڵێت: ئێمە یاداشتێک دەدەینە پەرلەمانی عێراق و حکوومەتی عێراق و بەرپرسە عێراقییەکان بە کورد و عەرەبەوە کە ئەم جۆرە کارانە کاری باش نین، شێواندنی سومعەی کەسایەتییەکانی ئێمە ئەوەش شێوازێکە لە جیاکاری ڕەگەزی هەموو گەندەڵەکانی عەرەب ئازادن، تەنها بە شوێن کوردەکانەوەن، ڕەگەز پەرستیش ئیدانەکراوە لە ڕووی نێودەوڵەتییەوە.



سەرۆک بارزانی پێشوازی ئەیاد عەللاوی دەکات

ڕۆژی پێنجشەممە 2019/5/23 لە سەلاحەددین سەرۆک مسعود بارزانی پێشوازیی لە ئەیاد عەلاوی سەرۆکی ئیئتیلافی وەتەنی عێراقی کرد. لە دیدارەکەدا بیرورا لەبارەی بارودۆخی سیاسی عێراق و پەیوەندییەکانی نێوان هەولێر و بەغدا ئالوگۆڕ کرا و هەروەها شەڕی داعش و پێشهات و گۆڕانکارییەکانی ناوچەکەیش تەوەرێکی دیدارەکەی نێوان سەرۆک بارزانی و ئەیاد عەلاوی بوو.



بە ئامادەبوونی سەرۆک بارزانی کۆتاییهاتنی خولێکی پێشمەرگە بەڕێوەچوو

هەزار و 139 پێشمەرگەی یەکەی 80 خولێکی سەربازییان تەواوکرد

نەجات عەلی: پێویستە هێزەکانی پێشمەرگە لەسەر بیری نیشتیمانپەروەری ئەرکەکانی بەجێبگەیەنێت



دانوستان لە نێوان هەردوو وەزارەتی پێشمەرگە و بەرگریی عێراقدا لەبارەی ڕەوشی ئەمنییەوە بەردەوامە و، بەڕێرسێکی وەزارەتی پێشمەرگەش ئاشکرای کرد، بەردەوام زانیاری گۆڕینەوە لەسەر داعش هەیە و شوێنیش بۆ گەڕانەوەی پێشمەرگە دیاری کراوە، بەڵام بڕیاری کۆتایی ماوە. لیوا بابەکر فەقێ ئەحمەد، بەڕێوەبەری گشتیی ڕۆشنبیری و هۆشیاریی وەزارەتی پێشمەرگە ئاماژەی بۆ ئەوە کرد: کۆبوونەوەی هەردوو وەزارەتی پێشمەرگە و بەرگریی عێراق لەبارەی چەند پرسێکەوە بەردەوامە، بەتایبەتی لەسەر جوڵەی چەکدارانی داعش زانیاریگۆڕینەوە و هەماهەنگی لە نێوان پێشمەرگە و هێزی بەرگریی عێراقدا هەیە. پەیوەست بە هەوڵەکانی هەرێم و بەغدا بۆ گەڕانەوەی هێزی پێشمەرگە بۆ ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی حکومەتی هەرێم، بەڕێرسەکەی وەزارەتی پێشمەرگە بە مالپەڕی فەرمیی پارتیی گوتووە: دانوستان لە نێوانماندا هەیە، بەڵام هەندێک لەسەرەخۆ بەڕێوە دەچن و بەڕاستی نەگەیشتووەتە ئەوەی کە نێمە دەمانەوێ. ئەو بەڕێرسە دەشڵێت: ڕەوشی حکوومەتی عێراق لەبەر تەواونەکردنی کابینەی حکوومەت و دواکەوتنی کابینەی نوێی حکوومەتی خۆیشمان کاریگەریی هەبووە لەسەر ئەوەی تا ئێستا بڕیاری کۆتایی لەبارەی گەڕانەوەی هێزی پێشمەرگە بۆ ئەو ناوچانە بدرێت، کار لەسەر ئەو پرسە دەکرێت و شوێنەکان دیاری کراون کە بۆ داهاتوو پێشمەرگە بگەڕێتەوە و لەوێ جێگیر بکرێت.

پێشنیوەڕۆی دوێنێ شەممە 2019/5/25 سەرۆک بارزانی لە شاری سۆران لە بنکەی مەشقی پیادەی هەولێر، فیرگەی باپشتیان بەشداریی لە ڕێوڕەسمی کۆتاییهێنان لە خولی سێی لیوای دووی هێزەکانی هەشتای هێزی پێشمەرگەی کوردستان کرد. ڕێوڕەسمەکە بە ئامادەبوونی سەرۆک بارزانی و چەندان فەرماندەی بااڵی هێزی پێشمەرگە دەستیپێکرد و لە خولەکەدا کە هەزار و 139 پێشمەرگە بوون، مەشق و ڕاهێنانیان پێکراوە و بە نمایشی سەربازیی بەشداربووانی خولەکە ڕێوڕەسمەکە بەڕێوەچوو.

جێی باسە ئەو ژمارە پێشمەرگەیە، ماوەی 90 ڕۆژ مەشق و ڕاهێنانی سەربازییان لە بنکەی مەشقی پیادەی هەولێر پێکراوە. لەمبارەیەوە حوسەین جەواد بندیان، بەرپرسی یەکەی مەشقی پیادەی هەولێر لەبارەی مەشقکانی پێشمەرگە بە ئامادەبوونی سەرۆک بارزانی و چەندان فەرماندەی بااڵی هێزی پێشمەرگە دەستیپێکرد و لە خولەکەدا کە هەزار و 139 پێشمەرگەکان فێری هونەری ئارامگرتن کراون و ئاستی توانای جەستەیان بەهێزکراوە. ڕاشیگەیاند: وانەی تیۆری و پراکتیکی و دیسیپلینی سەربازییان پێدراوە و مەشقیشیان لەسەر چەکی سووک و مامناوەند کردووە. هەر لە ڕێوڕەسمەکەدا نەجات عەلی، بەرپرسی یەکەی 80ی هێزەکانی پێشمەرگە لە مەراسیمەکەدا ڕایگەیاند: ئامانج لە خولەکە، بە دامەزراوەیی کردن و ڕێکخستنەوەی هێزەکانمان بوو. بەهۆی ئەو گۆڕانکارییانەی لە ناوچەکە ڕووەدات، پێویستە هێزەکانی پێشمەرگە لەسەر بیری نیشتیمانپەروەری ئەرکەکانی بەجێبگەیەنێت. هەروەها ستایشی هێزەکانی پێشمەرگە کرد لە جەنگی دژ بە داعش و گوتی: بە چەکێکی سادەوە بەڵام بە بیروڕایەکی بەرزەوە پێشمەرگەی جەنگی دژ بە داعش کرد. بەرپرسی یەکەی 80ی هێزەکانی پێشمەرگە سوپاسی سەرۆک بارزانیشی کرد کە ئەرکی سەرپەرشتیاریکردنی هێزەکانی پێشمەرگەی لە کاتی جەنگ دژ بە داعش گرتە ئەستۆ و لەسەر دەستی سەرۆک بارزانی و پێشمەرگەکان، داعش دووچاری یەکەم شکست لە تەواوی جیهان هات. هەروەها لەبارەی گەڕانەوەی هێزەکانی پێشمەرگە بۆ ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم، نەجات عەلی گوتی: دۆخی ناوچەکە مەترسی تەقینەوەی لەسەرە و گەڕانەوەی هێزی پێشمەرگە بووە بە پێویستی.

بڕیان هۆک: ئێران 100 ملیار دۆلاری لە پاڵپشتیی تیرۆردا خەرج کردووە

ئێران پلانی بۆ هێرشکردنە سەر بەرژەوەندییەکانی ئەمەریکا داڕشتووە



K24/ بڕیان هۆک، نێردەی وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا بۆ کاروباری ئێران دەڵێت: بەهۆی بەخشینی 8 ولات لە کڕینی نەوتی ئێران کە 2ی ئەم مانگە کۆتاییهات، دەسەاڵتدارانی تاران 100 ملیار دۆلاریان دەستکەوتووە، بەاڵم گەلانی ئێران هیچ شتێکیان لەو داهاتە پێنەگەشتووە، چونکە دەسەاڵتدارانی ئێران لە پاڵپشتی تیرۆردا خەرجی دەکەن. لە دیدارێکدا لەگەڵ بەشی فارسی دەنگی ئەمەریکا کە ڕۆژی هەینی 2019/5/24 بااڵوکرایەوە، بڕیان هۆک دەڵێت: ئەگەر هێرش بکەنە سەرمان، ئەمەریکا هێرش دەکاتە سەر ئێران، لەسەر ئەوە وەستاوە، ئەگەر ئەوان یەکەمجار هێرش بکەن، واشنتن هێزی سەربازیی دژی ئێران بەکاردەهێنێ. هۆک دەشڵێت: پێش مانگێک هەواڵگریی زانیاری زۆر نیگەرانکەری لەبارەی چەندین هەڕەشەی ئێران پێگەیاندین، زانیاریی تەواو و پشتڕاستکراومان هەیە کە ئێران پلانی بۆ هێرشکردنە سەر بەرژەوەندییەکانی ئەمەریکا داڕشتووە. هەروەها گوتوویەتی: بۆ بەرگریی لە خۆکردن ئامادەسازیی سەربازیمان کردووە و چەک و کەرەستەی گەورەی جەنگیمان دامەزراندووە لە ناوچەکەدا، بۆ ئەوەی کاتێک ڕووبەڕووی هێرش بووینەوە بەرگریی لە خۆمان بکەین. عێراقیش یەکێک لەو ناوچانەیە ئاستی هۆشداریی تێیدا بەرزە و ئەگەری ئەوە هەبوو ئێران لە عێراقەوە هێرش بکات، هەر بۆیە داوامان لە باڵیۆزخانەکەمان کرد ژمارەی دیپلۆماتکار و کارمەندانی لە بەغدا کەمبکاتەوە. نێردەی وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا بۆ کاروباری ئێران دەڵێت: دەمانەوێت ئەو سەرچاوانەی داهاتی ئێران کەمبکەینەوە کە ڕژێمی ئێران بۆ پاڵپشتیی گرووپ و میلیشیاکان پێویستی پێیەتی و لە تەواویی ناوچەکەدا کۆمەکیان دەکات. هۆک دەشڵێت: ڕژێمی ئێران مەشق و ڕاهێنان بەو گرووپانە دەکات و پاڵپشتیی چەک و دارایی دەکات، حزبوڵاڵ و حوسییەکان و ئەو میلیشیا شیعیانەی لە سووریا و عێراق لە بری تاران شەڕ دەکەن. بەهۆی بەخشینی چەند وڵاتێکیش لە کڕینی نەوتی ئێران، دەسەاڵتدارانی ئێران لە ڕابردوودا 100 ملیار دۆلاریان دەستکەوتووە، بێ ئەوەی ئەو پارەیە بەهیچ شێوەیەک بگاتە دەست گەلانی ئێران. ئەوەی گەلانی ئێرانیشی بێزار کردووە ئەوەیە بەهۆی ڕێککەوتننامەی ئەتۆمی هیچ سوودێکیان پێنگەشتووە.

ئەمەریکا 1500 سەرباز ڕەوانەی ڕۆژهەاڵتی ناوەڕاست دەکات

سەرۆکی ئەمەریکا، دۆناڵد ترەمپ ڕەزامەندی دەربڕی لەسەر ناردنی هەزار و 500 سەرباز بۆ ڕۆژهەاڵتی ناوەڕاست. سەرۆکی ئەمەریکا، دۆناڵد ترەمپ بەر لە سەردانەکەی بۆ وااڵتی ژاپۆن لە باخچەی کۆشکی سپی لەسەر پێشهاتەکانی ڕۆژهەاڵتی ناوەڕاست دوا و هەڵسەنگاندنی بۆ هەنگاوی نوێی ئەمەریکا لە بەرامبەر ئێران کرد. ترەمپ ئاماژەی بەوەدا کە ئەو هەزار و 500 سەربازەی ڕەوانەی ڕۆژهەاڵتی ناوەڕاست دەکرێن، ئەرکی "پاراستن"ی سەربازانی ئەمەریکا لەو ناوچەیە دەگرنە ئەستۆ. چاوەڕێ دەکرێ پنتاگۆن وردەکاری زیاتر لەسەر ناردنی ئەو هەزار و 500 سەربازە بۆ ڕۆژهەاڵتی ناوەڕاست بکات. ماوەیەکی کەمیش بەر لە لێدوانەکەی ترەمپ، میدیاکانی ئەمەریکا ڕایانگەیاندبوو کە ترەمپ زانیاری پێویستی لەسەر ناردنی ئەو سەربازانە بە کۆنگرێس داوە. لەکاداندوەیەکیشدا وەزیری دەرەوەی ئێران محەممەد جەواد زەریف لەبارەی ناردنی زیاتری هێزی ئەمەریکا بۆ ڕۆژهەاڵتی ناوەڕاست هەڵوێستی نیشان دا و ڕایگەیاند: ئەم بابەتە بۆ سەقامگیری و ئاسایشی نێودەوڵەتی زۆر مەترسیداوە و دەبێ ڕووبەڕووی ببینەوە. هەواڵنێری فەرمی ئێران ئیرنا، ڕایگەیاندووە، زەریف بەرلە ڕۆیشتنی لە پاکستان ڕایگەیاندووە: ئەمەریکییەکان بۆ وەاڵمدانەوە بە کردەوە دوژمنکارانەی خۆیان و لە ئاراستەی سیاسەتی گرژی خولقێنی لە کەنداوی فارس ئەم کارانە دەکەن.





12 گۆڕی بە کۆمەڵ لە عێراق دۆزرایەوە

UN: بەڵگە کۆکراوەکان ئامادەکراون تاکو بدرێنە وڵاتان و دادگاکان

تیمی نەتەوە یەکگرتووەکان کە لە تاوانەکانی ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش دەکۆڵێتەوە لە عێراق 12 گۆڕی بەکۆمەڵی دۆزیوەتەوە. تیمەکەی نەتەوە یەکگرتووەکان کە بە پشتیوانی پسۆڕان و پسپۆڕانی هەواڵگری تورکیا، سوید، ئەڵمانیا و سعوودیە لە 2018ەوە دەستی بەکارەکانی کردووە ڕاپۆرتی دووەمینی خۆی بە سەردێڕەکانی "ئەو هێرشانەی لە 2014 کرانە سەر ئێزدییەکان"، "ئەو تاوانانەی لە 2016لە مووسڵ ئەنجام دراون" و "ئەو سەربازە عێراقیانەی لە 2014 لە تکریت کوژراون"، پێشکەشی ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی کردووە. لە ڕاپۆرتەکەدا تیشک خراوەتە سەر ئەوەی کە 12 گۆڕی بە کۆمەڵ لە عێراق دۆزراونەتەوە. بەڵگەی فیزیکی و زیندەناسی لە گۆڕە بە کۆمەڵەکان وەرگیراون و بە دانیشتن لەگەڵ زیانبەرکەوتووان و کەسوکاری هێرش بەرکەوتووەکانی داعش بەڵگەکان کۆکراونەتەوە.

تیمەکەی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ڕاپۆرتەکەیدا ئاماژەی بەوە داوە کە بەمەبەستی ئەوەی داعش بە بەرپرسیاری تاوانی جەنگ، ئەنجامدانی تاوان دژی مرۆڤایەتی و ئەنجامدانی ئەو تاوانانەی دەبنە هۆی کۆمەڵکوژی لەقەڵەم بدرێت بەڵگە کۆکراوەکان ئامادەکراون تاکو بدرێنە وڵاتان و دادگاکان.

شۆڕشی گوڵان.. پشکۆی نەکوژاوەی شۆڕشی ئەیلوولی داگیرساندنەوە و خەونی نەزۆکی دوژمنانیشی لە گۆڕنا

شۆڕشی گوڵان پەیامێک بوو بۆ دوژمنان کە کورد هەرگیز کۆتایی نایەت

خەبات-ساسان دەروێش: 43 ساڵ لەمەوبەر لە 26ی گوڵانی 1976 شۆڕشی گوڵانی پێشکەوتنخواز هەڵگیرسا و جارێکی تر پشکۆی نەکوژاوەی شۆڕشی مەزنی ئەیلوولی داگیرساندەوە و خەونی نەزۆکی دوژمنان و داگیرکارانی کوردستانی لە گۆڕنا، بە یەکەم تەقە و گەیاندنی پەیامی گەلێکی کۆڵنەدەر کە شۆڕش و کورد کۆتایی نەهاتووە و بەردەوامە بە ڕێنمایی باوکی ڕۆحی نەتەوەییمان بارزانیی نەمر و بەشێکی زۆری پێشمەرگەکانی شۆڕشی مەزنی ئەیلوول و بە سەرکردایەتیی سەرۆک مەسعود بارزانی و کاکە ئیدریسی هەمیشە زیندوو لەسەر هەمان ڕێباز و ئامانجی پیرۆزی پارتی و بارزانی و پێشمەرگایەتی و بەرگریکردن لە کوردستان، ئەمڕۆ بنیادنرا لە پێکهێنانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و هەبوونی کیانێکی دانپێندراو و ئومێد و ئامانجە پیرۆزەکەی شەهیدان لە سەربەخۆیی کوردستانی لەسەر هەڵچنن. جێگای خۆیەتی لەم یادەدا سوود لە زانیارییەکانی یەکێک لە فەرماندە و پێشمەرگەکانی شۆڕشی گوڵان وەربگرین، ئەویش مولازم یونس ڕۆژ بەیانی، کە هەمیشە خۆی بە دوور دەگرێت لە میدیا، بەڵام ئەو پێشمەرگە و کادیرێکی دیاری ئەو شۆڕشە بووە و قسە و زانیارییەکانی بۆ خۆی سەرچاوەی گرنگ لە مێژووی ئەو شۆڕشەدا.



سەبارەت بە شۆڕشی گوڵانی پێشکەوتنخواز و ڕۆڵی سەرکردایەتیی کاتی پارتی لە هەڵگیرسانەوەی شۆڕشی گوڵاندا، پێشتر لە دیدارێکدا یونس ڕۆژبەیانی گوتوویەتی: بە ڕاستی پیلانی جەزائیر و وەستانی شۆڕش، بڕیارێکی سیاسی بوو، ئێمە شکستێکی سەربازیمان نەخواردە، بەڵکو ڕێزم لە شکست دابوو، بە ئیعترافی خۆیان، هەر بۆیەش پەنایان بردە بەر ئەو پیلانە، کە چوونە ئێرانیش بۆ ئەوەی نەچوون وەک پەناهەندە و موجاهید لەوێ بژین یان بمانژێنن، بە پێچەوانەوە بۆ ئەوە چوون کە لە نزیکترین دەرفەتدا بۆمان هەڵبکەوێت دووبارە بێینەوە کوردستان و دریژە بە خەباتی خۆمان بدەینەوە بۆ ئەم مەبەستەش بوو من فەرمانم پێکرا کە بچم بۆ ئۆردوگای سەراب نیلۆفەر لە کرمانشان، ئۆردوگای تایبەتی ئەو پێشمەرگانە بوو کە خێزان و منداڵیان لەگەڵ نەبوو و زۆربەشیان پێشمەرگە چاو نەترسەکانی هێزی ڕزگاری و پەروەردەی دەشتی کەرکووک و گەرمیان بوون، بۆ ئەوەش چووبوون ڕێکیان بخەینەوە و لە هەلومەرجی خۆیدا بیانگەڕێنینەوە کوردستان، ماوەیەک بۆ جێبەجێکردنی ئەو کارە لەوێ ماینەوە، هەڵاڵانی دیکەش لە شوێنانی تر بە هەمان مەبەست لە چالاکیدا بوون بە سەرپەرشتی سەرۆک مەسعود بارزانی، من و کاک ڕەئیس عەبدوڵڵا وەک شانەیەکی ئیشکردن پێکەوە کارمان دەکرد، پەیوەندیمان بە سەرۆک مەسعود بارزانییەوە هەبوو، ناوەناوەش دەچووینە خزمەتی بۆ ئامۆژگاری و پێڕاگەیاندنی کاروبارەکانمان، ڕژێمی ئەوسای ئێرانیش زۆر بە وردی لە دوای چالاکییەکانمان دەگەڕا و لە ئۆردوگاکانی کرمانشان و دەوروبەری هەستیان بە هەڵاڵانی ئێمە کردبوو کە نزیکەی 30 هەڵاڵانیان لەسەر بڕاقی سیاسی تەسلیم بە حکوومەتی عێراق کردەوە، دانیشتنەکانی ئێمە ئەوسا جدیتر بوون و هاتینە سەر ئەوەی بگەڕێینەوە کوردستان، بەڵام پاش مەشورەتکردنمان بە بارزانیی نەمر کە لە ڕێی سەرۆک مەسعود بارزانییەوە ئەنجامدرا، ئامۆژگاری وابوو پەلە نەکەین، بڕیە بە ئومێدی باشتربوونی بارودۆخەکە پەرەی دەسەند و هەرچەندە دەزگاکانی ڕژێمی شاهەنشاش زۆر بە وردی لە دوامان دەگەڕان، لەو ماوەیەشدا زۆمارەیەک لە برادەرانمان وەک ئەندامی سەرکردایەتی دەستنیشانکرد بۆ هەڵسوڕاندنی ئەو ئامانجە، دوو هەڤاڵ لەو بڕیارنەی سەرکردایەتیی کاتی لەلایەن ساواکی ئێرانەوە دەستگیرکران، ئەو کاتە من ماڵم لە مەهاباد بوو، ئێوارە کە گەڕامەوە بۆ ماڵ، دەبینم کاک جەهەر نامیق و کاک کەریم سنجاری کە هەردووکیان ئەندامی سەرکردایەتیی کاتی بوون، ئەوانیش لە ماڵی ئێمەن و خەبەری گرتنی کاک عارف تەیفوور و کاک حەمە ڕەزام لەوانزانی، دەبوو چارەسەرێک بۆ کاک جەوهەر و کاک کەریم بدۆزنەوە، دەنا ئەوانیش دەسگیردەکران، بۆ ئەم مەبەستەش پەیوەندیان بە خوالێخۆشبێت ئەسعەد خۆشەوی کرد کە جەنابی بارزانی و کاک مەسعود ئەوەمە لە تاران بوون، پەیوەندیان پێوەکرا و دوایی ئەسعەد خۆشەوی دەلیلی بۆ پەیداکردن و ئەو دوو هەڤاڵەمان نارەنە ناوچەی بادینان، کە ئەوسا هەرێمی یەک بوو، خۆی هەر لە ئەسڵیشدا نەخشەکە وابوو کە ئەوان لەوێ کاری خۆیان ڕاپەڕاند، ئێمەیش لەسەر کارەکانی خۆمان بەردەوامبووین، ڕژێمی شا زۆر تەنگاو بوو و زەختێکی زۆری خستە سەرمان و خەڵکەکەیان بە سەرانسەری ئێراندا پەرشوبڵاوکردەوە و نەشیانتوانی بەڵگەمان لەسەر بگرن و زیندانیمان بکەن، بەڵام نیمچە زیندانییەک بووین، زۆر کەسیان برد و لەسەرکاریان دامەزراند، نەک بۆ ئەوەی بیانژێنن، بەڵکو بۆ ئەوەی لەبەر چاویان دوورنەکەونەوە، لەو سەردەمەدا بوو بارزانیی نەمر دووچاری نەخۆشی ببوو، ئەوەبوو دواتر کاک مەسعودیش لە خزمەتیدا چوون بۆ دەرەوە، ئەوسا ئیتر بۆ ئەوەی جوانەمەرگمان شەهید ئیدریسی هەمیشە زیندوو ئەرکی سەرجەم ئەو چالاکییانەی خستە ئەستۆی خۆی، ئەو هەڤاڵانەی گەیشتبوونەوە کوردستان، زەمینەیان بۆ هەڵگیرسانەوەی شۆڕش خۆشکرد، ئەوەبوو لە 1976/5/26 خەباتی چەکداری دەستپێکردەوە و ڕژێم دیار بوو خەریکی پیادەکردنی نەخشەی چۆڵکردنی گوندنشینەکان بوو، ڕاگوێزانی گوندنشینەکان بوو، هەڤاڵان لە ناوچەی بادینان تا ڕادەیەک کاروباری خۆیان ڕێکخستبوو، بڕیاری بەرگریکردنیاندا و خەباتی چەکداریش دەستپێکرد، دەنا تا ئەوسا بڕیار لەسەر ڕێکخستن و خەباتی نهێنی و سیاسی بوو، بەڵام لەبەر ئەو هۆیە سەرکردایەتیی کاتی بڕیاری ئەوەی دا کە بە هێز بەرگری لە خەڵک و سەروەت و سامانی خەڵکە بکەین و نەهێڵین ڕژێم بە ئاسانی لە خاک و نیشتمانی خۆمان دەرمان بکەن، مەجموعەیەکی تری برادەران لە ناوچەی سۆران بوون ئەوانیش هەر لەو کاتەدا پەلاماری سەربازگەکانی دوژمنیان دا، لەوانە عەلیکۆ و مەجموعەکەی هاتووچۆ هەبوو، ئەو کاتە ئیدریس بارزانی، هەمیشە زیندوو، سەرپەرشتی ئەو کارانەی دەکرد، ئیتر بەردەوامبووین و لەناو ئێران خەڵکمان ڕێکدەخست و دەماننارد بۆ کوردستان، منیش دەبووایە بچمە هەرێمی دوو، بەڵام بەر لە سەفەرکردنم بەسێ چوار ڕۆژێک دیاربوو ڕای سەرۆک مەسعود بارزانی و ئیدریسی ڕەحمەتیش لەسەر بوو لەبەر زۆرفێک کە لەوێ هاتە پێش، منیش چووم بۆ هەرێمی یەک، بەر لە من، کاک حەمید ئەفەندیش چوو بوو، منیش لەگەڵ مەجموعەیەکی 10 بۆ 12 کەسی لەم پێشمەرگانە کە پێشتر لەگەڵم بوون، بەرێکەوتین بۆ هەرێمی بادینان، ئەو دوانزە کەسە بە جیاجیا ڕۆیشتین و لە ناوچەی چالدێران یەکمان گرتەوە، لەوێوە هاتینە ناوچەی سیدەکان، کاک حەمید ئەفەندی پێشتر هاتبووە ئەوێ، بەڵام ئێمە کەسمان چەکمان لانەبوو، من لەوێ دەمانچەیەکم پەیدا کرد، ئێمە هەموو بە پشتی خاڵی هاتینەوە کوردستان و بەو چەکانەی کە خەڵک بە ئەمانەت پێمانی دەدا، خۆمان دەپاراست، بای ئەوەندە چەکمان لە دەست ڕژێم گرت کە بتوانین کاروباری خۆمانی پێ ڕاپەڕێنین و زیانی دوژمنیش بەو جۆرە زۆر زۆر تر بوو لەوەی کە بەر پێشمەرگە دەکەوت، لەو شەڕانەی کە لە ناوچەی سیدەکان و میرگەسۆر و مزووری و ئەو ناوچانەی کە من لێی بوومە، زۆر جار شەڕی ئەو پاڵەوانانە لەگەڵ ڕژێمدا کردوویان بۆ خۆیان داستانێکی قارەمانێتی پر لە وێنەوی پێشمەرگەکانی گوڵان بوو وەک شەڕی پارتیزانی دوژمنیان دەشکان. یونس محەمەد سەلیم ڕۆژبەیانی، ناسراو بە مولازم یونس ڕۆژبەیانی ساڵی 1944 لە گوندی زیلکان سەر بە قەزای شێخان لە پارێزگای دهۆک لە دایکبووە، خوێندنی دواناوەندی لە مووسڵ تەواوکردووە و ساڵی 1961 چووەتە کۆلیژی سەربازی و ساڵی 1963 بە پلەی مولازم گەیشتووە، ناوبراو بەر لە چوونی بۆ کۆلیژی سەربازی، ئەندامی یەکێتی قوتابیانی کوردستان بووە و بووەتە ئەندامی پارتی، لە ساڵی 1971 پەیوەندی بە شۆڕشی مەزنی ئەیلوولەوە کردووە و لە سەرەتای ساڵی 1972دا کراوە بە جێگری فەرماندەی هێزی باڵەک و لە ساڵی 1973 ئەرکی فەرماندەیی بەتاڵیۆنی زۆزکی پێسپێردراوە و ساڵی 1974 کراوە بە فەرماندەی هێزەکانی سەرچیا، ئەرکی فەرماندەیی دوو بەرەی شەڕی زۆزک و گەرووی عومەر ئاغای لە ئەستۆ بووە و لە دوای نسکۆش لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ماوەتەوە، لە هاوینی ساڵی 1977دا پەیوەندی بە شۆڕشی گوڵانەوە کردووە و بەرپرسیاریتی سیاسی و سەربازی لە ئەستۆ گرتووە لە شەڕەکانی ئەو ناوچانە لە ساڵی 1979 لە کۆنگرەی نۆیەمی پارتی دیموکراتی کوردستان بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردراوە و کراوە بە بەرپرسی لقی3ی پارتی لە کەرکووک، ساڵی 1980 گەڕاوەتەوە بۆ بارەگای مەکتەبی سیاسی و دواتر بۆ ماوەی حەوت مانگ لە ناوچەی مێرگەسۆر بووە و دواتر گەڕاوەتەوە زێوە، ساڵی 1988 بووەتە بەرپرسی مەکتەبی عەسکەری پارتی و فەرماندەی شەڕی 46 ڕۆژەی داستانی خواکورک، بەر لە ڕاپەڕینی ساڵی1991 لەگەڵ سەرۆک بارزانی گەڕاوەتەوە بۆ باشووری کوردستان لە مەکتەبی سەرۆک بارزانی هاوکاری سەرۆک بارزانی کردووە و لە یەکەم هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستانیش بۆتە ئەندامی پەرلەمان و دواتر پۆستی وەزیری ناوخۆی وەرگرتووە لە کابینەی یەکەم و دووەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان کراوە بە فەرماندەی هەڵگورد، ساڵی 2000 بووەتە بەرپرسی لقی 11ی پشدەر و بتوێن و ساڵی 2004 بەرپرسی لقی 14ی مووسڵ بووە و ساڵی 2005 گەڕاوەتەوە بۆ سەرکردایەتیی پارتی، لە کۆنگرەی 13ی پارتی ساڵی 2010 بە ئەندامی ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی هەڵبژێردراوە و هاوکات شەرفی وەرگرتنی میدالیای بارزانی وەرگرتووە و تا ئێستا فەرماندە و پێشمەرگەیەکی هەمان ڕێبازە و بەردەوامە لە خەبات و تێکۆشان.



پەرلەمانی کوردستان PUKMEDIA بەدرۆ دەخاتەوە

پەرلەمانی کوردستان، ڕوونکردنەوەیەکی سەبارەت بە هەواڵێکی سایتی PUKMEDIA بڵاوکردەوە، کە لە ڕۆژی 2019/5/22 لەژێر ناوونیشانی "سەردانی تورکیا لە منی قەهوەچی قەدەغە دەکرێت"، بڵاوکراوەتەوە، ئەمەی خوارەوەش دەقی ڕوونکردنەوەکەیە:

سایتی PUKMEDIA لە ڕۆژی 2019/5/22 هەواڵێکی لەژێر ناوونیشانی "سەردانی تورکیا لە منی قەهوەچی قەدەغە دەکرێت"، بڵاوکردۆتەوە، کەتیایدا گوایە لە سەرچاوەیەکی ئاگادارەوە پێیان ڕاگەیەندراوە کە "منی نبی قەهوەچی"، سەردانیکردنی تورکیای لێ قەدەغە کراوە و ناتوانێت بچێتە ئەو وڵاتەوە، هەروەها تورکمانەکان لەهەرێمی کوردستان لەمەودوا بەنوێنەری خۆیانی نازانن و پەیوەندییان پێوەی نەماوە، ئێمە وەک پەرلەمانی کوردستان ڕایدەگەیەنین کە ئەو هەواڵە دوورە لە ڕاستییەوە و لەم چەند خاڵەی خوارەوەدا ڕوونکردنەوەیەک بۆ ڕای گشتی بڵاو دەکەینەوە:

1- قەدەغەکردنی سەردانیکردنی بەرپرسیان پەیوەندیی بەکاتی ئەنجامدانی ڕیفراندۆمەوە هەیە کە بەرپرسیان ئەندام بووە لە ئەنجوومەنی باڵای ڕیفراندۆم.

2- منی نبی قەهوەچی، سکرتێری پەرلەمانی کوردستان، کاندیدی فراکسیۆنە تورکمانییەکان بووە و بەدەنگی 59 پەرلەمانتار لەدانیشتنی یەکەمی خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان لە ڕۆژی 2019/2/18 لەسەر پشکی پێکهاتەی تورکمان بۆ ئەو پۆستە هەڵبژێردرا.

3- سەرجەم حزب و لایەنە سیاسییە تورکمانەکان لە ئێستادا پەیوەندییەکی باشیان لەگەڵیدا هەیە و بەردەوامە و بەنوێنەری خۆیانی دەزانن لەو پۆستەدا.

جێگری سەرۆکی پەرلەمان پێشوازیی لە شاندێکی کەسوکاری ونبووەکانی کیمیابارانی هەڵەبجە و کۆمەڵەی قوربانیانی هەڵەبجە کرد

لە ڕۆژی جیهانیی منداڵە ونبووەکاندا، دوێنێ شەمە 25ی ئایاری 2019 هێمن هەورامی، جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان، پێشوازیی لە شاندێکی کەسوکاری ونبووەکانی کیمیابارانی هەڵەبجەو کۆمەڵەی قوربانیانی کیمیابارانی هەڵەبجە کرد. لە دیدارێکدا کە سەوسەن محەمەد میرخان، سەرۆکی لیژنەی کاروباری شەهیدان و جینۆسایدو زیندانیانی سیاسی لە پەرلەمانی کوردستان و پارێزەرو نوێنەرانی ئەو خێزانانەی هەڵەبجە کە لەکیمیابارانی 1988دا منداڵیان ونبووە ئامادەی بوون، شاندی میوان یاداشتێکیان پێشکەش بە جێگری سەرۆکی پەرلەمان کرد تیایدا داویان کردبوو کە لە ڕێگەی پرۆژە یاسایەک و بە یاساییکردنی کەیسی ونبووەکان، لەچوارچێوەی یاسادا لەگەڵ لایەنی پەیوەندیدار کارئاسانیی زیاتر بۆ دۆزینەوەی منداڵەکانیان بکرێت، کە تائێستا 74 خێزان، نزیکەی 170 منداڵی ونبوویان تۆمار کردووە. هەروەها جەخت لەسەر هەماهەنگیی زیاتر کرایەوە تا لەکابینەی نوێ ڕێوشوێنی پێویست بگیرێتەبەرو لەوبارەیەوە هێمن هەورامی، و لیژنەی کاروباری یاساییی پەرلەمان، لەگەڵ لایەنی پەیوەندیدار لە حکومەتی هەرێم ئەنجام بدرێت بۆ ئامادەکردنی پرۆژەیاسایەک یو دەرکردنی یاسایەک کە شایستە بێت بە کەسوکاری قوربانیان و دۆزینەوەی منداڵە ونبووەکان. هەروەها جەختی لە بوونی ناوەندێکی پشکنینی پێشکەوتووی دی ئێن ئەی بەستانداردی جیهانی لەکوردستان کردەوە.

ڕەوەندی لوبنانی لە کوردستان بۆ پرسەی بەتریارک سفێر کۆدەبنەوە



دوێنێ شەمە، گردبوونەوەی ڕەوەندی کوردی لە هەرێمی کوردستان پێشوازییان لە میوانان کرد بەبۆنەی کۆچی دوایی بەتریارکی مارۆنی مار نەسروولا سفێر کە لە 12ی ئەم مانگە لە لوبنان و لەتەمەنی 99 ساڵی چووە بەر دلۆقانی خوا. پرسەکە لە بارەگای ڕەوەندی لوبنانی لە شاری هەولێر بەڕێوەچوو، بە ئامادەبوونی هاوڵاتیانی لوبنانی دانیشتووی هەرێمی کوردستان بە هەموو پێکهاتەکانیانەوە، هەروەها بەرپرسانی حکوومی و حیزبی بەشداری پرسەکەیان کردو هاوخەمی خۆیان گەیاندە بەرپرسان و ئامادەبووانی لوبنانی و هیوایان خواست دوا کۆستیان بێت. جێی باسە، بەتریارکی مارۆنی نەسروولا سفێر لە دایکبووی ساڵی 1920 بوو، لە 7ی ئایار ساڵی 1950 پلەی ئایینی وەرگرتبوو تا گەیشت بە دوایین پلەی ئایینی، لە ساڵی 2011 بەهۆی نەخۆشی وازی لە پلەکەی هێنا.

www.xebat.net
یەک شەمە 2019/5/26 ژمارە (5757)

نێچیرڤان بارزانی کاندیدی پارتی و یەکێتی و گۆڕان و پێکهاتەکانیشە

وتەبێژی فراکسیۆنی پارتی لە پەرلەمانی کوردستان بۆ خەبات:
ئەم هەفتەیە پەرلەمانی کوردستان کۆدەبێتەوە و سەرۆکی هەرێم هەڵدەبژێردرێت

خودی جەنابی سەرۆک و کاک مەسروور بارزانی دەستکراوەیان کردووین لەوەی چاوپۆشی لە هیچ جۆرە گەندەڵییەک نەکەین



وتەبێژی فراکسیۆنی پارتی لە پەرلەمانی کوردستان دەڵێت: بەحکومی ئەوەی بەڕێز نێچیرڤان بارزانی کاندیدی پارتی و یەکێتی و گۆڕان و پێکهاتەکانە و هەموو ئەو لایەنانەیە کە ڕێککەوتنامان هەیە لەگەڵیان بۆ پێکهێنانی حکوومەت چاوەڕوان دەکەین زیاتر لە 90 دەنگی پەرلەمانتاران بەدەست بهێنێت. لەبارەی ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی لەم خولەی پەرلەماندا؟ پێشەوا هەورامانی دەڵێت: چاوپۆشی لە گەندەڵی هیچ کاربەدەستێکی حکوومەت ناکەین، ئەگەر وەزیرێک یان کاربەدەستەکە پارتیش بێت.

بەدواداچوون: عەلی بانیشاری

وتەبێژی فراکسیۆنی پارتی لە پەرلەمانی کوردستان بە(خەبات)ی ڕاگەیاند" لەم هەفتەیەدا کۆبوونەوەی پەرلەمانی کوردستان دەکرێت و کاندیدی سەرۆکی هەرێم بە غیابی هەڵدەبژێردرێت، پاش هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێم ماوەیەک دیاری دەکرێت بۆ ئەوەی بێتە پەرلەمان و سوێند بخوات". سەبارەت بە ڕێکەوتنی لایەنەکان لەسەر دەنگ بە بەڕێز نێچیرڤان بارزانی؟ پێشەوا هەورامانی گوتی" بەڕێز نێچیرڤان بارزانی کاندیدی پارتی و یەکێتی و گۆڕان و پێکهاتەی تورکمان و مەسیحیەکانە بۆ سەرۆکی هەرێم کوردستان و پێشتر ڕێکەوتن لەوبارەیەوە کراوە و ئەو لایەنانە وتوویانە کە بەڕێز نێچیرڤان بارزانی تەنها کاندیدی پارتی نییە". ناوبراو گوتیشی" بەپێی ڕێکەوتنی پارتی لەگەڵ لایەنەکان، چاوەڕوان دەکەین بەڕێز نێچیرڤان بارزانی زیاتر لە 90 دەنگی پەرلەمانتاران بەدەست بهێنێت، ئەو دەنگانەی دیکەش کە دەمێننەوە لەگەڵ دەنگدان نین بە بەڕێز نێچیرڤان بارزانی". لەبارەی چوار کاندیدەکەی دیکەی بۆ پۆستی سەرۆکی هەرێم؟ هەورامانی گوتی: ئەوانەی خۆیان کاندید کردووە بۆ ئەو پۆستە و هاتوونەتە ناو پرۆسەیەکی وەها دەزانن ئەنجامەکەی چۆنە، بۆیە پێموایە ئەوە پێی ناوترێت منافەسە، ئەگەر ئەو کاندیدانە 40-50 دەنگی پەرلەمانتارانیان بەدەست بهێنایە ئەوکات ناوی لێدەنرا منافەسە".

سەبارەت بەکاتی پێکهێنانی کابینەی نوێ؟ وتەبێژی فراکسیۆنی پارتی لە پەرلەمانی کوردستان دەڵێ" دوای دەستبەکاربوونی سەرۆکی هەرێم، کاندیدی سەرۆکی حکوومەت ڕادەسپێردێت بۆ ئەوەی لەماوەی 30 ڕۆژدا کابینەکە پێکبهێنێت. پێشەوا هەورامانی پێی وایە کەمتر لەو 30 ڕۆژە حکوومەت پێکدەهێنرێت.

لەبارەی ڕادەستکردنەوەی پۆستی سەرۆکی پەرلەمان بە یەکێتی نیشتیمانی کوردستان؟ وتەبێژی فراکسیۆنی پارتی گوتی" یەکێتی کەی خۆیان یەکلایکردەوە و کەسێکیان بۆ ئەو پۆستە دیاریکرد، بێگومان ئێمە ئامادەین پۆستی سەرۆکی پەرلەمانیان بدەینەوە، پارتی ئەو پۆستەی وەرگرتووە تا ئەو کاتەی یەکێتی دێتە پێشەوە و کاندیدی خۆی دیاری دەکات".

لەوەڵامی ئەو پرسیارەی کە تا چەند پەرلەمانتاران لەم خولەدا لێپرسینەوە لە کاربەدەستانی حکوومەت دەکەن؟ پێشەوا هەورامانی گوتی: چاوپۆشی لە هیچ گەندەڵییەک ناکەین و سەرۆکایەتی پارتی و خودی جەنابی سەرۆک و کاک مەسروور بارزانیش لە کاتی دانیشتنیان لەگەڵ پەرلەمانتارانی فراکسیۆنی پارتی لە پەرلەمانی کوردستان دەستکراوەیان کردووین لەوەی کە هیچ جۆرە گەندەڵییەک نەکەین و پەنجە بخرێتە سەر کەموکوڕییەکان.

وتەبێژی فراکسیۆنی پارتی لە پەرلەمانی کوردستان گوتیشی: ئەگەر وەزیرێک یان کاربەدەستێکی حکوومەت گەندەڵی هەبێت و پارتیش بێت بێگومان چاوپۆشی لێ ناکرێت و لێپرسینەوەی لەگەڵدا دەکرێت.

تێریزا مای
دەست لەکار کێشانەوەی خۆی ڕاگەیاند

تیرێزا مای: نەمتوانی بڕێکسیت بخەمە واری جێبەجێکردنەوە، ئەوەش پەشیمانییەکی قوواڵی لای من دروست کرد

دۆناڵد ترامپ: دڵگران بووم بۆ تیرێزا، ئەوم زۆر خۆشدەوێت، ئەوەی بۆ چاکەی وڵاتەکەی خۆی کرد

ڕووسیا: حوزەیران کۆتایی بە ئایار دەهێنێت، تێریزا هیچی بۆ پەیوەندییەکانی نێوان ڕووسیا و بەریتانیا نەکرد



سەرۆک وەزیرانی بەریتانیا، تێریزا مەی، ئاشکرایکرد ڕۆژی 7ی حوزەیران دەست لە پۆستی سەرۆکایەتی پارتەکەی دەکێشێتەوە. مای گوتیشی: ئەوەی کە نەمتوانیوە بڕێکسیت بخەمە واری جێبەجێکردنەوە، پەشیمانییەکی قوواڵی لای من دروستکردووە و هەر بەو شێوەیەش دەمێنێتەوە. ئەو جەختی لەوەشکردەوە تا هەڵبژاردنی سەرۆکی نوێی پارتەکە درێژە بە بە کارەکەی لە سەرۆکایەتی وەزیران دەدات.

خەبات: هەولێر

تێریزا مای کە ماوەی نزیکەی سێ ساڵە پۆستی سەرۆکایەتی وەزیرانی بەریتانیا بەڕێوەدەبات، لە کۆتایی گوتەکانیدا سەبارەت بە دەست لە کارکێشانەوەی، نەیتوانی بەسەر هاتنە خوارەوەی فرمێسکەکانیدا زاڵبێت.

ئەو دوای ئەوەی لە ناوەڕاستی ئەم هەفتەیەدا وردەکاریی پاکێجی نوێی ڕێکەوتنی بڕێکسیتی ئاشکراکردبوو، بەڕەوڕووی کاردانەوەی کابینەکەی و پەرلەمانتاران ببوویەوە.

شیاوی ئاماژەیە پێشتریش سێ جار ڕێکەوتنەکانی مای لەبارەی بڕێکسیتەوە لەگەڵ یەکێتیی ئەورووپادا، لە پەرلەمان ڕەتکرابوونەوە، بۆیەش چاوەڕوان دەکرێت پارتەکەی مەی، پارتی پارێزگاران، لە هەڵبژاردنی دوو ڕۆژی ڕابردووی پەرلەمانی ئەورووپادا، تووشی شکستێکی گەورە ببێت.

تێریزا مای بووە دووەمین سەرۆک وەزیران کە بەهۆی بڕێکسیتەوە دەستلەکار بکێشێتەوە.

سەرۆک وەزیرانی بەریتانیا، تێریزا مای لە دوای دەست لەکار کێشانەوەی سەرۆک وەزیرانی پێشووی بەریتانیا، دەیڤید کامیرۆن بووە دووەم سەرۆک وەزیرانی قوربانی دەستی قۆناغی بڕێکسیت.

دوای ئەوەی مای ڕایگەیاند کە لە 7ی حوزەیران دەست لەکار کێشانەوەی خۆی لە سەرۆکایەتی پارتەکەی ڕادەگەیەنێت، ئیتر بە دوای سەرۆکێکی نوێ دەگەڕێن بۆ ئەوەی قۆناغی بڕێکسیت بە ئاراستەیەکی نوێدا ببات.

دەستنیشان دەکات، ئەوا ئەرکی سەرۆکایەتی وەزیران بەڕێوە دەبات و بەم شێوەیەش بووە دووەمین سەرۆکوەزیران کە بەهۆی قۆناغی بڕێکسیتەوە دەست لەکار بکێشێتەوە.

سەرۆکی ئەمەریکا دۆناڵد ترامپ، لەبەرانبەر ئەو دەست لەکار کێشانەوەیەی تیرێزا مای ڕایگەیاند کە ئەو دڵگران بووە بە بڕیاری دەستلەکار کێشانەوەی سەرۆک وەزیرانی بەریتانیا و گوتی: ئەوەی بۆ چاکەی وڵاتەکەی خۆی کرد. سەرۆکی ئەمەریکا، دۆناڵد ترامپ لەمبارەیەوە گوتی: دڵگران بووم بۆ تیرێزا، ئەوم زۆر خۆشدەوێت، ئافرەتێکی باشە، زۆر زیرەک و بەهێزە، بڕیارێکی دەرکرد کە بەشێکی خەڵک بە سوپرایز و بەشێکی دیکە بە ئاسایی پێشوازیان لێ کرد، بەڵام ئەوەی بۆ چاکەی وڵاتەکەی خۆی کرد، ئەوم خۆشدەوێت، لەکاتێکدا دوو حەفتەی دیکە کۆدەبینەوە.

بە پێچەوانەی هەڵوێستی ئەمەریکا لەسەر زاری دۆناڵد ترامپ، گوتەبێژی کۆشکی کرێملین، دیمیتری پێسکۆڤ لەبارەی دەست لەکار کێشانەوەی سەرۆک وەزیرانی بەریتانیا، تێریزا مای ڕایگەیاند کە مای هیچ کارێکی نەکردووە لەبارەی پێشخستنی پەیوەندییە دووقۆڵییەکانی نێوان ڕووسیا و بەریتانیا.

پێسکۆڤ ڕاشیگەیاند کە لە سەردەمی سەرۆکایەتی وەزیرانی تیرێزا مای، پەیوەندی نێوان ڕووسیا و بەریتانیا بە قۆناغێکی سەخت تێپەڕبووە و گوتیشی: "هیچ هەوڵێکی (مای) بەبیرم نایەت لەبارەی پێشخستنی پەیوەندی دووقۆڵی نێوان بەریتانیا و ڕووسیا.

پێسکۆڤ ڕاشیگەیاند کە ئەو ئاماده نییە باس لە بڕیاری دەست لەکار کێشانەوەی مای بکات و جەختیشی لەوە کردەوە کە ئەوان لە نزیکەوە چاودێریی قۆناغی بڕێکسیت دەکەن و یەکێتی ئەورووپاش هاوبەشێکی گرنگی بازرگانی ڕووسیایە.

لەلایەکی دیکەش گوتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ڕووسیا، ماریا زاخارۆڤا لەبارەی دەست لەکار کێشانەوەی مای ئاماژەی بەوەدا کە وشەی مای لە زمانی ئینگلیزی بە مانای ئایار دێت و لەمبارەیەوە گوتی: زۆر لۆژیکییانەیە، حوزەیران کۆتایی بە ئایار دەهێنێت (June ends May).





کاریگەری و پێگەی رەوەندی کورد لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی یەکێتی ئەورووپا

لە خولی تازەی هەڵبژاردنی یەکێتی ئەورووپا 5 چالاکوانی سیاسی کورد بەربژێرن بۆ ئەندامێتی لە پەرلەمانی یەکێتی ئەورووپا



پەیوەندییەکانی دەرەوەی یەکێتی ئەورووپا، کە باسی عێراقی کردبێت بەردەوام پشتگیری لە پێگەی هەرێمی کوردستان و مافە دەستوورییەکانی گەلی کورد کردووە

ئا: ئەمیر جەرگیس*

پەرلەمانی یەکێتی ئەورووپا یەکەمین پەرلەمانی فرەنەتەوەیە کە هاوشێوەی لە جیهاندا نییە و نوێنەرایەتی(500)ملیۆن کەس دەکات و لە دانیشتووانی 28 وڵاتی ئەندام و دیموکراتیخواز پێکهاتووە. یەکێتی ئەورووپا یەکێتییەکی ئارەزوومەندانەی وڵاتانی ئەندامە بۆ گرێدان و ریککەوتنی ئابووری و سیاسیی نێوانیان لەسەر بنەمای دابینکردنی ژیانێکی ئازاد و ئاشتییانە و ئاسوودەیی بۆ هاوڵاتیانیان لە یەکێتیەکەدا، کە لە(751نوێنەر و پەرلەمانتاری وڵاتانی ئەندامی یەکێتییەکە پێکهاتووە و لە هەڵبژاردنەکانی 2019دا (400) ملیۆن کەس لە ڕۆژانی نێوان 23- 2019/5/26 لە دانیشتوانی یەکێتیی ئەورووپا مافی دەنگدانیان دەبێت.

هەڵبژاردنی پەرلەمانی یەکێتی ئەورووپا هەر پێنج ساڵ جارێک بەڕێوە دەچێت. سەرەتای پرۆسەی یەکگرتنی ئەورووپا دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی پاش کۆتاییهاتنی جەنگی جیهانی دووەم و دامەزراندنی یەکەمین کۆمەڵگای ئابووری ئەورووپی لە نێوان شەش وڵاتی ئەورووپای ڕۆژئاوا کە بریتی بوون لە (فەرەنسا ، ئەڵمانیای ڕۆژئاوا، ئیتاڵیا، بەلجیکا، هۆڵەندا و لۆکسمبۆرگ)، کە دواتر لە ساڵی 1951دا پەیمانی پاریس لە نێوانیاندا واژۆ کرا.

لە ئێستادا وڵاتانی ئەندام لە یەکێتیی ئەورووپا دا بریتین لە وڵاتانی :نەمسا ، بەلجیکا، سوید، بولگاریا، کرواتیا فینلەندا، قوبرس، کۆماری چیک،ئێستۆنیا، دانیمارک،فەرەنسا، شانشینی بریتانیا، هنگاریا، ئەڵمانیا، پۆڵۆنیا، ئیرلەندا،لاتڤیا، هۆڵەندا، لیتوانیا، لۆکسەمبۆرگ،پۆرتوگال ، مالتا، سلۆڤاکیا، ڕۆمانیا، ئیسپانیا،سلۆڤینیا، یۆنان و ئیتاڵیا.

خەونی گەیشتنی کوردانی چالاکوانی سیاسی لە دیاسپۆرا چەند ساڵێکە دەستی پێکردووە بۆ گەیشتن بە پەرلەمانی یەکێتیی ئەورووپا ، لە سەرجەم وڵاتانی ئەندام و نا ئەندام لە یەکێتی ئەورووپا دا نزیکەی (2) ملیۆن کورد دەژین کە ملیۆنێک و سێسەد هەزاریان تەنیا لە کۆماری ئەڵمانیای فیدراڵ دەژین و بە هۆی پەرتەوازەیی سیاسی و نەبوونی یەکڕیزی و لاوازی چالاکی لۆبیگەری و کاری ڕێکخراوەیی کە لە بوارەکانی سیاسی، کۆمەڵایەتی، کەلتووری و بازرگانی و نەبوونی یەکەهەڵوێستی لە پرسە نیشتیمانی و نەتەوەییەکاندا، دابڕان و دوورکەوتنەوەیان لە نیشتیمان، کاریگەرییەکی سەرەکی بووە کە هەست بە گەورەیی تواناکانیان نەکەن بۆ بەکارهێنانی دەنگی خۆیان، کە لەسەر ئاستی وڵاتانی ئەورووپا و بە تایبەتی لە وڵاتانی ئەندام لە یەکێتی ئەورووپادا نوێنەری خۆیان هەبێت لە پەرلەمان و ئەنجوومەنی پارێزگاکان و شارەوانییەکان و دامەزراوە گرنگەکانی وڵاتانی ئەورووپا و پەرلەمانی یەکێتیی ئەورووپاش دا لە 2014دا (8)بەربژێری کورد کاندید بوون لە چەند وڵاتێکی ئەندامی یەکێتی ئەورووپا، بەڵام هیچ کامیان دەنگی پێویستیان مسۆگەر نەکرد و دەرنەچوون.

لە خولی تازەی هەڵبژاردنی یەکێتی ئەورووپا لە 2019دا (5)چالاکوانی سیاسی کورد بەربژێرن بۆ ئەندامێتی لە پەرلەمانی یەکێتی ئەورووپا، کە لە بواری سیاسی و تێکەڵاوی ڕۆڵیان هەبووە لە نێو پارتێکی سیاسیی و بڕیاری بەربژێرکردنیان دراوە لە هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی یەکێتیی ئەورووپای 2019دا کە بریتین لەم وڵاتانەی خوارەوە:

لە وڵاتی شاهانەی سوید:



ڕەچەڵەک کوردەکان لە ئەورووپا.

– خاتوو سوهەیلا فۆش کەلهوڕ، لەسەر ناوی پارتی کریستیان دیموکراتی سویدی کاندیدە کە چالاکوانێکی سیاسی بواری کۆمەڵایەتی و پرسی ئافرەتان و خێرخوازییە لە سوید و خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە.

– لە وڵاتی شاهانەی هۆڵەندا، خاتوو شەم ئەحمەد، چالاکوانی سیاسی کورد، کاندیدی پارتی کرێکارانی هۆڵەندایە و خەڵکی باشووری کوردستانە.

–لە کۆماری ئەڵمانیای فیدراڵ چالاکوانی سیاسی کورد مەزلوم کۆچ (مۆراد یەلماز) بەربژێری پارتی چەپی ئەڵمانیا (دێ لینکێ) یە.

– لە کۆماری فینلەندا چالاکوانی سیاسی کورد ئالتین ئاسبۆگا ناسراو بە عەلائەدین، بەربژێری پارتی سۆشیال دیموکراتی ئەم وڵاتەیە.

– هەروا لەسەر ئاستی ئەورووپا لە ڕابردوودا ژمارەیەک چالاکوانی سیاسیی کورد کە لە ڕیزەکانی پارتە سیاسییەکانی وڵاتانی ئەورووپا دا چالاکن و کاندیدی پارتەکانیان بوون بۆ وەرگرتنی پۆستی ئەندامی پەرلەمان، ئەندامی ئەنجوومەنی پارێزگاکان و شارەوانییەکان، کە بە پلەی یەکەم کوردانی نیشتەجێی وڵاتی شاهانەی سوید و لە چەند خوولی ڕابردووی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی سوید 6-4 پەرلەمانتاری بە پێی دەنگی دەنگدەرانی کورد چەند نوێنەر و پەرلەمانتارێکیش هەڵبژێرن بۆ پەرلەمانی یەکێتی ئەورووپا.

کوردانی نیشتەجێی سوید و ئەڵمانیا و بەریتانیا تا ڕادەیەک سەرکەوتووتر بوون لە بواری کاری پەرلەمانی، لە خولەکانی هەڵبژاردنی ساڵانی ڕابردووی پەرلەمانی یەکێتی ئەورووپا دا تەنیا یەک کورد توانییەتی بگاتە پلەی ئەندامێتی لە پەرلەمانی یەکێتی ئەورووپا کە ئەویش خاتوو فەلەکناس خۆجەیەو ئافرەتێکی کوردی باکووری کوردستانە.

لە هەڵبژاردنی خولی ڕابردووی پەرلەمانی یەکێتیی ئەورووپا دا 4 کاندیدی کورد هەبوون کە هەریەکەیان لە لایەن حزبێکی جیاوازەوە بەربژێر کرابوون، بەڵام تەنیا خاتوو ئەڤین ئینجیر، چالاکوانی سیاسی و جێگری بەڕێوەبەری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانی پارتی سۆشیاڵ دیموکراتی فەرمانڕەوای سوید و سەرۆکی پێشووی یەکێتی لاوانی سۆشیال دیموکراتی سویدو دووانیش لە سێیەمین کۆنگرەی لاوانی سۆسیالیست ئینتەر ناشیوناڵ لە مارسی 2014 هەڵبژێردرا بە سەرۆکی یەکێتی لاوانی سۆسیالیست ئینتەر ناشیوناڵ ناوبراو کاندیدە لەسەر ناوی پارتی سۆشیاڵ دیموکراتی سویدی کە هەیە لە نێو کاندیدە بە بەرچاوترەکانی ئەو پارتە بوو بۆ پۆستی سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگاکانی سوید، بەڵام بە هۆی ئەوەی کە ئەو کاتە ئەندامی پارتی سۆشیال دیموکراتی نەبوو لە لایەن ئەندامانی ئەو پارتەوە بۆ ئەو پۆستە پشتگیری نەکرا و ئەو پۆستەی لە دەست دا.

دانیمارک،فەرەنسا، شانشینی بریتانیا، هنگاریا، ئەڵمانیا، پۆڵۆنیا، ئیرلەندا،لاتڤیا، هۆڵەندا، لیتوانیا، لۆکسەمبۆرگ،پۆرتوگال ، مالتا، سلۆڤاکیا، ڕۆمانیا، ئیسپانیا،سلۆڤینیا، یۆنان و ئیتاڵیا.

خەونی گەیشتنی کوردانی چالاکوانی سیاسی لە دیاسپۆرا چەند ساڵێکە دەستی پێکردووە بۆ گەیشتن بە پەرلەمانی یەکێتیی ئەورووپا ، لە سەرجەم وڵاتانی ئەندام و نا ئەندام لە یەکێتی ئەورووپا دا نزیکەی (2) ملیۆن کورد دەژین کە ملیۆنێک و سێسەد هەزاریان لە کۆماری ئەڵمانیای فیدراڵ دەژین و بە هۆی پەرتەوازەیی سیاسی و نەبوونی یەکڕیزی و لاوازی چالاکی لۆبیگەری و کاری ڕێکخراوەیی کە لە بوارەکانی سیاسی، کۆمەڵایەتی، کەلتووری و بازرگانی و نەبوونی یەکەهەڵوێستی لە پرسە نیشتیمانی و نەتەوەییەکاندا، دابڕان و دوورکەوتنەوەیان لە نیشتیمان، کاریگەرییەکی سەرەکی بووە کە هەست بە گەورەیی تواناکانیان نەکەن بۆ بەکارهێنانی دەنگی خۆیان، کە لەسەر ئاستی وڵاتانی ئەورووپا و بە تایبەتی لە وڵاتانی ئەندام لە یەکێتی ئەورووپادا نوێنەری خۆیان هەبێت لە پەرلەمان و ئەنجوومەنی پارێزگاکان و شارەوانییەکان و دامەزراوە گرنگەکانی وڵاتانی ئەورووپا و

ڕەچەڵەک کوردەکان لە ئەورووپا دا لە وڵاتانی ئەندام لە کۆمەڵگەی ئەورووپی دا پەیوەندی لە بواری سیاسی، ئابووری و سەربازی وزە دا هەبووە. ئەم پەیوەندییانە پەیوەندی نێوان وڵاتانی ئەندامی کۆمەڵگەی ئەورووپی بووە لەگەڵ ڕژێمێ بەعس و هیچ پەیوەندیی و ڕێککەوتنی دوو لایەنەی فەرمی نەبووە تا ڕووخانی ڕژێمی بەعس لە 2003دا.زۆرێک لە وڵاتانی ڕۆژئاوای ئەورووپا لە سەردەمی ڕژێمی دیکتاتۆری بەعس و تەنانەت لەسەردەمی شۆرشی ڕزگاریخوازی نیشتیمانی کوردستان بە سەرۆکایەتی مستەفا بارزانی نەمر پەیوەندییەکی پتەوی بازرگانی و سەربازی و وزەیان لەگەڵ عێراق هەبووە کە زۆرجار سەرکردایەتی شۆڕشی کوردستان داوایان لە کۆمەڵگای ئەورووپی و وڵاتانی ئەورووپی کردووە ئەو هاوکارییانەیان بۆ ڕژێمی بەعس ڕابگرن، کە لە دژی شۆڕش و گەلی کورد بەکاری دێنن و کوردستانی پێ وێران دەکەن، گرنگترینی ئەو وڵاتانەیّ لەو سەردەمەدا پەیوەندییان لەگەڵ ڕژێمی عێراق هەبووە بریتیبوون لە ژمارەیەک لە وڵاتانی کۆمۆنیستی ئەورووپای ڕۆژهەڵات و بە تایبەتی ڕووسیا و چیکۆسلۆڤاکیا و چەند وڵاتێکی تر و لە ئەورووپای ڕۆژئاواش ئەڵمانیا و بەریتانیا و فەرەنسا پەیوەندییان لەگەڵ عێراق دا هەبووە.

لە سەرەتای پرۆسەی ئازادی عێراقەوە یەکێتی ئەورووپا هەوڵی داوە بە شێوازی جۆراوجۆر پێگەی سیاسی و ئابووری خۆی لە عێراق و هەرێمی کوردستان بەهێزتر بکات. یەکێتی ئەورووپا و وڵاتانی ئەندامی یەکێتییەکە دیدێکی ستراتیژی درێژخایەنیان هەبووە بۆ داڕشتنەوەی پەیوەندییەکانیان لەگەڵ هەرێمی کوردستان کە هەنگاوەکانی نەبنە مایەی زویرکردنی دەسەڵاتی بەغدا.

ئۆفیسی نوێنەرایەتی یەکێتی ئەورووپا و چەندین کۆنسوڵخانەی فەخری و گشتی و نوێنەرایەتی دیپلۆماسی و بازرگانی چەندین وڵاتی ئەندامی یەکێتیی ئەورووپا لە هەرێمی کوردستان کراوەتەوە، بە هەمان شێوە لە یەکێتی ئەورووپا و چەندین وڵاتی ئەندام لە یەکێتییەکەدا ئۆفیسی نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان هەیە ، لە گۆشەنیگای سیاسەتی یەکێتی ئەورووپادا، یەکێتییەکە ڕێگر نەبووە لە هەوڵی ئەندامانی یەکێتییەکە بۆ نزیکبوونەوە لە هەرێمی کوردستان و بەردوان بە پەیوەندی سیاسی، دیپلۆماسی و بازرگانی و لە چەندین بواری جێی بایەخی نێوان هەردوو لا .

لە چەند ساڵی ڕابردوو دا بە کردەوە لێک نزیکبوون و دان پیانانێک دەبینرێت لە پەیوەندی دۆستانە و پەیوەندی فەرمییان دا لەگەڵ هەرێمی کوردستان، بە تایبەتی دووای ئەوەی پێگەی هەرێمی کوردستان لە چوارچێوەی دەستووری حکومەتی فیدراڵی عێراقدا دانی پیانراوە بە شێوەیەکی فەرمی وەک هەرێمیکی فیدراڵ لە لایەن کۆمەڵگای نیودەوڵەتییەوە دانی پیا نراوە، پێگە و ڕۆڵی حکومەتی هەرێم و سەرکردایەتی سیاسی کوردستان لە ناوخۆی عێراق و لە ناوچەکە و جیهان دا چەسپاوە و لەسەر ئاستی فەرمی و ڕاستەوخۆ خاوەن سیاسەتێکی تایبەت بە خۆیەتی و لە سەر بنەمای بەرژەوەندی هاوبەش لەگەڵ وڵاتانی دەرەوە پەیڕەوی سیاسەت و پەیوەندی دیپلۆماسی خۆی دەکات لەگەڵ وڵاتانی دەرەوە و بووەتە هەرێمێکی جیاوازتر و سەقامگیرتر لەسەر ئاستی عێراق بۆ دابینکردنی ئاشتی و ئارامی و پێشکەوتن و سەقامگیری و بونیاتنانی حکومەتێکی بەهێز و دیموکرات.

لە سیاسەتی دەرەوە و پەیوەندییەکانی خۆیدا حکومەتی هەرێمی کوردستان بایەخێکی تایبەتی بە یەکێتی ئەورووپا داوە و زۆرترین نوێنەرایەتییەکانی حکوومەتی هەرێمیش لە ئەورووپان، کە بە فەرمی ناوی نوێنەرایەتییەکەی حکومەتی هەرێم لە بڕۆکسل بە ناوی نێردەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بۆ یەکێتیی ئەورووپا ناسراوە. فراوانبوونی پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و پەرلەمانی یەکێتی ئەورووپا هۆکارێک بووە کە یەکێتیی ئەورووپا بەردەوام هەڵوێستێکی پۆزەتیڤی هەبووە بەرانبەر بە هەرێمی کوردستان و بە فەرمی لێڕنەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی یەکێتی ئەورووپا، کە باسی عێراقی کردبێت بەردەوام پشتگیری لە پێگەی هەرێمی کوردستان و مافە دەستوورییەکانی گەلی کورد کردووە.

*** بەرپرسی دیسکی ئەورووپای مەکتەبی پەیوەندییەکانی دەرەوەی (پ.د.ک)**

بارەگای بارزانی و بارەگاکانی شۆڕش لە باڵەکایەتی نۆژەن دەکرێنەوە



بەڕێوەبەری لقی 26ی گوڵان ڕایگەیاند، شۆینە میژوویییەکانی شۆڕشی ئەیلوول و گوڵان لە دەڤەری باڵەکایەتی کاریان لەسەر کراوە و لە ساڵی ڕابردوودا چەند بارەگایەکی بارزانی نۆژەن کرانەوە، لە داهاتووشدا چەند بارەگایەکی دیکەی چەندین بارەگایەکی بارزانیی نەمر نۆژەن دەکرێنەوە.

حەسەن حەدۆ، بۆ مالپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستان دەڵێ: شوێنە میژوویییەکانی شۆڕشی ئەیلوول و گوڵان لە دەڤەری باڵەکایەتی کاریان لەسەر کراوە و لە ساڵی ڕابردوودا چەند بارەگایەکی بارزانیی نەمر نۆژەن کرانەوە، لە داهاتووشدا هەموو ئەو شوێنانەی کە ماون، نۆژەن دەکرێنەوە.

حەدۆ گوتیشی: هیوادارین لایەنە پەیوەندیدارەکان زیاتر گرنگی بەو بابەتە بدەن، لەبەر ئەوەی زۆر شوێن لە دەڤەری باڵەکایەتی هەن، کە بارزانیی نەمر لەوێ بووە، خەڵکیش لە هەر چوار پارچەی کوردستان و وڵاتانی جیهانەوە بەردەوام سەردانی بارەگاکانی شۆڕش و بارەگای بارزانیی نەمر دەکەن، بۆیە پێویستە بەوە دەکات کە ئەو شوێنانە نۆژەن بکرێنەوە و زیاتر گرنگی بەو ناوچانە بدرێت.

ئایشێ مەحمود: منداڵە ونبووەکانمان بدۆزنەوە چیتر لەم چاوەڕوانییەدا مەمانهێڵنەوە



لە پارێزگای هەڵەبجە، لەلایەن کەسوکاری منداڵە ونبووەکان و ڕێکخراو و چالاکوانانی بواری کۆمەڵگای مەدەنی، لە مۆنۆمێنتی شەهیدان گردبوونەوەیەک ساز درا و داوای پەلەکردنیان لە دۆزینەوەی منداڵە ونبووەکان کرد.

ئایشێ مەحمود، کە لە ڕۆژی کیمیاباران‌کردنی هەڵەبجەدا پێنج منداڵی لێ ونبوون و تا ئێستاش چارەنووسیان نادیارە، بۆ مالپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستان گوتی: ئێمە سااڵنێکی زۆرە چاوەڕوانی دۆزینەوەی منداڵەکانمانین، داوا لە لایەنی پێوەندیدار لە حکوومەتی عێراق و هەرێمی کوردستان و کۆماری ئیسلامیی ئێران دەکەین، هەماهەنگی بکەن و چارەنووسی منداڵەکانمان دیاری بکرێت و لەم چاوەڕوانییەدا نەمانهێڵنەوە.

هەموو ساڵێک 5-25لە مانگی 3-16 ڕۆژی 1988 حکوومەتی ئەوکاتی عێراق، شاری هەڵەبجەی کیمیاباران کرد، کە تا ئێستاش 77 هاووڵاتیی هەڵەبجە بێسەروشوێنن.

لوقمان عەبدولقادر، سەرۆکی کۆمەڵەی قوربانیانی کیمیابارانی هەڵەبجە، لای خۆیەوە ئاماژەی بۆ ئەوە کرد: بەردەوام لە هەوڵدانین چارەنووسی تەواوی منداڵە ونبووەکانی هەڵەبجە دیاری بکەین، بەاڵم چەندین کۆسپیش لە بەردەماندا هەن، بۆیە داوا لە لایەنی پێوەندیدار دەکەین کارئاسانی زیاتر بکات، بۆ ئەوەی باشتر بتوانین کارەکانی دۆزینەوەی منداڵە ونبووەکان بەرەو پێشەوە بەرین.

کەسوکاری منداڵە ونبووەکانی هەڵەبجە، چالاکوانان و ڕێکخراوەکان، ئەمڕۆ چەندین داواکارییان لە یاداشتێکدا بۆ وەزارەتی شەهیدان و ئەنفالکراوان و حکوومەتی هەرێمی کوردستان بەرز کردەوە، کە داوا دەکەن پەلە بکرێت لە دیاریکردنی چارەنووسی منداڵە ونبووەکانی هەڵەبجە.

پرسەو سەرەخۆشی

بەناوی خوی گەورەو میهرەبان

بۆ هاوکارمان کاک بێتان جەلال

بە داخ و پەژارەوە، هەواڵی کۆچی دوایی دایکی بەڕێزتانمان پێگەیشت هەربۆیە بەناوی سەرنووسەر و سەرجەم ستافی خەباتەوە پرسەو سەرەخۆشی ئاراستەی خۆتان و خانەوادەکەتان دەکەین و لە خودای مەزنیش داواکارین بە بەهەشتی پەرینی شادبکات.

انا لله وانا الیه راجعون

تێبینی: ئەمڕۆ دووەم ڕۆژی پرسەکەیەتی لە مزگەوتی عەبدولکەریمی مودەرپس

بەنێودەوڵەتیکردنی مەرزی شۆشمێ سوودێکی زۆر بە بووژانەوەی ئابووریی سنووری پارێزگای هەڵەبجە دەگەیەنێ




لە سنووری پارێزگای هەڵەبجە کار لەسەر بەنێودەوڵەتیکردنی دەروازەی بازرگانیی شۆشمێ تەوێڵە و مەرزی پشتە دەکرێت. بەڕێوەبەری ناحیەی بیارە دەڵێ، حکوومەتی عێراق بە مەبەستی بەنێودەوڵەتیکردنی مەرزی شۆشمێ_تەوێڵە نووسراوی بۆ وەزارەتی دەرەوەی ئێران کردووە.

لەوبارەیەوە، حەمید بارام، بەڕێوەبەری ناحیەی بیارە دەڵێ: دوو جار وەفدی باڵای حکوومەتی عێراق، کە لە 9 وەزارەت پێکهاتبوون، سەردانی مەرزی شۆشمێ- تەوێڵەیان کرد، ڕاپۆرتی کۆتاییی خۆیان نووسی لەبارەی ئەوەی کە مەرزی شۆشمێ- تەوێڵە بکرێتە مەرزێکی نێودەوڵەتی لە نێوان هەرێمی کوردستان و کۆماری ئیسلامیی ئێراندا.

پارێزگای هەڵەبجە چوارەم پارێزگای کوردستانە، تا ئێستا هیچ مەرزێکی لەگەڵ وڵاتی ئێران نییە، ئەوەی هەیە مەرزی پشتە و شۆشمێ- تەوێڵەیە، کە نافەرمین، لەگەڵ چەند مەرزی بازرگانیی لاوەکی.

حەمید بارام بۆ مالپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستان ئاماژە بۆ ئەوە دەکات: حکوومەتی عێراق موافەقەتی کردووە لەسەر ئەوەی مەرزی شۆشمێ- تەوێڵە بکرێتە مەرزێکی فەرمیی نێودەوڵەتی، پێشمان ڕاگەیەندراوە کە حکوومەتی عێراق نووسراوێکی ئاراستەی وەزارەتی دەرەوەی کۆماری ئیسلامیی ئێران کردووە، کە مەرزی شۆشمێ- تەوێڵە بکرێتە مەرزێکی نێودەوڵەتی، ئێرانییەکانیش پێیان باشە. بەڕێوەبەری ناحیەی بیارە گوتیشی: تەواوی ئەو مەرجانەی کە پێویستە لە مەرزێکی نێودەوڵەتیدا هەبێت بە هاوکاریی حکوومەتی هەرێم بۆ مەرزەکەمان دابین کردووە. بارام بڕوای وایە، بەفەرمیناساندنی مەرزی شۆشمێ- تەوێڵە، سوودی زۆری دەبێت و هەڵەبجە دەبێتە خاوەنی دەروازەی نێودەوڵەتیی بازرگانی و زۆری هەلی کار و بووژانەوەی ئابووری بۆ سنووری پارێزگاکە بەدوادا دێت. ناوبراو گوتیشی: پاش جەژنی ڕەمەزان وەفدێکی باڵای پارێزگای هەڵەبجە سەبارەت بە پەلەکردن لە بەنێودەوڵەتیکردنی مەرزەکە سەردانی کۆماری ئیسلامیی ئێران دەکات.

پارێزگەها دهۆکێ بەرهەڤیا دکەت بو هەوا دورینێ و وەرگرتنا بەرهەمێ جوتیاران



خەبات- دهۆک: ل ڕۆژا 23-2019-5بەهزار عەلی ئادەم جێگرێ پارێزگەرێ دهۆکێ سەرپەرشتیا کومبونا لیژنا هەوا دورینێ و وەرگرتنا بەرهەمێ جوتیاران ژ گەنم وجەهی کر. دکومبونێدا ب ئاماژەبونا قایمقامێن قەزایێن سێمێلێ وشێخان وزاخو بەحسێ هاتنا وەرزێ دورینا گەنم وجەهێ جوتیاران وبریارا وەرگرتنا وی بەرهەمی ژلایێ کونترولکرنا ڕودانێن ئاگری داناا میکانزمەکا ڕێکوپێک بو سرا ترومبێلێن بارهلگر ل نێزیک سایلویان کو پروسا وەرگرتنێ بلەز بهێتە ئەنجامدان دەستەسەرکرنا گەنمێ هاوردە ئەگەر هەبیت ، بەرهەڤکرنا هەرسێ سایلۆیێن پارێزگەهێ وپاقژکرنا گورپانێن نافخو ل سالویان ، قەدەغەکرنا ئینانا گەنمی ژدەرڤەی سنورێن پارێزگەهێ ودانانا مەفرەزێن سایلۆیێ فەیدیێ وشێخان وزاخو ودانانا پلانەکا ڕێکخستی بو ئەنجامدانا هەوا دورینێ و وەرگرتنا بەرهەمێ جوتیارا هاتە کرن. گرنکترین بابەتێن دکومبونێدا هاتینە گەنگەشەکرن وبریار ل سەر هاتینە دان ئەڤ خالێن ل خارێ بوون: دابینکرنا کارەبا بەردەوام بو هەرسێ سایلویێن زاخو وشێخان وفەیدیێ ودانانا تیمێن ئاگر ڤەمراندنێ ل جهێن تایبەت یێن هەر سال بو پولیسان ل دەرگەهێن سایلویان ژبو پاراستنا پروسا وەرگرتنا گەنمی وپاراستنا ئیمناهیێ وبەردەوامیا دانا گەنمی بو ئاشێن ئاری دماوێ وەرگرتنا گەنمێ جوتیاران دا وگەلەک خالێن دی هاتنە پەسەندکرن بو وێ یەکێ پروسە بڕیک وپێکێ بهێتە ئەنجامدان. دهێتە چاڤەڕێکرن پشتی جەژنا ڕەمەزانێ دەست ب هەوا دورینێ و وەرگرتنا بەرهەمێ جوتیارێن پارێزگەهێ بهێتە کرن. هەژی گوتنێیە حکومەتا ئیراقا فیدرال بربار دایە کو سێ سەد وچل هزار تەنێن گەنمێ جوتیارێن کوردستانێ بهێتە وەرگرتن وبەهرا پارێزگەها دهۆکێ ژڤێ ڕێژێ سەد ودازدە هزار تەنن وبهایێ گەنمێ پلە ئێک ب 560هزار دینارا وپلە دوو ب 480هزار دینارا وپلە سێ ب 420هزار دیناران دێ هێتە وەرگرتن.

لەبارەی خراپبوونی ڕەوشی ئەمنی شارەکە، ئەنجوومەنی شاری خانەقین یاداشتێک ئاڕاستەی ئەنجوومەنی پارێزگای دیالە دەکات

خەبات- سەربەست برزۆ: خراپبوونی بارودۆخی ئەمنیی شاری خانەقین لەدوای خیانەتی 16ی ئەکتۆبەرەوە و هاتنی سوپای عێراق و حەشدی شەعبی، وایکردووە شاری خانەقین و گوندەکانی چواردەوری لە حاڵەتێکی شڵەژاندا بژین و ڕۆژانە هاوڵاتی کورد تیرۆر بکرێت و هەندێک گوندە کوردنشینەکانیش چۆڵ بکرێن بەهۆی هەڕەشەی بەناو تیرۆرەوە و هەروەها دەغڵ و دانی هەندێک لەو گوندانە سوتێنران. ئەمە وایکردووە کە بەتەواوی دانیشتوانی خانەقین بێزار بکات، لەو سۆنگەیەوە ئەنجوومەنی شاری خانەقین یاداشتێک ئاڕاستەی ئەنجومەنی پارێزگای دیالە دەکات بۆ ئەوەی لە ڕێگای ئەوانیشەوە ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق سنووڕێک بۆ ئەم بارودۆخە دابنێن و داوا دەکەن: لەگەڵ ئەو هێزە ئەمنییانەی سنووری دیالە تاوتوێی ئەوە بکەن کە ئێتر سنووڕێک بۆ ئەو بارودۆخە خراپە دابنێن کە تیرۆر ناوچەکەی گردوتەوە، ئەمە لە کاتێکدا ئەو هێزە ئەمنییانەی کە لە سنوری خانەقین هەوڵی جددی نادەن بۆ بەدیهێنانی ئارامی و ئاسایشی ناوچەکە، هەروەها ئیمکانیاتیشیان کەمە لەچاو بەرفراوانی ناوچەکە. ئەنجومەنی شاری خانەقین لە یاداشتەکەی هەروەها داوا دەکات دامەزراندن بکرێتەوە بۆ خەڵکی خانەقین لەسەر پۆلیسی فیدراڵی و هەروەها ئەو ڕێگایانە بگرن کە تیرۆرستان لێیەوە دزە دەکەن، هەمدیس داوا دەکەن کە ئەنجومەنی پارێزگای دیالە لەگەڵ سەرۆک وەزیران عێراق ژووری عەمەلیاتی هاوبەش دروست بکەن لەگەڵ هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان و هێزەکانی ئاسایش بۆ ئەوەی کۆنترۆڵی بارودۆخی ئەمنی خانەقین و چواردەوری بکەن.

لە شەوانی مانگی ڕەمەزانی پیرۆز 14 شوێن بەسەرکرانەوە



خەبات- سەید فاتیح بەرزنجی: نەبەز عەبدولحەمید قایمقامی قەزای ناوەندی هەولێر بەخەباتی ڕاگەیاند: هەروەک چۆن لیژنەکانی پشکنینی قایمقامیەتی ناوەندی هەولێر بە ڕۆژ کاریان دەکرد، لیژنەکان لەکاتی شەوانی مانگی ڕەمەزانی پیرۆزیش سەردانی هەموو شوێنە گشتیەکان و خواردنگەکان دەکەن، دوێنێ شەو لیژنەکانی سەر بەقایمقامیەتی هەولێر 14 شوێنی جیا جیایان پشکنێن بۆ کرد و لەنزیکەوە سەیری پاک و خاوێنی هەموو ئەو شوێنانەیان کردو بەدواداچوونیان بۆ کرا، لەگەڕەکەکانی هەڤاڵان و سەروەران و ژمارەیەک مارکێت و چەرەزاتفرۆش و سەمونخانەو نانەواخانە پشکنینیان بۆ کراو سەرپێچیەکانیان تۆمارکرا و 12 شوێنیش هۆشداریان پێدرا.

هۆشداری لە هاوردەکردنی شووتیی ئێرانی دەدرێت

ماوەیەکە هۆشداری لەبارەی خراپی شووتی هاوردەکراوی ئێرانی بە هاوڵاتیانی هەرێمی کوردستان دەدرێت و داوایان لێدەکرێت لەکاتی کڕین و خواردنی ئەو جۆرە شووتییانە وریابن.

بە گوێرەی داتای گومرگەکانیش، لە پێنج مانگی ڕابردوو زیاتر لە دوو هەزار تۆن شووتیی ماوەیەکەوە هاوردەی هەرێمی کوردستانەوە دەستی بەسەردا گیراوە و گەڕێندراوەتەوە ئێران. بەهۆی نەشیاوی لە قەبارە و جۆری شووتی، بەردەوام هۆشداری لەبارەی ئەگەری توشبوون و ژەهراویبوون لەڕێگەی خواردنی شووتی ئێرانی بە هاوڵاتیانی هەرێمی کوردستان دەدرێت، هاوکات چاودێریەکانیش لەسەر سنووریەکانی هەرێمی کوردستان دەستی بەسەردا گیراوە و گەڕێندراوەتەوە ئێران. بەهۆی نەشیاوی لە قەبارە و جۆری شووتی، بەردەوام هۆشداری لەبارەی ئەگەری توشبوون و ژەهراویبوون لەڕێگەی خواردنی شووتی ئێرانی بە هاوڵاتیانی هەرێمی کوردستان دەدرێت و داوایان لێدەکرێت لەکاتی کڕین و خواردنی ئەو جۆرە شووتییانە وریابن.

بە گوێرەی داتای گومرگەکانیش، لە پێنج مانگی ڕابردوو زیاتر لە دوو هەزار تۆن شووتیی ماوەیەکەوە هاوردەی هەرێمی کوردستان دەدرێت و داوایان لێدەکرێت لەکاتی کڕین و خواردنی ئەو جۆرە شووتییانە وریابن.

شووتی ئێرانی لە بازاڕەکان چڕکراوەتەوە.

لەگەڵ هاتنی وەرزی پێگەیشتە بەروبوومی خۆماڵی پسپۆڕانی کەرتی کشتوکاڵ داوادەکەن حکومەتی هەرێمی کوردستان زیاتر گرنگی بەو کەرتە بدات تاکو بتوانرێت لە چەند ساڵی داهاتوو ڕێژەی هاوردەکردنی بەرهەمی کشتوکاڵی لە وڵاتانی دراوسێ کەم بکرێتەوە.



سالح محەمەد تەیرۆ

شۆرەشا گولانێ ... هیڤێنێ سەرهلدانێ بوو

هەلبەت پشتی هەلنگافتنا شۆرەشا ئەیلولامەزن لسالا (1975)و ب پیلانەکا داریشتی یا سیاسەتا نێڤ دەولەتی یا وی سەردەمی ودەر ب دەربونا ب هزاران مللەتێ مەیێ دلسوزو کوردپەروەر بۆ دەولەتێن هەڤ سنوور ونەمازە ئیرانێ و بەلاڤکرنا وان دەربدەر و ئاوارا لسەر باژێرو باژێرکێن ئیرانێ تاکو ببیتە ئەگەرا لاوازکرنا هەستا نەتەوی و هەست نەکرن ب هەلگیرساندنا شۆرەشەکا دی یا کوردی وبەرگریکار ل مافێن گەلێ کورد ، رژێما بەعسا گور بگور ژی ل عیراقێ ب شێوەیەکی هوڤانە ودویر ژ سنجێن مروڤایەتییێ وئایینی کەفتنە گیانێ مللەتێ مە ل کوردستانا باشور ڤێجا بگرە ل گرتن و سیدارەدان و ئەشکەنجەدان و ڤەگوهاستن و ب بەعسیکرن و ب عەرەبکرن و ئەنفال و جینوسایدکرنا کوردو کوردستانیان ،دوژمن وداگیرکەرێت کوردستانێ گەهشتبوونە وێ قەناعەت و باوەری و خەون وخیالێن خاڤ کە ئێدی هیچ شۆرەشەک و بزاڤەکادی یا ئازادیخوازا کوردی ل کوردستانێ سەرهل نادەتەڤە و دێ گەهنە مەرەمێن خو بێن چەپەل و مللەتەک نابیت بناڤێ کورد و ئاخەک ژی نابیت بناڤێ کوردستان ، لێ هزر نەکر کو مللەتەک خودان پارتیەکا مینا پارتی دیموکراتی کوردستان بیت ودامەزرێنەرێ وێ بارزانییێ رێبەرێ روحیی یێ نەتەوا کورد بیت و مللەتەک بیت ئیرادا وان مەزنتر بیت ل هەمی پیلان و توپ وتەیارو بومبەو ناپال وکیمیاباران وئەنفال وجینوسایدکرنێ واز ل مافێن گەلێ کورد نائینیت چونکە درویشمێ وان (کوردستان یان نەمان)بوویە و (لسەرکەفتنا مەغرورنەبن ول شکەستنا بێ ئۆمێد نەبن) ، لەوما هەر زوی ب زوی هزر دهەلگیرساندنا چریسکا شۆرەشێ دا کرەڤە و بۆ دەمەکێ نێزیک چریسکا ئاگرێ شۆرەشا گولانا پێشکەفتنخواز گەش کرەڤە ،لێ سیستەمێ ئەڤێ شۆرەشێ و بەرخودانا وێ یا جودا بوو ل شۆرەشا ئەیلولا مەزن کو ئەوژی چریسکا شۆرەشا گولانێ ب رەنگەکێ پارتیزانی دەست پێکرو گەش بوو و خەلکێ دلسوز و قەهرەمانێن کوردستانێ ل هەمی ئالیەکێڤە قەستا شۆرشێ کرو ولدور وێ کومبێن وب بیروباوەرییەکا موکمتر هاتنە مەیدان و چەپەر و سەنگەرێن بەرەڤانیکرنێ دا و رۆژ ب رۆژ دربێن مەزن کوژەک ل دوژمن و داگیرکەرێت کوردستانێ ددان و کون مشک ل دوژمنی دکرنە قەیسەری و داستان لدویڤ داستانێ تومار دکرن هەروەکی (داستانا دیرەلوک ، سوتکێ ، کانی ماسێ ، مانگێشکی ، میرگەسور ....و هتد)دیسان مەزنترین داستان دشۆرەشا گولانا نیشتیمانخواز هاتە تومارکرن ئەوژی داستانا خواکورکێ بوو ، هەروەتوڤ فەرە ئەم چ جارا رولێ تەڤایا چێن و تۆژدرێن جەماوری دڤێ شۆرەشێ دا ژبیر نەکەین و نەمازە بێن وی خەلکی کو ل گوندێن ئازادکری دا دژیان و هەردەم مالێن وان بنگەهێن پێشمەرگەیی بوون ول دەمێ پێتڤی ژی وەکو بەرگری مللی هەفسەنگەرێن پێشمەرگەهێن قەهرەمان بون ، ئەگەر ئەم بزڤرینەڤە بۆ رولێ ئافرەتێ دڤێ شۆرەشا گولانا پێشکەفتنخواز هیچ دەمەکێ رولێ وێ ل زەلامی کێمتر نەبوویە ئەگەر زێدەتر نەبیت چونکە ژ ئالیەکێڤە خزمەتا پێشمەرگەیی و شۆرەشێ دکر و ژئالیەکێ دیڤە پێزانین و دەرمان لناڤ رژێمێ بو شۆرەشێ قەدگوهاستن کو ئەڤ چەندژی ب هیمەتا دلسوزێن رێکخستنێن نهێنی بوون ، هەروەها کارتێکرنا پوزەتیڤ یا ئیزگێ دەنگێ کوردستانێ کو نهۆژی دەنگی ئیزگەیی دگوهێ مەدا دزرنگیت لدەمێ دگوت :(قیرە دەنگێ کوردستانا عیراقێ یە) و ب راستی ژی ئەڤ ئیزگەیە ببوو ماموستا و کادر دناڤ هەمی مالاندا و دپارزینکێ پێشمەرگەیی دا بۆ بلندکرنا ئاستێ هوشیاریا هەستا نەتەوی و نیشتیمانی و وەلاتپارێزی و هەروەها مەترسیەکا مەزن ژی ئێخستبوو دناڤ دلێ دوژمن و دویڤەلانک و داگیرکەرێن کوردستانێ ، هەر ئەڤ شۆرەشا گولانا پێشکەفتنخواز بوو هێڤێنێ سەرهلدانا جەماوری کوردستانێ کو ل بهارا سالا (1991)ێ کوچک و دیوانخانێن رژێمێ و داگیرکەرا لسەر زەندوباسکێن پێشمەرگەو جەماوری خوراگر ل کوردستانێ هاتنە راماڵین وگوتە وان ((بارکەن لڤێرە هەرن وئاخامە ئێدی هەوە ناحەوینیت ... وا هاتن پێشمەرگێت مە شەل وشەپک ژ بەژنا وان ...))وئەڤرۆژی ئەم پێن بەرەڤ هەلبژارتنێن سەرۆکایەتیا هەرێمێ وکابینەیا نەهێ یا حکومەتا هەرێما کوردستانێڤە دچین کو ئەڤە هەمی ل سایەیی خەبات وبەرخودانا شۆرەشا ئەیلولا مەزن وگولانا پێشکەفتنخواز وقوربانیا گەلێ مەیە ، ڤێجا بلا ئەم هەمی خۆ بکەینە ئێک سەنگەر و ئێک هەلویست بۆ پاراستنا ئەڤان دەسکەفتیان ورێکخستنا نافمالا کوردی ئەرکەکێ نەتەوی ونیشتیمانی یە لسەر ملێن هەر تاکەکێ کورد ،دیسان ئەم پێن بەرەڤ گورانکاریانڤە دچین کو چاڤەرێ دهێتە کرن ل دەڤەرێ بهێنە ئەنجام دان و فەرە ئەم وەکو کورد ژی مفایی لڤان گورانکاریان وەربگرین و ئەڤان دەلیڤەیان ژ دەست نەدەین و ئەگەر نە دیروک بەزەیێ ب کەسدا نابەت.

لدویماهیێ سلاڤ وریز بۆ پێشمەرگەهێن قەهرەمان پێن شۆرەشا گولانا پێشکەفتنخواز وهەروەها جەماوری خەلکێ گوندێن ئازادکری لسەردەمێ شۆرەشێ وبەرگری مللیان وشەپالا قەهرەمانا کورد وتەڤایا جەماوری کوردستانێ وسەرێ رێزو تەقدیرێ دچەمینین بۆ گیانێ پاقژێن شەهیدێن شۆرەشا گولانێ وتەڤایا شەهیدێن بزاڤا رزگاریخازا کوردستانێ وسەرکاروانێ شەهیدان بارزانییێ نەمر وئیدریسێ هەردەم ساخ.



هەردەم خانەوادەکان لە ناوچەی نازادا لە خزمەتی پێشمەرگەی گولاندابون - لولان 1985
لەئەرشیفی کاروان محەمەد سینۆ

لە 43هەمین ساڵیادی شۆڕشی گولانی پێشکەوتنخوازدا

با ناوچە ئازادکراوەکانی ئەو شۆڕشە لەبیر نەکەین



فاخر محەمەد ڤەقێ ئێدلبی

هەر شۆڕش و سەرهەڵدانێک پێویستی بە ئامادەکاری و هەندێ بنەمای تایبەت هەیە بۆ ئەوەی سەرکەوتوو بێت لەوانەش هێزی جەماوەر و فیداکار و کات و شوێنی گونجاو لەگەڵ هەبوونی سەرکردایەتیە کی بوێر و دڵسۆز.

شۆڕشی پێشکەوتن خوازی گۆلان لە کات و ساتێکی هەستیار دەستی پێکرد کە گەلی کورد تووشی کارەساتێکی گەورەی سیاسی و عەسکەری هاتبوو. بەڵام بە هیمەت و فیداکاری و خوراگری پێشمەرگە و دڵسۆزیی جەماوەر بۆ ڕێبازەکەیان لە ماوەیەکی کورتدا شۆرش دەستی پێکردەوە. بە ڕێنمایی و ئامۆژگارییەکانی باوکی نەتەوەی کورد مستەفا بارزانی و لێهاتوویی و پێزانینی شەهیدی جوانە مەرگئیدریس بارزانی و جەنابی سەرۆک مسعود بارزانی و هەڤاڵانی تری ئەو کاتی سەرکردایەتی

لە ماوەیەکی کورتدا شۆرش پەرەی سەند و سەرانسەری کوردستانی باشووری گرتەوە بە هیمەتی پێشمەرگە و پشت ئەستوور بوون بە جەماوەری دڵسۆزی شار و شارۆچکەکان و بە تایبەتی گوندە سنووریەکان توانرا ناوچەیەکی فراوان ئازاد بکرێت و پێشمەرگە بارەگای خۆیان جێگیر کرد و جەماوەرێکی زۆر لەگەڵ خێزانەکانیان پەیوەندییان بەو ناوچانەوە کرد.

بەڵام وا هەست دەکرێت دوای ڕاپەرین و تاکو ئێستا وەکو پێویست گرنگی بەم ڕۆلەی ناوچە ئازادکراوەکان نەدراوە لە لایەن دام و دەزگا پەیوەندیدارەکان و دەزگاکانی ڕاگەیاندن. زۆر جار باسی خزمەت و ساڵانی پێشمەرگایەتی و ئاوارەیی دەکرێت، تەنیا ئەو ساڵانە حساب دەکران کە ئاوارەی ئێران و تورکیا ببوون.

باسی ئەو ساڵانەی ئەو پێشمەرگە و بەرگری میللی و جەماوەری ناوچە ئازادکراوەکان نەکراوە کە لە سەرەتای شۆرشی گۆلان بەشدار بوونە و خزمەتێکی زۆریان کردووە. وەکو هەستم کرد بەم کەلێنە هەرچەند درەنگیشە بەڵام بە پێویستم زانی بیخەمە بەردەم لایەنە پەیوەندیدارەکان و دەزگای ڕاگەیاندنەکان بۆ زیاتر گرنگی پێدان و دیاریکردنی ڕۆڵ و بایەخی ئەم ناوچانە، سەرەڕای زەحمەت و ماندوو بونی زۆری ئەو پێشمەرگە و جەماوەر، کە بێ بەش ببوون لە سادەترین پێویستی ژیان لە هەموو ڕوویەکەوە.

زۆری نەخایاند ڕۆژانە لە شار و شارۆچکە و گوندە نزیکەکان گەنج و لاوی خۆێن گەرم ڕوویان لە شۆڕش کرد. ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ئاوەدان کردنەوەی ناوچەکان گەشەی کرد و بەرەو فراوانی هەنگاوی ناو، هاوڵاتیان لە ناوخۆ ڕوویان لەو ناوچانە کرد و لە دەست ستەم و زۆڵمی ڕژێم هەڵدەهاتن، ئەمەش بۆ پێشمەرگە و شۆڕش پشت و پەنای بەهێز بوون، کاریگەری زۆری کردە سەر گەشەی شۆڕش و هێزێکی زۆری پێدا و پەیوەندییەکی توند لە نێوان پێشمەرگە و جەماوەر پەیدا بوو، کاریگەری لەسەر ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی ڕژێمیش کرد کە نەتوانن بە ئاسانی زوڵم و ستەم لە هاووڵاتیان بکەن لە ترسی پێشمەرگە و ڕێکخستنەکانی ناوخۆی ڕژێم.

ئەمە بە شێوەیەکی گشتی لە سەرانسەری سنورەکانی نێوان ئێران و تورکیا لەگەڵ کوردستان.

ئەوەی من لە نزیکەوە ئاگادار بووم و لە ناو باسەکان بوم وەکو شایەد حاڵێک بە تایبەتی لە دوای جینۆسایدی بارزانییەکان لە ساڵی 1983جەماوەرێکی زیاتر ڕووی لە ناوچە ئازادکراوەکانی شۆرش کرد بە خێزانەوە بۆ نمونە گوندەکەمان ئەو کات دەوروبەری 300خێزان بوون 95%ی ئەم خێزانانە ڕوویان لەو ناوچانە کرد. لە سنووری ناوچەی میرگەسور و قوەتی بارزان.

لەو کاتە چەند کەسێک بە نوێنەرایەتی جەماوەری تازە پەیوەندی کردوە و لە دەست ڕژێم هەلاتوون سەردانی بەرێز د.سەعید بارزانی کرد لە قوەتی بارزان ئەوانیش بە ناوی ئەو جەماوەرەوە پەیوەندی بە جەنابی سەرۆک مسعود بارزانی کرد. وەڵامی جەنابیان ئەوە بوو فەرمووی دوای بەخێرهاتنیان ڕای سپاردن کە ڕوو لە ناوچە ڕزگارکراوەکان بکەن و ڕوو لە وڵاتانی دەوروبەر نەکەن بۆ ئەوەی سەربەرزتر بن و زیاتر خزمەت بە شۆرش و خاکەکەیان بکەن.

لەسەر ڕاسپاردەی جەنابی سەرۆک ئەم خەڵکە بە هەستێکی نیشتمانی و حەماسەتێکی گەرمەوە پێشوازی لێکرد و ڕوویان لە ناوچە ڕزگارکراوەکان کرد. بە وردەیەکی بەرز و هەستێکی نیشتمان پەروەرانەی بە هێزەوە دەستیان بە کار و کاسبی و ئاوەدان کردنەوەی گوندو دێهاتەکانیان کرد، لەگەڵ ئەوەشدا شان بە شانی برا پێشمەرگەکانیان وەکو بەرگری میللی بەشداربیان لە پاراستنی ناوچەکانیان دەکرد لە نێوان سنووری دوو یان سێ دەوڵەتی ناوچەکە.

لەگەڵ ئەمەشدا خێزانی پێشمەرگەکانیش لەو ناوچانە جێگر بوون و هاوکاری ڕۆڵەکانیان دەکرد.

سەرەڕای ئەوەی زۆربەی ئەو گەنج و لاو و هاووڵاتیانە کە لە شارو شارۆچکەکان لە ژیانێکی شارستانی و بوونی هەموو پێداویستییەکانی ژیان تەنیا لەبەر نەبوونی ئازادی و مافی کورد ڕوویان لە ناوچە ئازاد کراوەکان دەکرد کە بێ بەش بوون لە هەموو خزمەتگوزاری گشتی وەکو قوتابخانە و نەخوشخانە و هەموو پێداویستییەکانی تری ژیان. بەڵام خوراگر بوون بەرامبەر پاڵەپەستۆکانی ڕژێم و هەموو ئەو گیروگرفتانەی دەهاتنە ڕێ یان لە هێرشی بەردەوامی دوژمن لە فڕۆکە و تۆپ باران و شتی تر.

هەستی شۆرشگێری و کوردایەتی خەڵکەکەی زیاتر هان دەدا خوراگرتربن بەرامبەر هەموو ئەو گیروگرفتانە.

لە ساڵی 1986جەنابی سەرۆک مسعود بارزانی لە ڕێگای سەردانی بۆ دەڤەری بادینان بە ناوچەکەمان دا تێپەڕی ئێمەش لەگەڵ دەستەیەک لە هەڤاڵان دەرفەتمان بۆ هەڵکەوت بە خزمەتی بگەین بە زارەکی و نوسراو وزعی ناوچەکەمان بۆ ڕون کردنەوە لە هەموو ڕویەکەوە. جەنابیان دڵخۆشی خۆشی بە ئێمە ڕاگەیاند و فەرمووی سوپاسی خوراگری خەڵکی ناوچەکە دەکەم بۆ ئەو هەستە شۆرشگێڕیە و پر حەماسەتە لە دوای ئامۆژگاری و ڕێنمای یەکانی بەلێنی پێدابن کە هەرچی لە توانای دایە هاوکاریمان بکات لە ڕووی مەعنەوی و ڕێکخستنەوە وەکو هێزێکی ڕێکخراو لە ناوچەکە.

جەنابیان دووبارە پێ داگیری کرد لەسەر مانەوەمان لەو ناوچانە و پاراستنیان و فەرمووی ڕوو لە هەندەران مەکەن و زۆرجار ناحەزانی خۆمان بەم ناوچانە دەشکێنم و پێیان دەڵێم ئەگەر گرفت بۆ ئێمە دروست بکەن هەموومان ڕوو لە ناوچە ڕزگار کراوەکانی خۆمان دەکەین و منەتمان بە کەس نیە.

سەرەڕای بوونی ئەم هەموو گرفتانەی ناوچەکە و قەتیس ماوە لە نێوان سنووری دوو دەوڵەتی دوژمن بە کورد و بێ بەش بونی هەزاران قوتابی و منداڵی ئەم خەلکە لە خوێندن و پەروەردە و سادەترین پێویستی ژیان و بومباران و توپ باران و هێرشی درندەکانی ئەم دوژمنە زاڵمانە، بەڵام هەر بەردەوام بوون لە خوراگری بۆ نمونە لەو کاتەی جەنابی سەرۆک لە ناوچەکەمان بوو دەنگی توپی دەهات فەرمووی ئەم توپ بارانە لە کوێوە دەکرێت هەندێ لە خەڵکی ناوچەکە وتیان لە فلانە شوێن بۆ فلانە شوێن هاوێژرا، جەنابی سەرۆک فەرمووی وادیارە خەڵکی ئەم ناوچانە وا ڕاهاتوون لە دەنگی توپ و فڕۆکە دەتوانن ئاراستەی هاوشتنەکەی بزانن، بەڵام بەداخەوە سەرەڕای ئەم ژیانە سەختە و خوراگرییە بە هێزی خەڵکی ناوچە ڕزگار کراوەکان لە ساڵی 1988ڕژێمی بەعس لە دوای تەواو بوونی لە شەری ئێران بە هێزێکی زۆرەوە هێرشێکی دڕندانە و بێ ویژدانانە بە هەموو چەکێکی قورس و قەدەغەکراو ڕووی لەو ناوچانە کرد، سەرەتا لە پارێزگای سلێمانی و گەرمیان دواتر بۆ هەولێر و دهۆک.


لە ئەنجامی ئەم هێرشانە پێشمەرگە و جەماوەری ناوچە ڕزگارکراوەکان ناچار بوون بە خێزانەکانیانەوە لە دوای زەحمەت و ماندوو بوونێکی سەخت و کارەساتی دلتەزێن ڕوو لە سنوورەکانی تورکیا و ئێران بکەن.

ژمارەیەکی زۆریش کەوتنە دەست ئەم دوژمنە درندەیە و زۆریان قەتل و عام و ئەنفال کران و ئەوانی تریش خرانە ئوردوگا زۆر میللەکان.

باس و خواسی ژیان و بەسەرهاتی خەڵکی ناوچە ڕزگارکراوەکان بە چەندین کتێب وەکو خۆی ناگەینێ.

43 هەمین ساڵیادی شۆڕشی گوڵان

شۆڕشی گوڵان پەیامی خۆبەدەستەوەنەدانی پێشمەرگە و گەلی کوردستان بوو



کاروان محەمەد سینۆ

زۆرێک لە دوژمن و داگیرکەرانی کوردستان و ناحەزانی پارتی و بارزانی، خەون و هیوای گلاوی خۆیان لەسەر گرەوی نسکۆ و لەناوچوون و هەرەسی شۆڕشی 11ی ئەیلوول دانابوو. ئەگەرچی پاش ڕێککەوتنە شوومەکەی (جەزائیر 1975) و خیانەتی ئەو ولاتانەی کە خۆیان بە هاوڕێی کورد دەزانی!، بۆ چەند مانگێک، شۆڕشی ئەیلوول دووچاری وەستانێکی کاتی چالاکی سەربازی ببوو، بەڵام شۆڕشی مەزنی ئەیلوولی پیرۆز لەڕووی سیاسی و پاڵپشتی کادیر وپێشمەرگە و جەماوەری خەڵکی کوردستان هەر بە هەمان گوڕ و تین لەنێو ناخی خەڵکی کوردستان و کادیرانی پارتی لە جۆشدا مابوو، لەبەر ئەوەی جەنابی مەلامستەفا بارزانی هەر لەسەرەتاوە پێشمەرگە و خەڵکی کوردستان و کاک ئیدریس و مسعود بارزانی وا ڕاهێنابوو و شیردت و ئامۆژگاری کردبوون کە (لەشکست نائومێد نەبن و لە سەرکەوتن مەغروور نەبن).



لەسەر ئەم بنەمایە و زەروورەتی بەردەوامی دانی شۆڕشی 11ی ئەیلوول و سوربوونی بارزانیی نەمر لەسەر بەدەستهێنانی مافی گەلی کورد ،بۆیە هەر پاش چەند مانگێک لە ڕێککەوتنە شوومەکەی (جەزائیر 1975) کاتێک خەڵک و خێزانی پێشمەرگەکانی ئەیلوول بە ئاوارەیی لە ئێراندا گیرسانەوە، دەست بەجێ لە مانگی تشرینی دووەمی 1975بارزانیی نەمر فەرمانی بە کاک ئیدریسی جوانەمەرگ و جەنابی مسعود بارزانی کرد، کە بەزووترین کات دەستبکەنەوە بە ڕێکخستنەوەی پێشمەرگەی ئەیلوول و کادیر و جەماوەری پارتی ئەوانەی کە ئاوارەی ئیران بوونە، هەڵبەت ئەم ئەرکەی کە جەنابی مەلامستەفا بارزانی بە شهید ئیدریس بارزانی و کاک مسعود بارزانی ڕاسپارد،خاڵی نەبوو لە کۆسپ و تەگەرە و کێشە، چونکە دامودەزگا سیخوڕی و هەواڵگرییە داپلۆستێنەرەکانی ئەوکاتی ئێران (ساواک) جموجۆڵ و چالاکییەکانی ئیدریس و مسعودبارزانییان خستەبەر چاودێری و ڕاوەدوونان (جارجاریش هەڕەکردن). بەڵام لێپەتاتوویی و شارەزایی و پسپۆڕی ئەم دوو سەرکردە (کاک ئیدرس و مسعود بارزانی) قوتابیانی ڕێبازی بارزانی لەکاروباری ڕێکخستن و شۆڕشگێڕیدا، ئەگەری سەرکەوتنی ئەم دوو سەرکردە گەنجە بوو لە ڕێکخستنەوەی جەماوەر و کادیر و پێشمەرگەکانی شۆڕشی ئەیلوول لەنێو ئاوارەکانی شۆڕش لە ئێران و ڕێکخستنەوە و جۆشدانی جەماوەری ناوخۆی باشووری کوردستان بەرەو قۆناغێکی دیکەی شۆڕش بە شێوازێکی (پارتیزانی) کە دواتر ناونرا بە شۆڕشی 26ی گوڵان.

خستووەتەڕوو و پێشمەرگە و کادیر و جەماوەری خەڵکی کوردستانی هاندا بۆ گردانەوەی شۆڕش و خەبات و وەلانانی ئەو واقیعە تاڵەی (نسکۆ) کە بەسەر شۆڕشی ئەیلوولدا سەپێنراوە. هەر لە هەمان بەیاننامەدا پارتی بڕیاری دامەزراندنی سەرکردایەتی کاتی شۆڕشی ڕاگەیاند.

ئینجا فەرمان بە پێشمەرگە و مەفرەزەکانی شۆڕی ئەیلوول کرا (ئەوانەی کە پاش (ڕێکەوتنی جەزائیر) هەر لە نێو باشوری کوردستاندامابوونەوە و نەچووبوونە نێو خاکی ئێران و تورکیا) کە خۆیان و جەماوەری دەڤەرەکانیان ڕێکبخەنەوە و قۆناغێکی دیکەی شۆڕش (بەشێوەی پارتیزانی) گرپدەنەوە. بەم شێوەیە دەمودەست کادیر و پێشمەرگەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان دەستیانکردەوە بە خۆڕێکخستن و کاروچالاکی پێشمەرگایەتی. بۆ نموونە لە 3.3. 1976لە دەڤەری بادینان، جەوهەر نامق و کەریم شنگاری و زەعیم عەلی و مەحمود ئێزدی و چەندین کادیری دیکەی پارتی کۆبوونەوە و فەرمان و ڕێنماییەکانی جەنابی مەلامستەفا بارزانییان لە ڕووی ڕێکخستن و پارتیزانییەوە خستە واری جێبەجێ کردن و دەستکرا بەچالاکی پارتیزانی. هەروەها لە سۆران و گەرمیان بەهەمان شێوە، فەرمان بە کادیرە پێشکەوتووەکانی پارتی کرا بۆ جۆشدانەوەی گڕی شۆڕش و چالاکی پێشمەرگایەتی لە سەرانسەری باشوری کوردستان.

هەروەها لە دەڤەری گەرمیان... لە سەرەتای مانگی ئایاری 1976دکتۆر کەمال کەرکووکی لە گوندی (بێکڵۆ) دەستی بە ڕێکخستن و کۆکردنەوەی کادیرانی پارتی کرد، دواتر لە گوندی (خورخورە و یاخیان و شارستێن) ئینجا لە بناری پشدەر و بناری ئاسۆس و مەرگە و دۆڵی جافایەتی و سنووری ناحیەی سووراش و گوندەکانی شارباژێڕ و ناحیەی ماوات و....هتد.

لەلایەکی دیکەوە... لە شەوی 52/26ی ئایار (گوڵان) 1976لە دەڤەری حاجی ئۆمەران سنووری (بەردونیاز) مەفرەزەیەکی پێشمەرگەکانی پارتی و بارزانی کە پێکهاتبوو لە (24)پێشمەرگە بەسەرپەرشتی (سەید عەبدوڵڵا حاجی ئۆمەرانی)، بە پلانێکی توکمە و ڕێککخراوی پێشوەختە، هێرشیان کردە سەر بارەگایەکی سوپای عێراق لە (گردی سەڵەوات)، بەداخەوە لەو شەڕەدا (سەید عەبدوڵڵا حاجی ئۆمەرانی) شەهید بوو و دوو لە هەڤاڵانی بریندار بوون. بەم شێوەیە و پاش ئەم هێرشە بەجەرگەی پێشمەرگەکانی پارتی و بارزانی و شەهیدبوونی یەکەم پێشمەرگەی پارتی پاش شۆڕشی11ی ئەیلوول و لەبەر مەزنی ئەم ڕووداوە لەو کاتەناسکەدا، بۆیە قۆناغی دووەمی پارتیزانی شۆڕشی 11ی ئەیلوول ناونرا بە (شۆڕشی 26ی گوڵان) و شەهید(سەید عەبدوڵڵا حاجی ئۆمەرانی) بە یەکەم شەهیدی ئەم شۆڕشە نازناوکرا. دیارە کاتێک لەو بەرواردا مەفرەزەیەکی ڕێکخراوی پێشمەرگەی پارتی کە لە(24)پێشمەرگە پێکهاتبێ و هێرش بکەنە سەر مۆڵگەیەکی سوپای عێراق و دوژمن بکوژن و شەهید بکەنە قوربانی کوردستان، بێگومان ئەم ئەرک و هەڵمەتەی پێشمەرگە پێشووتر ڕێکخراو و پلانی بۆ دارێژراوە و پێشمەرگەی بۆ ئامادە کراوە و فەرمانی شۆڕشی پێدراوە. بۆیە بێ گومان شۆڕشی 26ی گوڵان بەردەوامی پێدەری شۆڕشی مەزنی ئەیلوول بووە کە ڕابەری مەزنی کورد مەلامستەفا بارزانی ڕابەرایەتی کردووە.

هەروەها شۆڕشی 26ی گوڵان تومارگەی چەندین شەڕ و داستان و قارەمانێتییە کە بۆ دۆست و دوژمنانیان سەلماند " ئەگەر لە قۆناغێکدا، خەباتی گەلی کوردستان تووشی وەستان و نسکۆ هاتبێت، بەڵام ئیرادەی تێکۆشان و خەباتی گەلی کوردستان هیچ کات نەشکاوە و بە هەناسە و تینێکی تازە بەردەوام دەبێت بۆ گەیشتن بە ئازادی... (مسعود بارزانی)". زۆرن ئەو داستان و قارەمانێتیانەی کە شۆڕش 26ی گوڵان تۆماری کردوون، وەکو (داستانی دێرەلوک ، کانی ماسێ ، مانگێشک ، میرگەسور ، خواکورک و چەندین داستانی دیکە کە تێیدا چەندین پێشمەرگە گیانی خۆیان کردە قوربانی ئازادی و سەرفەرازی کورد و کوردستان.

بەم شێوەیە بێگومان شۆڕشی گوڵان درێژەپێدانی شۆڕشی مەزنی ئەیلوو بووە و هیچ دابڕانێک لە شۆڕش و خەباتی پێشمەرگەکانی شۆڕشی 11ئەیلوول دروست نەبوو هەروەک دوژمنان و ناحەزانی پارتی و بارزانی بۆ مەرام و بەرژەوەندی بەرتەسکی حزبایەتی خۆیان باوبالووری ناراست و چەواشەکاری جۆراوجۆر بەگوێی گەنجان و لاوانی گەلە ستەمدیدەکەماندا دەچڕێنن!! دەربارەی شۆڕشی ئەیلوول و گوڵان، گوایە شۆڕشی ئەیلوول هەرەسی هێناوە و شۆڕشی گوڵانیش زۆر درەنگ دەستی پێکردووە و ئەوان تاکە پاڵەوانی مەیدان بوون.


لەم ڕووەوە... پارسانّ لەیادی شۆڕشی گوڵاندا، پێشمەرگەی ماندوونەناسی هەردوو شۆڕشی 11ی ئەیلوول و شۆڕشی 26ی گوڵان، جەنابی سەرۆک مسعود بارزانی پەیامێکی ئاراستەی سەرجەم پێشمەرگە و خەڵکی کوردستان کرد و فەرمووی: "شۆڕشی گوڵان پەیامی خۆبەدەستەوەنەدانی گەلی کوردستان و هەستانەوەی شۆڕشی ڕزگاریخوازی بوو دژی ستەم و داگیرکاری و دیکتاتۆری و پیلانگێڕیی نێودەوڵەتیشی بۆ لەناوبردنی شۆڕشی کورد لە گۆڕنا. ئەو شۆڕشە دڕێژەپێدەری شۆڕشەکانی پێشوو و قۆناغێکی گرنگ بوو لە مێژووی خەباتی گەلەکەمان، شۆڕشی گوڵان هەڵگری پەیام و ئامانجەکانی شۆڕشی مەزنی ئەیلوول بوو و یەکێکە لە قۆناغە گرنگەکانی بەرخودانی پێشمەرگە و گەلی کوردستان. ئەو شۆڕشە سەلماندی کە ئەگەر لە قۆناغێکدا، خەباتی گەلی کوردستان تووشی وەستان و نسکۆ هاتبێت، بەڵام ئیرادەی تێکۆشان و خەباتی گەلی کوردستان هیچ کات نەشکاوە و بە هەناسە و تینێکی تازە بەردەوام دەبێت بۆ گەیشتن بە ئازادی. ئەو ئازادی و دەستکەوتانەی ئێستا هەن، بەرهەمی خوێن و قوربانیدانی گەلەکەمانە لە شۆڕشی گوڵان و گشت شۆڕشەکانی تر".

خوێنەری بەڕێز.... لە 6ی ئاداری 1975 ڕێکەوتنی شووم و خیانەتکاری (جەزائیر1976) لەسەر شۆڕش و میللەتی کورد ئەنجامدرا، کە لەهەمانکاتدا ڕێککەوتنی خۆچەماندن و فرۆشتن و بەدەستەوەدانی خاکی عێراق (شەتول عەرەب) و دەڤەرەکانی دیکە بوو کە ڕژێمی عێراق ڕادەستی ئێران کرد بەرامبەر دامرکاندنی شۆڕشی پیرۆزی 11ئەیلوول. ئینجا پاش شەڕ و بەرگری نابەرابەری پێشمەرگە بەرامبەر سوپای ڕژێمی عێراق، بۆ چەند مانگێک (4مانگ) و گەلەکۆمی نێودەوڵەتی و ئیقلیمی لەسەر شۆڕش و میللەتی کورد، کە بووە ئەگەری ئەوەی شۆڕشی ئەیلوول لە ڕووی پاڵپشتی لۆجستی و چەک و تەقەمەنی گەمارۆدرا، ئەمەش بووە ئەگەری ئەوەی کە ئیدارەدانی خەڵک و جەماوەر لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی شۆڕش و بەرگری نابەرابەر لە سەنگەر و بەرەکانێ شەردا ئەستەم بێت، بۆیە بۆ دەمێکی کورت (هەر ئەوەندەی تاکو شۆڕش خۆی ڕێکخستەوە)، دۆخی ڕێکخستن و چالاکی سەربازی شۆڕشی ئەیلوول ئالۆز و شڵەژا، بەڵام هەرزوو (وەکو لەسەرەتا باسمانکرد) مەلامستەفا بارزانی بڕیاری خۆڕێک خستنەوە و دەسپێکردنی قۆناغێکی دیکەی شۆڕشدا و هەردوو سەرکردەی شۆڕشی ئەیلوول (ئیدریس بارزانی و مسعود بارزانی) ڕاسپارد کە دەستبەجێ بەردەوامی بدەنەوە بە شۆڕش و بەرخودان. بێگومان کۆبوونەوەکەی 3ی ئاداری 1976لە بادینان و سۆران و گەرمیان (لەسەرەوە باسمان کرد) گەواهی بەردەوامی شۆڕشی ئەیلوولن لە سەرتاسەری باشووری کوردستان. ئینجا..پەیتا پەیتا مەفرەزە ڕێکخراوەکانی شۆڕش (شۆڕشی گوڵان) ڕوویان کردە ئەوەدڤەرانەی کە مەفرەزەکانی شۆڕشی ئەیلوول تیدا مابوونەوە و چالاکییان هەبوو. بەم شێوەیە شۆڕشی گوڵان لە ژیلەمۆی گڕ و بوركانی شۆڕشی مەزنی ئەیلوول سەری هەڵدایەوە و دووبارە کوڕانی پارتی و بارزانی لە شار و شارۆچکە و دێهاتەکان لەنێو ڕێکخستەکانی پارتی و پێشمەرگایەتی ڕێکخراوەو و دەستکرایەوە بە شۆڕش و چالاک دژی داگیرکەری کوردستان. شایانی باسە بەرگری میللیی کە پێکهاتە یاخود ڕێکخراوێکی میللی جەماوەری بوو، بریتی بوون لە مالّ و منداڵ و خێزانی جوتیارانی ناوچە ئازاد کراوەکان و ئافرەتانی کورد (دایک و خوشک و هاوسەری پێشمەرگە)بوون، بەراستی ئەمانە (بەرگری میللیی) ڕۆڵێکی گرنگ و کاریگەریان هەبوو لە پاڵپشتی کردن و خزمەتکردنی شۆڕشی گوڵان و پێشمەرگە لە ناوچە ئازادکراوەکاندا. لەڕووی دابینکردن و گەیاندنی خواردن بۆ بەرەکانی جەنگ و خزمەتکردن و چارەسەر کردنی بریندارانو و دابینکردنی شوێنی حەوانەوە و پشوودان و خەوتنی پێشمەرگە و بەشداری کردنی شەڕکان (لەکاتی پێویستدا)...هتد، ئەم ئەرکانە دەکەوتنە سەر شانی بەرگری میللیی لە ناوچە ئازادکراوەکاندا (ئەو ناوچانەی لە ژێر دەسەڵاتی شۆڕشدابوون) بەتایبەت کاتێک پێشمەرگە لە شوێنێکەوە دەچوونە شوێنێکی دیکە بۆ بەئەنجام گەیاندنی ئەرک و فەرمانەکانی سەرکردایەتی شۆڕشی گوڵان. هەروەها گەیاندنی هەواڵ و هواڵگری جموجۆڵی دوژمن و چاودێری کردنی شەقام و ڕێگاوبانی پیادەی نێو شاخ و گوند و شارۆچکەکان ئەرکی ئەندامانی (هێزی بەرگری میللی) بوو. واتا ئەم چینە (بەرگری میللی) دەتوانین بڵێین ڕێکخراو و هێز و پاڵپشتێکی دیکەبوو بۆ شۆڕش گوڵان، کەنابێ هەرگیز ڕۆڵیان لەیاد بکرێت.

لەلایەکی دیکەوە ڕێکخستنە نهێنییەکانی ناوشار ڕۆڵێکی ئێجگار بەرچاویان هەبوو لە جێبەجێکردنی کردنی ئەرک و فەرمانی سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان و شۆڕشی گوڵان لە نێو شار و شارۆچەکەکانی کوردستاندا. هەروەها بڵاو کردنەوەی بەیاننامە و چاپەمەنی و بڵاو کراوەکانی بارتی (بەتایبەت ڕۆژنامەی خەبات و مەتین) و نوسینی دروشمی پارتایەتی و ڕێکخستن و هاندانی خەڵکی کوردستان و بەشداریکردنی خۆپێشاندان و دەربڕینی ناڕەزایی بەرامبەر ڕژێمی بەعسی فاشی و کۆکردنەوەی زانیاری سەربازی و ئەمنی ڕژێمی بەعس و ناردنی زانیارییەکان بۆ ناو شۆڕش و ناوچە و لقەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان، ئەمانە بەشێک بوون لە چالاکییەکانی ئەندامانی ڕێکخستنە نهێنییەکانی ناوشار. بەشانازییەوە بەندەش (نووسەر) لە لایەنی لقی یەک / لێژنەی ناوچەی ئامێدی لە 1/ 5/1981شەرەفی ئەندامێتیم پێبەخشرا لە ڕێخستنی نهێنی پارتی دیموکراتی کوردستان، ڕێکخراوەکەمان بەناوی (قەڵادزێ) بوو و سنوری چالاکیمان تەواوی سنووری لقی یەک بوو، هەروەها هەولێر، بەتایبەت لە نێو زانکۆی سەڵاحەدین، چونکە بەرپرسی ڕێکخراومان (خالد عەبدوڵڵا تۆفی) ئەوکات قوتابی زانکۆی سەڵاحەدین بوو و منیش قوتابی قۆناغی ناوەندی (زۆزان) و دواتر ئامادەیی (کوردستان) بووم لە هەولێر.

لە 43هەمین ساڵیادی شۆڕشی 26ی گوڵان، سڵاو لە گیانی پاکی ڕابەری کورد مەلامستەفای بارزانی و کاکە ئیدریسی هەمیشە زیندوو، سڵاو لە خەبات و ماندوونەناسی جەنابی سەرۆک مسعود بارزانی پێشمەرگەی هەردوو شۆڕشی ئەیلوول و گوڵان، سڵاو لە گیانی شەهید (سەید عەبدوڵڵا حاجی ئۆمەرانی) یەکەم شەهیدی شۆڕشی گوڵان و هەموو شەهیدانی ڕێبازی بارزانی.





خانەوادەیەک لە ناوچەی ئازاد کراوەدا، لە خزمەتی پێشمەرگەی شۆڕشی گوڵاندایە 1982

لە ئەرشیفی کاروان محەمەد سینۆ

سەرۆک بارزانی: شۆڕشی گوڵان هەڵگری پەیام و ئامانجەکانی شۆڕشی مەزنی ئەیلوول بوو

هەروەها پاش ڕێککەوتنی (جەزائیر 1975) و گیرسانەوەی ئاوارەکانی شۆڕشی ئەیلوول لە ئیران، جەنابی مەلامستەفا بارزانی بڕیاریدا بە دامەزراندنی سەرکردایەتی کاتی شۆڕش و لە 10ی کانوونی یەکەمی 1975 بەیاننامەی دامەزراندنی سەرکردایەتی بە دەستخەت و نوسین و ئیمزای سەرۆک مسعود بارزانی لە چوار لاپەڕەدا بەزمانی عەرەبی بڵاوکرایەوە کە بەم سەردێڕە دەستی پێکردووە: " کردستان ساحه حقیقیه للنچال، یاجماهیرنا ناچلی و ارفعی واقع النکسه" واتا (کوردستان گۆڕەپانی ڕاستەقینەی خەباتە، ئەی جەماوەر خەبات بکەن و واقعی نسکۆ هەڵدێرن). لەم بەیاننامەیدا، سەرۆک مسعود بارزانی ڕاشکاوانە واقعی ئەوکاتی شۆڕشی ئەیلوول و ئەگەر و پێشهاتەکانی شرۆڤە کردووە و کەموکوڕییەکانی ئەوکاتی

وون بوون

ناسنامەی کۆلێژی کارگێڕی ئابووری بەشی دارایی و بانک بەناوی محمد صالح عزیز وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

***

وون بوون

ناسنامەی وەزارەتی پێشمەرگە بەناوی نەعیمة صابر حەسەن وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

***

وون بوون

ناسنامەی سەندیکای ئەندازیارانی کوردستان لقی هەولێر ژمارەی ناسنامە/ ٨٤٦٠ بەناوی عبدالله شمس الدین عبدالله وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

***

وون بوون

ناسنامەی هەلگرتنی چەك بەناوی عبدالله شمس الدین عبدالله وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

***

وون بوون

ناسنامەی تصنیفی شرکە کاکەمین بۆ بەلێندەرایەتی بیناسازی لە وەزارەتی پلان دانان دەرچووە بەناوی هەلکەوت امین حسن وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

***

پارێزگای هەولێر

بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستە گشتییەکان

ژمارە: ١٢٥

رێکەوت: ٢٢ / ٥ / ٢٠١٩

ئاگاداری

کەم کردنەوەی نهێنی / ژمارە (٦٨)

پارێزگای هەولێر/ بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستە گشتییەکان / کەم کردنەوەی نهێنی رادەگەێنێت بۆ پرۆژەی (خاوێنکردنەوەی نەخۆشخانەکانی (چۆمان و بەڕێوەبەرایەتی تەندروستی چۆمان) کە (بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی هەولێر) پێی هەڵدەستێت. جا هەر بەڵێندەر و کۆمپانیایەك ئارەزووی بەشداربوونی هەیە با سەر لەبەڕێوەبەرایەتی ژمێریاریان بدەن بەمەبەستی وەرگرتنی وێنەیەك لەتەندەر و مەرجەکانی بەڵێندەرایەتی پرۆژەی سەرەوە بەمەرجێك وەرگرتنی ئەو تەندەرانە دەبێ لەناو زەرفێکی مۆرکراو دابێ و وە ناونیشانی بەڵێندەر یا کۆمپانیا لەسەر نووسراو بێت و پێشکەش بەسکرتێری لیژنەی کردنەوەی تەندەرەکان لەدیوانی پارێزگای هەولێر / کارگێڕی خۆجێ یەتی بکرێ وە دوا کاتیش بۆ وەرگرتنەوەی تەندەرەکان کاتژمێر (١٢)ی نیوەڕۆ رۆژی (دوو شەممە) رێکەوتی ١٠ / ٦ / ٢٠١٩ دەبێت.

وە مەرج نییە فەرمانگەکەمان بەنزمترین نرخی تەندەر رازی بێت, وە کرێی بلاوکردنەوەی راگەیاندنی دەکەوێتە ئەستۆی ئەو کەسەی کە کەم کردنەوەی لەسەر دەگیرسێتەوە.

مەرجەکانی وەگرتنی تەندەر:

- کۆمپانیا تایبەت بێت بە خاوێنکردنەوەو مۆڵەتی نوێ کرابێتەوە.

- باجی دەرامەت نوێ کراو بێت.

- هێنان بارمتەی سەرەتایی بەبری ٥٠,٠٠٠,٠٠٠ پەنجا ملیۆن دینار بەشێوەی (خطاب ضمان) یان چەکی پەسندکراو لە یەکێك لە بانکەکانی هەرێم.

- دەبێت ناسنامەی کۆمپانیا و یەکێتی بەڵێندەران نوێ کراوە بێت و لەگەڵ خۆی بێنێت و بەناوی خۆی بێت ئەگەر بەناوی خۆی نەبێت دەبێت نووسراوی رێپێدان لەلایەن کۆمپانیا بێنێت.

- فرۆشتنی تەندەر (١٠٠,٠٠٠) سەد هەزار دینار کە ناگەڕێتەوە بۆی.

تێبینی/ کۆمپانیا دەتوانێت تەنها بەشداری لەیەك لە تەندەرەکانی خاوێنکردنەوەی نەخۆشخانەکان بکات.

نوزاد هادی مولود

پارێزگاری هەولێر

***

پارێزگای هەولێر

بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستە گشتییەکان

ژمارە: ١٢٦

رێکەوت: ٢٢ / ٥ / ٢٠١٩

ئاگاداری

کەم کردنەوەی نهێنی / ژمارە (٦٢)

پارێزگای هەولێر/ بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستە گشتییەکان / کەم کردنەوەی نهێنی رادەگەێنێت بۆ پرۆژەی (خاوێنکردنەوەی نەخۆشخانەکانی (ئیمرجنسی ، هەولێری فێرکاری ، ئافرەتان و لەدایك بوون) لەشاری هەولێر) کە (بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی هەولێر) پێی هەڵدەستێت. جا هەر بەڵێندەر و کۆمپانیایەك ئارەزووی بەشداربوونی هەیە با سەر لەبەڕێوەبەرایەتی ژمێریاریان بدەن بەمەبەستی وەرگرتنی وێنەیەك لەتەندەر و مەرجەکانی بەڵێندەرایەتی پرۆژەی سەرەوە بەمەرجێك وەرگرتنی ئەو تەندەرانە دەبێ لەناو زەرفێکی مۆرکراو دابێ و وە ناونیشانی بەڵێندەر یا کۆمپانیا لەسەر نووسراو بێت و پێشکەش بەسکرتێری لیژنەی کردنەوەی تەندەرەکان لەدیوانی پارێزگای هەولێر / کارگێڕی خۆجێ یەتی بکرێ وە دوا کاتیش بۆ وەرگرتنەوەی تەندەرەکان کاتژمێر (١٢)ی نیوەڕۆ رۆژی (دوو شەممە) رێکەوتی ١٠ / ٦ / ٢٠١٩ دەبێت.

وە مەرج نییە فەرمانگەکەمان بەنزمترین نرخی تەندەر رازی بێت, وە کرێی بلاوکردنەوەی راگەیاندنی دەکەوێتە ئەستۆی ئەو کەسەی کە کەم کردنەوەی لەسەر دەگیرسێتەوە.

مەرجەکانی وەگرتنی تەندەر:

- کۆمپانیا تایبەت بێت بە خاوێنکردنەوەو مۆڵەتی نوێ کرابێتەوە.

- باجی دەرامەت نوێ کراو بێت.

- هێنان بارمتەی سەرەتایی بەبری ٥٠,٠٠٠,٠٠٠ پەنجا ملیۆن دینار بەشێوەی (خطاب ضمان) یان چەکی پەسندکراو لە یەکێك لە بانکەکانی هەرێم.

- دەبێت ناسنامەی کۆمپانیا و یەکێتی بەڵێندەران نوێ کراوە بێت و لەگەڵ خۆی بێنێت و بەناوی خۆی بێت ئەگەر بەناوی خۆی نەبێت دەبێت نووسراوی رێپێدان لەلایەن کۆمپانیا بێنێت.

- فرۆشتنی تەندەر (٢٥٠,٠٠٠) دوو سەدو پەنجا هەزار دینار کە ناگەڕێتەوە بۆی.

تێبینی/ کۆمپانیا دەتوانێت تەنها بەشداری لەیەك لە تەندەرەکانی خاوێنکردنەوەی نەخۆشخانەکان بکات.

نوزاد هادی مولود

پارێزگاری هەولێر

***

پارێزگای هەولێر

بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستە گشتییەکان

ژمارە: ١٣١

رێکەوت: ٢٢ / ٥ / ٢٠١٩

ئاگاداری

کەم کردنەوەی نهێنی / ژمارە (٦٧)

پارێزگای هەولێر/ بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستە گشتییەکان / کەم کردنەوەی نهێنی رادەگەێنێت بۆ پرۆژەی (خاوێنکردنەوەی نەخۆشخانەکانی ناو شار (فریاکەوتنی ناوەند ، فریاکەوتنی رۆژهەلات ، فریاکەوتنی رۆژئاوا) کە (بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی هەولێر) پێی هەڵدەستێت. جا هەر بەڵێندەر و کۆمپانیایەك ئارەزووی بەشداربوونی هەیە با سەر لەبەڕێوەبەرایەتی ژمێریاریان بدەن بەمەبەستی وەرگرتنی وێنەیەك لەتەندەر و مەرجەکانی بەڵێندەرایەتی پرۆژەی سەرەوە بەمەرجێك وەرگرتنی ئەو تەندەرانە دەبێ لەناو زەرفێکی مۆرکراو دابێ و وە ناونیشانی بەڵێندەر یا کۆمپانیا لەسەر نووسراو بێت و پێشکەش بەسکرتێری لیژنەی کردنەوەی تەندەرەکان لەدیوانی پارێزگای هەولێر / کارگێڕی خۆجێ یەتی بکرێ وە دوا کاتیش بۆ وەرگرتنەوەی تەندەرەکان کاتژمێر (١٢)ی نیوەڕۆ رۆژی (دوو شەممە) رێکەوتی ١٠ / ٦ / ٢٠١٩ دەبێت.

وە مەرج نییە فەرمانگەکەمان بەنزمترین نرخی تەندەر رازی بێت, وە کرێی بلاوکردنەوەی راگەیاندنی دەکەوێتە ئەستۆی ئەو کەسەی کە کەم کردنەوەی لەسەر دەگیرسێتەوە.

مەرجەکانی وەگرتنی تەندەر:

- کۆمپانیا تایبەت بێت بە خاوێنکردنەوەو مۆڵەتی نوێ کرابێتەوە.

- باجی دەرامەت نوێ کراو بێت.

- هێنان بارمتەی سەرەتایی بەبری ٥٠,٠٠٠,٠٠٠ پەنجا ملیۆن دینار بەشێوەی (خطاب ضمان) یان چەکی پەسندکراو لە یەکێك لە بانکەکانی هەرێم.

- دەبێت ناسنامەی کۆمپانیا و یەکێتی بەڵێندەران نوێ کراوە بێت و لەگەڵ خۆی بێنێت و بەناوی خۆی بێت ئەگەر بەناوی خۆی نەبێت دەبێت نووسراوی رێپێدان لەلایەن کۆمپانیا بێنێت.

- فرۆشتنی تەندەر (١٧٠,٠٠٠) سەدو حەفتا هەزار دینار کە ناگەڕێتەوە بۆی.

تێبینی/ کۆمپانیا دەتوانێت تەنها بەشداری لەیەك لە تەندەرەکانی خاوێنکردنەوەی نەخۆشخانەکان بکات.

نوزاد هادی مولود

پارێزگاری هەولێر

***

پارێزگای هەولێر

بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستە گشتییەکان

ژمارە: ١٢٧

رێکەوت: ٢٢ / ٥ / ٢٠١٩

ئاگاداری

کەم کردنەوەی نهێنی / ژمارە (٦٣)

پارێزگای هەولێر/ بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستە گشتییەکان / کەم کردنەوەی نهێنی رادەگەێنێت بۆ پرۆژەی (خاوێنکردنەوەی نەخۆشخانەکانی (پریام ، بالیسان ، هەریر ، شەقلاوە ، بەڕێوەبەرایەتی تەندروستی شەقلاوە) کە (بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی هەولێر) پێی هەڵدەستێت. جا هەر بەڵێندەر و کۆمپانیایەك ئارەزووی بەشداربوونی هەیە با سەر لەبەڕێوەبەرایەتی ژمێریاریان بدەن بەمەبەستی وەرگرتنی وێنەیەك لەتەندەر و مەرجەکانی بەڵێندەرایەتی پرۆژەی سەرەوە بەمەرجێك وەرگرتنی ئەو تەندەرانە دەبێ لەناو زەرفێکی مۆرکراو دابێ و وە ناونیشانی بەڵێندەر یا کۆمپانیا لەسەر نووسراو بێت و پێشکەش بەسکرتێری لیژنەی کردنەوەی تەندەرەکان لەدیوانی پارێزگای هەولێر / کارگێڕی خۆجێ یەتی بکرێ وە دوا کاتیش بۆ وەرگرتنەوەی تەندەرەکان کاتژمێر (١٢)ی نیوەڕۆ رۆژی (دوو شەممە) رێکەوتی ١٠ / ٦ / ٢٠١٩ دەبێت.

وە مەرج نییە فەرمانگەکەمان بەنزمترین نرخی تەندەر رازی بێت, وە کرێی بلاوکردنەوەی راگەیاندنی دەکەوێتە ئەستۆی ئەو کەسەی کە کەم کردنەوەی لەسەر دەگیرسێتەوە.

مەرجەکانی وەگرتنی تەندەر:

- کۆمپانیا تایبەت بێت بە خاوێنکردنەوەو مۆڵەتی نوێ کرابێتەوە.

- باجی دەرامەت نوێ کراو بێت.

- هێنان بارمتەی سەرەتایی بەبری ٥٠,٠٠٠,٠٠٠ پەنجا ملیۆن دینار بەشێوەی (خطاب ضمان) یان چەکی پەسندکراو لە یەکێك لە بانکەکانی هەرێم.

- دەبێت ناسنامەی کۆمپانیا و یەکێتی بەڵێندەران نوێ کراوە بێت و لەگەڵ خۆی بێنێت و بەناوی خۆی بێت ئەگەر بەناوی خۆی نەبێت دەبێت نووسراوی رێپێدان لەلایەن کۆمپانیا بێنێت.

- فرۆشتنی تەندەر (٢٥٠,٠٠٠) دوو سەدو پەنجا هەزار دینار کە ناگەڕێتەوە بۆی.

تێبینی/ کۆمپانیا دەتوانێت تەنها بەشداری لەیەك لە تەندەرەکانی خاوێنکردنەوەی نەخۆشخانەکان بکات.

نوزاد هادی مولود

پارێزگاری هەولێر

***

پارێزگای هەولێر

بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستە گشتییەکان

ژمارە: ١٢٩

رێکەوت: ٢٢ / ٥ / ٢٠١٩

ئاگاداری

کەم کردنەوەی نهێنی / ژمارە (٦٥)

پارێزگای هەولێر/ بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستە گشتییەکان / کەم کردنەوەی نهێنی رادەگەێنێت بۆ پرۆژەی (خاوێنکردنەوەی نەخۆشخانەکانی (رواندوز ، خلیفان ، بەڕێوەبەرایەتی تەندروستی سۆران) کە (بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی هەولێر) پێی هەڵدەستێت. جا هەر بەڵێندەر و کۆمپانیایەك ئارەزووی بەشداربوونی هەیە با سەر لەبەڕێوەبەرایەتی ژمێریاریان بدەن بەمەبەستی وەرگرتنی وێنەیەك لەتەندەر و مەرجەکانی بەڵێندەرایەتی پرۆژەی سەرەوە بەمەرجێك وەرگرتنی ئەو تەندەرانە دەبێ لەناو زەرفێکی مۆرکراو دابێ و وە ناونیشانی بەڵێندەر یا کۆمپانیا لەسەر نووسراو بێت و پێشکەش بەسکرتێری لیژنەی کردنەوەی تەندەرەکان لەدیوانی پارێزگای هەولێر / کارگێڕی خۆجێ یەتی بکرێ وە دوا کاتیش بۆ وەرگرتنەوەی تەندەرەکان کاتژمێر (١٢)ی نیوەڕۆ رۆژی (دوو شەممە) رێکەوتی ١٠ / ٦ / ٢٠١٩ دەبێت.

وە مەرج نییە فەرمانگەکەمان بەنزمترین نرخی تەندەر رازی بێت, وە کرێی بلاوکردنەوەی راگەیاندنی دەکەوێتە ئەستۆی ئەو کەسەی کە کەم کردنەوەی لەسەر دەگیرسێتەوە.

مەرجەکانی وەگرتنی تەندەر:

- کۆمپانیا تایبەت بێت بە خاوێنکردنەوەو مۆڵەتی نوێ کرابێتەوە.

- باجی دەرامەت نوێ کراو بێت.

- هێنان بارمتەی سەرەتایی بەبری ٥٠,٠٠٠,٠٠٠ پەنجا ملیۆن دینار بەشێوەی (خطاب ضمان) یان چەکی پەسندکراو لە یەکێك لە بانکەکانی هەرێم.

- دەبێت ناسنامەی کۆمپانیا و یەکێتی بەڵێندەران نوێ کراوە بێت و لەگەڵ خۆی بێنێت و بەناوی خۆی بێت ئەگەر بەناوی خۆی نەبێت دەبێت نووسراوی رێپێدان لەلایەن کۆمپانیا بێنێت.

- فرۆشتنی تەندەر (٢٥٠,٠٠٠) دوو سەدو پەنجا هەزار دینار کە ناگەڕێتەوە بۆی.

تێبینی/ کۆمپانیا دەتوانێت تەنها بەشداری لەیەك لە تەندەرەکانی خاوێنکردنەوەی نەخۆشخانەکان بکات.

نوزاد هادی مولود

پارێزگاری هەولێر

***

پارێزگای هەولێر

بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستە گشتییەکان

ژمارە: ١٣٣

رێکەوت: ٢٢ / ٥ / ٢٠١٩

ئاگاداری

کەم کردنەوەی نهێنی / ژمارە (٦١)

پارێزگای هەولێر/ بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستە گشتییەکان / کەم کردنەوەی نهێنی رادەگەێنێت بۆ پرۆژەی (خاوێنکردنەوەی نەخۆشخانەکانی (رزگاری، راپەرین، نانەکەلی، دەروونی) لە شاری هەولێر) کە (بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی هەولێر) پێی هەڵدەستێت. جا هەر بەڵێندەر و کۆمپانیایەك ئارەزووی بەشداربوونی هەیە با سەر لەبەڕێوەبەرایەتی ژمێریاریان بدەن بەمەبەستی وەرگرتنی وێنەیەك لەتەندەر و مەرجەکانی بەڵێندەرایەتی پرۆژەی سەرەوە بەمەرجێك وەرگرتنی ئەو تەندەرانە دەبێ لەناو زەرفێکی مۆرکراو دابێ و وە ناونیشانی بەڵێندەر یا کۆمپانیا لەسەر نووسراو بێت و پێشکەش بەسکرتێری لیژنەی کردنەوەی تەندەرەکان لەدیوانی پارێزگای هەولێر / کارگێڕی خۆجێ یەتی بکرێ وە دوا کاتیش بۆ وەرگرتنەوەی تەندەرەکان کاتژمێر (١٢)ی نیوەڕۆ رۆژی (دوو شەممە) رێکەوتی ١٠ / ٦ / ٢٠١٩ دەبێت.

وە مەرج نییە فەرمانگەکەمان بەنزمترین نرخی تەندەر رازی بێت, وە کرێی بلاوکردنەوەی راگەیاندنی دەکەوێتە ئەستۆی ئەو کەسەی کە کەم کردنەوەی لەسەر دەگیرسێتەوە.

مەرجەکانی وەگرتنی تەندەر:

- کۆمپانیا تایبەت بێت بە خاوێنکردنەوەو مۆڵەتی نوێ کرابێتەوە.

- باجی دەرامەت نوێ کراو بێت.

- هێنان بارمتەی سەرەتایی بەبری ٥٠,٠٠٠,٠٠٠ پەنجا ملیۆن دینار بەشێوەی (خطاب ضمان) یان چەکی پەسندکراو لە یەکێك لە بانکەکانی هەرێم.

- دەبێت ناسنامەی کۆمپانیا و یەکێتی بەڵێندەران نوێ کراوە بێت و لەگەڵ خۆی بێنێت و بەناوی خۆی بێت ئەگەر بەناوی خۆی نەبێت دەبێت نووسراوی رێپێدان لەلایەن کۆمپانیا بێنێت.

- فرۆشتنی تەندەر (٧٥,٠٠٠) حەفتاو پێنج هەزار دینار کە ناگەڕێتەوە بۆی.

تێبینی/ کۆمپانیا دەتوانێت تەنها بەشداری لەیەك لە تەندەرەکانی خاوێنکردنەوەی نەخۆشخانەکان بکات.

نوزاد هادی مولود

پارێزگاری هەولێر

***

پارێزگای هەولێر

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی خانووبەرە

بەڕێوەبەرایەتی تۆمارکردنی خانووبەرەی دووەمی هەولێر

هۆبەی/ یاسایی

ژمارە/ ٣٠٦٦

رێکەوت/ ٢٠١٩/٥/١٩

جاردان

بەڕێوەبەرایەتی تۆمارکردنی خانووبەرەی دووەمی هەولێر لە رێگای زیادکردنی ئاشکرا (المزایدە العلنیە هەڵدەستێتێ بە فرۆشتنی مولکی ژمارە (٣٧/٦١٨ کەرتی ٤٥ وارش) کە تۆمارە بەناوی قەرزار (احمد عبدالله حسن و شوان محمد عمر) و بارمتەی خراوەتەسەر بۆ بەڕژەوەندی خاوەن قەرز (مصرف الشرق الاوسط العراقی) لە جیاتی بری پارە (١,٦٠٠,٠٠٠,٠٠٠) یەك ملیار و شەش سەد ملیۆن دینار و تەواوی زانیاری لەسەر مولکەکە لە خوارەوەی ئەم (جاردانە) نووسراو هەرکەسێك ئارەزووی بەشداری بوونی هەیە با سەردانی بەڕێوەبەرایەتیەکەمان بکات لە ماوەی (٣٠) سی رۆژ لە رۆژی دوایی بلاوکردنەوەی ئەم جاردانە و زیادکردنە کە لەبەڕێوەبەرایەتیەکەمان ئەنجام دەدرێت لە کاتژمێر (١٢) دوانزەی نیوەڕۆ بۆ زانین کریار بڕوانامەی عیراقی و ١٠٪ نرخی خەملێنراوی مولکەکە لەگەڵ خۆیدا بهێنێت رەسمی تۆمارکردن و کرێی جارچی لەسەر کریارە.

بەڕێوەبەر/ خسرۆ سعید ادم

بەڕێوەبەرایەتی تۆمارکردنی خانووبەرەی دووەمی هەولێر

زانیاری لەسەر مەلکەکە/

خاوەن قەرز (مصرف الشرق الاوسط العراقی)

- خاوەن مولك (احمد علی عزیز)

- جۆری مولك (ملك صرف)

- رووبەر (١ دۆنم و ١٤ ئۆلك و ٧٤م٢) لە کۆی (٣٩٧٤) پشك تەنها (٢٩٨١) پشك بەناوی قەرزارە

- ژمارەی مولك (١٥٢/٤٧٩ کەرتی ٤٥ وارش)

شوێنی مولك (هەولێر راپەرین/ لەشاری هەولێر نزیك میگا مۆڵ/ شوێنەکەی دەکەوێتە سەر شەقامی ٢٠م)

- پێکهاتەکەی/ بریتییە لەگەراجێکی وەستانی ئۆتۆمبێلی لەسەر دروستکراوە بۆ بەرژەوەندی میگا مۆڵ بەکاردێت.

***

دادگای بەرایی هەولێر/٤

ژمارە: ٤٩٢/ب/٢٠١٩

رێکەوت: ٢٠١٩/٥/٢٣

جاڕدان

بۆ/ داوالێکراوان (بەڕێوەبەری رێپێدراوی کۆمپانیای صن تراست هۆلدنغ)

ئامـاژە بـە داوای بەرایـی ژمـارە (٤٩٢/ ب/٢٠١٩) کـە تۆمارکرابـوو لەسـەرتان لـە لایـەن داواکار (نایـف عبدالکریـم محمـد شریـف) ئـەم دادگایـە لـە رۆژی (٢٠١٩/٥/١٦) بـە پاشـملە بڕیـاری دا بـە پابەنـد کردنـت بـە دانـی بـری (١٢٠,٠٠٠) دۆلاری ئەمریکـی بەرامبـەر (١٤٤,٠٠٠,٠٠٠) دینـاری عیراقـی بـە داواکار وە لەبـەر ئـەوەی شـوێنی نادیـارە بەپێـی اشـعاری مختـاری (هەولێر/شـاری ایطالـی ١) لـە ٢٠١٩/٢/٢٥.. بڕیـە ئـەم دادگایـە بڕیـاری دا بـە پێڕاگەیاندنـت لـە رێـگای دوو رۆژنامـەی ناوخۆیـی رۆژانـە، وە ئێـوە مافـی ناڕەزایـی (اعـتراض) و تێبەلچوونـەوە و پێداچوونەوەتـان هەیـە لـە بڕیـاری نەهاتـووی پاشـملەی دادگا لـە مـاوەی یاسـای بەپێچەوانـەوە بڕیارەکـە پلـەی کۆتایـی وەردەگرێـت.

دادەوەر/ محمد بهاءالدین عبدالله

***

دادگای بەرایی هەولێر/٤

ژمارە: ٤٩٥/ب/٢٠١٩

رێکەوت: ٢٠١٩/٥/٢٣

جاڕدان

بۆ/ داوالێکراوان (بەڕێوەبەری رێپێدراوی کۆمپانیای صن تراست هۆلدنغ)

ئامـاژە بـە داوای بەرایـی ژمـارە (٤٩٥/ ب/٢٠١٩) کـە تۆمارکرابـوو لەسـەرتان لـە لایـەن داواکار (نایـف عبدالکریـم محمـد شریـف) ئـەم دادگایـە لـە رۆژی (٢٠١٩/٥/١٦) بـە پاشـملە بڕیـاری دا بـە پابەنـد کردنـت بـە دانـی بـری (١٢٠,٠٠٠) دۆلاری ئەمریکـی بەرامبـەر (١٤٤,٠٠٠,٠٠٠) دینـاری عیراقـی بـە داواکار وە لەبـەر ئـەوەی شـوێنی نادیـارە بەپێـی اشـعاری مختـاری (هەولێر/شـاری ایطالـی ١) لـە ٢٠١٩/٢/٢٥.. بڕیـە ئـەم دادگایـە بڕیـاری دا بـە پێڕاگەیاندنـت لـە رێـگای دوو رۆژنامـەی ناوخۆیـی رۆژانـە، وە ئێـوە مافـی ناڕەزایـی (اعـتراض) و تێبەلچوونـەوە و پێداچوونەوەتـان هەیـە لـە بڕیـاری نەهاتـووی پاشـملەی دادگا لـە مـاوەی یاسـای بەپێچەوانـەوە بڕیارەکـە پلـەی کۆتایـی وەردەگرێـت.

دادەوەر/ محمد بهاءالدین عبدالله

***

سەرۆکاتیا باژێرڤانیا زاخو

مولکایەتی و زەڤی و زار

ژمارە: ٣٠١/٢/٢

رێکەوت: ٢٠١٩/٥/٢٣

ئاگەهداری

لدویـف نڤیسـارا رێڤەبەریـا گشـتی یـا باژێرڤانییـا ل پارێزگەهـا دهوکـێ ژمـارە (٤٤٤٠ ل ٢٠١٩/٥/٢١) کـو ئامـاژە دایـە ب نڤیسـارا رێڤەبەریـا نەخشـەدانانا ئافڤەدانـی ل دهوکـێ ژمـارە ١٤٠١ ل ٢٠١٩/٥/٢١ سـەبارەت خشـاندنا (٦م) ئـەوا دکەڤیتـە سـەر مولکێـن هاولاتیـان کـو پێنـج پارچـە زەڤیێـن ژمـارە (٧٤/٦ ، ٧٥/٦ ، ٧٦/٦ ، ٧٧/٦ ، ٧٨/٦) کەرتـێ ١٤ عباسـیە و رەگـەزێ وان نیشـتەجێ یـە لدیـف نەخشـێ (٤٧أ) و نەخشـێ سـتی سـەنتەر زاخـو و لدویـف یاسـایا رێڤەبەریـا شـارەوانیان یـا ژمـارە (٦) یاسـالا ١٩٩٣ بەنـدێ (٢٥) شـارەوانیا زاخـو ئاگەهداریـا هاوولاتـی و جهێـن پەیوەنـدی دکـەت بـو مـاوێ (٣٠) سـیهۆ رۆژا بەلاڤکرنـا ئاگەهداریـێ ل رۆژنامـێ دا هـەر کەسـێ شـو لـەژێ مـاف هەیە ژبـۆ دیارکرنـا نەرازیبوونـا خـو یـان هـەر پێشـنیارەکا هەبـت دەربـارەی ڤـی نەخشـەی پێـش کێـش بکـەت بـو شـارەوانیا زاخـو ل مـاوێ ئاگەهداریـێ.

ئەندازیار / بشار منیب محمود

سەرۆکێ باژێرڤانیا زاخو

***

وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار

سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێر

لێژنەی یەکەمی فرۆشتن و بەکرێ دان

ژمارە:١٠/٧٥٥===-٤

رێکەوت:٢٠١٩/٥/٢١

ئاگاداری

ئـاگاداری هاوڵاتیـان دەکەینـەوە کـەوا لێژنـەی یەکەمـی فرۆشـتن و بەکـرێ دانـی سـەرۆکایەتی شـارەوانی هەولێـر هەڵدەسـتێت بـە فرۆشـتنی ئـەم پارچـە زەوییـەی خـوارەوە، بـە رێـگای زیادکردنـی ئاشـکرا بەپێـی یاسـای ژمـارە ٣٢ ی سـاڵی ١٩٨٦ هەرکەسـێك ئـارەزووی بەشـداری کردنـی هەیـە سـەر بـدات لـە سـەرۆکایەتی شـارەوانی هەولێـر (لێژنـەی ئامـاژە پێـدراوی سـەرەوە و بەشـی ژمێریـاری داهـات) بـۆ وەرگرتنـی زانیـاری دانانـی بارمتـەی یاسـایی بـە رێـژەی ٢٠٪ کەمـتر نەبێـت لـە نرخـی شـکێنراو (کسـر القـرار) زیادکردنەکـە لـە (٣٠) سـی یەمینـی رۆژی دوایـی بڵاوکردنـەوەی ئـەم ئاگاداریـە لـە رۆژنامـە لـە کاتژمێـر ١٢ی نیـوەڕۆ دەسـت پـێ دەکات، کـرێ گرتـە پـارەی بانـگ کـردن و بڵاوکردنـەوەی دەکەوێتـە ئەسـتۆ.

١- ژمارەی زەوی/ ٤٣/٨٥٢ ك ٩٤ باداوە رووبەر/ ١٧٢م٢ رەگەز/نیشتەجێ

ئەندازیار/ سامان محمد احمد

سەرۆکی شارەوانی هەولێر

وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار

سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێر

لێژنەی یەکەمی فرۆشتن و بەکرێ دان

ژمارە:١٠/٧٧١٥

رێکەوت:٢٠١٩/٥/٢٣

ئاگاداری

ئـاگاداری هاوڵاتیـان دەکەینـەوە کـەوا لێژنـەی یەکەمـی فرۆشـتن و بەکـرێ دانـی سـەرۆکایەتی شـارەوانی هەولێـر هەڵدەسـتێت بـە فرۆشـتنی ئـەم پارچـە زەوییـەی خـوارەوە، بـە رێـگای زیادکردنـی ئاشـکرا بەپێـی یاسـای ژمـارە ٣٢ ی سـاڵی ١٩٨٦ هەرکەسـێك ئـارەزووی بەشـداری کردنـی هەیـە سـەر بـدات لـە سـەرۆکایەتی شـارەوانی هەولێـر (لێژنـەی ئامـاژە پێـدراوی سـەرەوە و بەشـی ژمێریـاری داهـات) بـۆ وەرگرتنـی زانیـاری دانانـی بارمتـەی یاسـایی بـە رێـژەی ٢٠٪ کەمـتر نەبێـت لـە نرخـی شـکێنراو (کسـر القـرار) زیادکردنەکـە لـە (٣٠) سـی یەمینـی رۆژی دوایـی بڵاوکردنـەوەی ئـەم ئاگاداریـە لـە رۆژنامـە لـە کاتژمێـر ١٢ی نیـوەڕۆ دەسـت پـێ دەکات، کـرێ گرتـە پـارەی بانـگ کـردن و بڵاوکردنـەوەی دەکەوێتـە ئەسـتۆ.

١- ژمارەی زەوی/ ٩/٤٨٩ ك ٩٤ باداوە رووبەر/ ١٩٨,٦٦م٢ رەگەز/نیشتەجێ

ئەندازیار/ سامان محمد احمد

سەرۆکی شارەوانی هەولێر

سەروکاتیا باژێرڤانیا ئاکرێ
مولك و زەڤی و زار
ژمارە: ٢٣٤/٣٥/٣٥ / ١٢٦٣
رێکەفت: ٢٠١٩/٥/١٦
ئاگاداری
ئاگەهداریا هەڤوەلاتییێن بەرێز دکەین سەرئێك زێدەکرنا ئاشکرا یا هەی ژبو کرێدانا (٨) هەشت دوکانێن ئاڤاکری تەنشت گەراجی ڤەگوهاستنا کەڤن لسەر پارچەك ل ئەردێ ژمارە (٤/١) کەرتێ ١٣٦ بساتین قابکی و صارمیە بو ماوێ ٣ سێ سالا ل دیف یاسا فروتن و کرێ دانا مولکێن دەولەتێ ژمارە ٣٢ ل سالا ١٩٨٦ لەوما هەرکەسەکێ بڤێت بەشداریێ دڤێ سەرئێك زێدەکرنێ دا بکەت بلا دخوازییێن خو دگەل دابینکرنا کوژمێ ٢٠٪ ژ بهایێ خەملاندنێ وەك بارمەتە بو سەروکاتیا باژێرڤانیا ئاکرێ پێش کێش بکەت ل ماوێ ٣٠ روژا ل روژا بەلاڤکرنا ڤێ ئاگەهداریێ و ئەڤ سەر ئێك زێدەکرنە دێ هێتە کرن دەم ژمێر ١٢ دووانزەدی نیڤرو ل دیوانا سەروکاتیا باژێرڤانیا ئاکرێ و هەرکەسێ بو بکەڤیت دێ بهایێ بەلاڤکرنێ و هەمی خەرجییێن پێتڤی کەڤنە ستویێ وی.
بلند رضا زبیر
سەروکێ باژێرڤانیا ئاکرێ
* * *
دادگای بەرایی هەولێر/٤
ژمارە: ٤٠١/ب/٢٠١٩
رێکەوت: ٢٠١٩/٥/٢٣
جاردان
بۆ/ داوالێکراوان (دلشاد محمد علی)
ئامـاژە بـە داوای بەرایـی ژمـارە (٤٠١/ ب/٢٠١٩) کـە تۆمارکرابـوو لەسـەرتان لـە لایـەن داواکار (فرهـاد محمـد علـی) ئـەم دادگایـە لـە رۆژی (٢٠١٩/٥/١٦) بـە پاشـمڵە بریـاری دا بـە پابەنـد کردنـت بـە دانـی بـری (١٨٠,٠٠٠) دۆلاری ئەمریکـی بەرامبـەر (٢١٦,٣٦٠,٠٠٠) دینـاری عیراقـی بـە داواکار وە لەبـەر ئـەوەی شـوێنی دانیشـتنت نادیـارە بەپێـی اشـعاری مختـاری (هەولێر/گەرەکـی ژیـان) لـە ٢٠١٩/٣/١٢.. بۆیـە ئـەم دادگایـە بریـاری دا بـە پێراگەیاندنـت لـە رێـگای دوو رۆژنامـەی ناوخۆیـی رۆژانـە، وە ئێـوە مافـی ناڕەزایـی (اعـتراض) و تێبهلچوونـەوە و پێداچوونەوەتـان هەیـە لـە بریـاری نەهاتـووی پاشـملەی دادگا لـە مـاوەی یاسـای بەپێچەوانـەوە بریارەکـە پلـەی کۆتایـی وەردەگرێـت.
دادەر/ محمد بهاءالدین عبدالله
* * *
دادگای بەرایی هەولێر/٦
ژمارە/ ١٠٤٣/ب/٢٠١٩
رێکەوت: ٢٠١٩/٥/٢٠
جاردان
بۆ/ داوالێکراو (کاتب حکمت محمود أیشن)
داواکار (محمـد رشـید عمـر) داوای ژمـارە (١٠٤٣/ب/٢٠١٩)ی لـەم دادگایـە تۆمارکـردووە لـە سـەر (کاتب حکمت محمود أیشـن) وە لەبـەر ئـەوەی شـوێنی دانیشـتنی نادیـارە بەپێـی اشـعاری مختـاری (گەرەکـی اسـکان) لـە ٢٠١٩/٥/٧ بۆیـە ئـەم دادگایـە بریـاری دا بـە پێراگەیاندنـت لـە رێـگای دوو رۆژنامـەی رۆژانـەی ناوخۆیـی بەمەبەسـتی ئامـادە بوونـت لەبـەردەم ئـەم دادگایـە بـۆ رۆژی دادبینـی (٢٠١٩/٦/١٧) کات (٩)ی بەیانـی بـە پێچەوانـەوە دادبینـی بـە پاشـملە ئەنجـام دەدرێـت.
دادەر/ حسین علی محمد
* * *
فەرمانگەی دادنووسی (یەکەمی هەولێر)
ئاگاداری
بەروار: ٢٠١٩/٥/٢٢
بەپـێ ئـەو داواکاریـەی کـە پێشـکەش کـراوە بـۆ ئـەم فەرمانگەیـە لەلایـەن (رزگار جنـدی محمـود ٥٠٪ و جـواد علـی محمـد ٥٠٪) لـە بـەرواری ٢٠١٩/٥/٢١ کـە داوای تۆمارکردنـی ئامێرەکانـی کـردووە دەگرێتـەوە بـۆ خـۆی وئێسـتا دانـدراوە لـە (پ.باشـوور) و وسـفەکانی لـە خـوارەوەدا دیاریکـراوە, بۆیـە ئەوکەسـەی پەیوەنـدی بەمـە و کەلوپەلـە وەسـفکراوەکان هەیـە پێویسـتە رێوشـوێنی یاسـایی بگرێتەبـەر بـۆ سـەلماندنی و گەواهیـەك پیشـانی ئـەم فەرمانگەیـە بـدات بەمەبەسـتی راگرتنـی تۆمارکـردن لەمـاوەی پـازدە رۆژدا, واتـە رۆژێـك دوای بڵاوکردنەوەکـە, وە تۆمارکردنەکـە بەدواکەوتـوو دادەنرێـت تاکاتـی یەکلاکردنـەوەی داواکـەو نارازیبـوون بۆمـاوەی حـەوت رۆژ لەلایـەن دادگای پەیوەندیـدار, بـە پێچەوانـەوە کەلوپەلەکانـی تۆمـار دەکرێـت بەنـاوی داواکاری تۆمارکردنەکـە بەگوێـرەی یاسـا دادنووسـی ژمـارە (٣٣)ی سـاڵی ١٩٩٨ و بڕوانامـەی تۆمارکردنیشـی پـێ دەدرێـت.
دادنووس / شوان فوزی زکی
ئامێرەکان:
١- خەباتـەی تێکەلکردنـی مـواد ژمـارە/ ٠٠٥٧٨٠ دروستکراوی خومالـی مۆدێـل ٢٠٠٦ جـۆری سـوتەمەنی کارەبـا توانـای K.W١٤٠.
٢- کابیسـەی بلـۆك ژمـارە/ ٣٠٠٧٠٠٠ دروسـتکراوی المانـی مۆدێـل ٢٠٠٦ جـۆری سـوتەمەنی کارەبـا توانـای K.W٤٠.
٣- چواردانـە رافعـەی بارکـردن و داگرتـن ژمـارە/ ٣٩٠٧١ و ٤٤٥٥ و ٢٠١٠/٠٠٣٩٩ و ٢٠١٠/٠٠٤٠٠ دروسـتکراوی صیـن مۆدێـل ٢٠٠٥ جـۆری سـوتەمەنی گازوائیـل توانـای ٤*٣ TON.
٤- مۆلیـدەی کارەبـا ژمـارە/ ٠٠٢١٥٠ دروسـتکراوی سـویدی مۆدێـل ٢٠٠٦ جـۆری سـوتەمەنی گازوائیـل توانـای K.V.A٢٥٠.
٥- دەمبـەری گواسـتنەوەی مـواد ژمـارە/ ٢٠١٠/٠٠٣٩٨ دروسـتکراوی المانـی مۆدێـل ٢٠٠٤ جـۆری سـوتەمەنی گازوائیـل توانـای ٢,٥ TON.
٦- کابیسـەی بـۆری کۆنکریـت ژمـارە/ ٢٠١٠/٠٠٣٩٧ دروسـتکراوی المانـی مۆدێـل ٢٠٠٥ جـۆری سـوتەمەنی کارەبـا توانـای K.W٤٠.
* * *
بەڕێوەبەرایەتی جێ بەجێ کردنی هەولێر
ژمارەی دۆسیە: ٢٠١٩/١٨٦٢
رێکەوت: ٢٠١٩/٥/٢٣
ئاگاداری
بۆ/ صباح جوهر رشید
لەبـەر نەزانیـن و نادیـاری شـوێنی نیشـتەجێ بوونـت, بۆیـە بەپێـی مـاددەی (٢٧) لەیاسـای جـێ بەجـێ کـردن, بڕیـاردرا لەرێـگای رۆژنامەیەکـی ناوخـۆوە پێـت رابگەیەنیـن تـا لەمـاوەی (١٥) رۆژ لـەرۆژی بڵاوکردنـەوەی ئـەم ئاگادارییـە لـە بـەردەم ئـەم بەڕێوەبەرایەتـی یـە ئامـادە بێـت بـۆ ئەنجامدانـی رێکارەکانـی جـێ بەجـێ کردنـی (بەچۆڵکردنـی مولکـی ژمـارە C ٣٨٢ گونـدی منـارە) ئەگەرنـا بەپێـی یاسـا ناچـار دەکرێیـت.
جێبەجێکاری داد/ ئاری فیصل دەباغ
* * *
سەرۆکایەتی دادگای تاوانی سێیەم لە هەولێر
ژمارە: ١٢٥/ج/٢٠١٨
رێکەوت: ٢٠١٩/٥/١٤
بۆ/ سزادراوی هەڵاتوو: رێکان صمد خضر
ئاگادارکردنەوەی سزا
دادگای تاوانـی سـێیەم لـە هەولێـر لـە داوای ژمـارە ١٢٥/ج/٢٠١٨ وە پـاش دادگایـی کردنـی پاشـملە غیابـی رۆژی ٢٠١٩/٤/٢٣ بریـاری دەرکـرد بـە سـزادانت بەبەندکردنـت بـۆ مـاوەی ١٠/دە سـاڵ بەپێـی مـادەی ٤٤٣/ خامسـا لـە یاسـای سـزایی, بۆیـە بەگوێـرەی یاسـا پێـت رادەگەیەنیـن کـە خـۆت رادەسـتی ئـەم دادگایـە یـان هـەر بنکەیەکـی پۆلیـس بکـە دوای تێپەڕبوونـی شـەش مانـگ بەسـەر رۆژی بلاوکردنـەوەی ئـەم ئاگادارییـە بـێ ئـەوەی نـارازی بـی، بـە پێچەوانـەوە بریـاری تۆمەتبارکردنـت و سـزادانت دەبێتـە بریـاری ئامـادە حکـم الوجاهـی پاڵپشـت بـە مـاددەی (١٤٣ و ٢٤٣/ أ) لەیاسـای بنەماکانـی دادگایکـردن اصـول محاکـمات الجزائیـە).
دادەر/ زرار محمود مرادخان
* * *
سەرۆکایەتی دادگای تاوانی سێیەم لە هەولێر
ژمارە: ١٤٨/ج/٢٠١٨
رێکەوت: ٢٠١٩/٥/٩
بۆ/ سزادراوی هەڵاتوو: احمد عباس العیبی
ئاگادارکردنەوەی سزا
دادگای تاوانـی سـێیەم لـە هەولێـر لـە داوای ژمـارە ١٤٨/ج/٢٠١٨ وە پـاش دادگایـی کردنـی پاشـملە غیابـی رۆژی ٢٠١٩/٤/٢٥ بریـاری دەرکـرد بـە سـزادانت بەبەندکردنـت بـۆ مـاوەی پێنـج سـاڵ و یـەك مانـگ بەپێـی مـادەی ٢٩٨ لـە یاسـای سـزایی, بۆیـە بەگوێـرەی یاسـا پێـت رادەگەیەنیـن کـە خـۆت رادەسـتی ئـەم دادگایـە یـان هـەر بنکەیەکـی پۆلیـس بکـە دوای تێپەڕبوونـی شـەش مانـگ بەسـەر رۆژی بلاوکردنـەوەی ئـەم ئاگادارییـە بـێ ئـەوەی نـارازی بـی، بـە پێچەوانـەوە بریـاری تۆمەتبارکردنـت و سـزادانت دەبێتـە بریـاری ئامـادە حکـم الوجاهـی پاڵپشـت بـە مـاددەی (١٤٣ و ٢٤٣/ أ) لەیاسـای بنەماکانـی دادگایکـردن اصـول محاکـمات الجزائیـە).
دادەر/ زرار محمود مرادخان
* * *
سەرۆکایەتی دادگای تاوانی سێیەم لە هەولێر
ژمارە: ٢٥٦/ج/٢٠١٨
رێکەوت: ٢٠١٩/٥/٨
بۆ/ سزادراوی هەڵاتوو: یوسف جوهر حسین
ئاگادارکردنەوەی سزا
دادگای تاوانـی سـێیەم لـە هەولێـر لـە داوای ژمـارە ٢٥٦/ج/٢٠١٨ وە پـاش دادگایـی کردنـی پاشـملە غیابـی رۆژی ٢٠١٩/٤/٨ بریـاری دەرکـرد بـە سـزادانت بەبەندکردنـت بـۆ مـاوەی ٢/دوو سـاڵ بەپێـی مـادەی ١/٤٣٠ لـە یاسـای سـزایی, بۆیـە بەگوێـرەی یاسـا پێـت رادەگەیەنیـن کـە خـۆت رادەسـتی ئـەم دادگایـە یـان هـەر بنکەیەکـی پۆلیـس بکـە دوای تێپەڕبوونـی شـەش مانـگ بەسـەر رۆژی بلاوکردنـەوەی ئـەم ئاگادارییـە بـێ ئـەوەی نـارازی بـی، بـە پێچەوانـەوە بریـاری تۆمەتبارکردنـت و سـزادانت دەبێتـە بریـاری ئامـادە حکـم الوجاهـی پاڵپشـت بـە مـاددەی (١٤٣ و ٢٤٣/ أ) لەیاسـای بنەماکانـی دادگایکـردن اصـول محاکـمات الجزائیـە).
دادەر/ زرار محمود مرادخان
* * *
دادگای کەتنی هەولێر/١
ژمارە/٢٥٣/ت/٢٠١٩
رێکەوت/ ٢٠١٩/٥/١٤
بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو/ ستار جمعة سایل
ئاگادارکردنەوە
لەبـەر ئـەوەی شـوێنی نیشـتەجێت نـا دیـارە بۆیـە بـە پشـت بەسـتن بـە مـادەی /١٤٣ لـە یاسـای بنەماکانـی دادگاکردنـی سـزایی. دادگاکەمـان بریـاری دا لـە رێـگای رۆژنامـەی ناوخۆیـی ئـاگادارت بکاتـەوە بـە مەبەسـتی ئامادەبوونـت لەبـەردەم ئـەم دادگایـە لـە کاتژمێـر (٩) ی بەیانـی لـە رێکەوتـی ٢٠١٩/٧/١٤ بـە مەبەسـتی دادگاییـی کردنـت بـە پێـی مـادەی (٧ ژمـارە ٨ی سـاڵی ٢٠١١) بـە پێچەوانـەوە خـۆت بەرپرسـیاری بەپێـی یاسـا.
دادەری یەکەم/ گیلانی احمد محمدامین
* * *
دادگای کەتنی هەولێر/٣
ژمارە:٢٥٠/ك/٢٠١٩/٣
رێکەوت:٢٠١٩/٥/١٥
بۆ تۆمەتبارانی هەڵاتوو: ئایار فتاح عبدالله و کارزان محمد ولید و رزگار محمد عبدالصمد
ئاگادارکردنەوە
لەبـەر ئـەوەی شـوێنی نیشـتەجێتیان نادیـارە بۆیـە پشـت بەسـتن بـە مـادە /١٤٣ لەیاسـای بنەماکانـی دادگاکردنـی سـزایی دادگاکەمـان بریـاردا لـەرێـگای رۆژنامـەی ناوخۆیـی رۆژانـە بکاتـەوە بـە مەبەسـتی ئامادەبوونـتان لـە بـەردەم ئـەم دادگاییـە لـەکات ژمێـر (٩)ی بەیانـی لەبـەرواری ٢٠١٩/٧/٢٩ بەمەبەسـتی دادگاییـی کردنـت بەپێـی مـادەی یاسـایی ٤٥٣ لەیاسـای سـزا پێچەوانـەوە خۆتـان بـەر پرسـیارن بەپێـی یاسـا.
دادەر/ بهزاد جهاد فائق
* * *
دادگای کەتنی قوشتەپە
ژمارە:٢٣/ك/٢٠١٨
رێکەوت: ٢٠١٩/٥/١٩
بۆ تۆمەتبارانی هەڵاتوو (نامانج تحسین عارب و ریباز صابر رسول)
ئاگادارکردنەوە
لەبـەر ئـەوەی شـوێنی نیشـتەجێتان نادیـارە بۆیـە پشـت بەسـتن بـە مـادەی (١٤٣) لەیاسـای بنەماکانـی دادگایـی کردنـی سـزایی، دادگاکەمـان بریاریـدا لـە لەرێـگای دوو رۆژنامـەی ناوخۆیـی رۆژانـە ئاگادارتـان بکاتـەوە بەمەبەسـتی ناوهێنانی ئامادەبوونتـان لەبـەردەم ئـەم دادگاییـە لـە کاتژمێـر (٩) ی بەیانـی لـە رێکەوتـی ٢٠١٩/٧/٣ بەمەبەسـتی دادگاییـی کردنـت بـە پێـی مـادەی (٤٥٣) لـە یاسـای سـزاکان بەپێچەوانـەوە خـۆت بەرپرسـیاری دەدرێـت بەشـێوەی پاشـملە بەپێـی یاسـا.
دادەر / عادل عمر عبدالله
* * *
دادگای کەتنی هەولێر/١
ژمارە/٣٤١/ك/٢٠١٩/١
رێکەوت/ ٢٠١٩/٥/١٩
بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو/ بیلان فتاح قادر
ئاگادارکردنەوە
لەبـەر ئـەوەی شـوێنی نیشـتەجێت نـا دیـارە بۆیـە بـە پشـت بەسـتن بـە مـادەی /١٤٣ لـە یاسـای بنەماکانـی دادگاکردنـی سـزایی. دادگاکەمـان بریـاری دا لـە رێـگای رۆژنامـەی ناوخۆیـی ئـاگادارت بکاتـەوە بـە مەبەسـتی ئامادەبوونـت لەبـەردەم ئـەم دادگاییـە لـە کاتژمێـر (٩) ی بەیانـی لـە رێکەوتـی ٢٠١٩/٧/١٤ بـە مەبەسـتی دادگاییـی کردنـت بـە پێـی مـادەی (٧ ژمـارە ٨ی سـاڵی ٢٠١١) بـە پێچەوانـەوە خـۆت بەرپرسـیاری بەپێـی یاسـا.
دادەری یەکەم/ گیلانی احمد محمدامین
* * *

کۆمپانیای (DNO) کە لە بواری گەران و بەرهەمهێنانی نەوت کار دەکات، پێویستی بە کارمەندی (ناوخۆ) هەیە بەپێی ئەم بوارو مەرجانەی کە لە خوارەوە هاتوون :

Job Title	Administrator
Work Location	Erbil Office
Application Closing date	7 Days from the date of this announcement

Additional Details and requirements

- Coordinate Visa, Residency Permit, and Staff security (Asaysh Clearance) for DNO Personnel;
- Travel and Accommodation arrangements for DNO staff, based on rotation planning or individual requests;
- Coordinate office activities and operations to secure efficiency and compliance to company policies;
- Document Controlling;
- Translation incoming and outgoing correspondent letters (English and Kurdish) ;
- Any other requirements by the Company.

Required Qualifications & Experience:

- BSc in English / Business or related field.
- 5+ years relevant experience with an Oil and Gas company;
- Strong Computer Skill (Word, Excel and Outlook)
- Advanced Communication and Language Skills, Kurdish and English are Must, Arabic is a plus (verbal and written).
- Demonstrable working knowledge & experience in Administration related activities;

Notes for interested Candidates

- Please submit your application by e mailing your CV to (dno-kurdistan@dno.no).
- Please specify the Job Title in the e mail subject.

DNO Iraq AS
Empire Business Complex, Building C2, Floor 3, Erbil, Kurdistan Region of Iraq
Org. no 988 714 526 **Office** +964 66 252 9950/ +47 22 01 56 64/6 65
dno.no

کۆمپانیای (DNO) کە لە بواری گەران و بەرهەمهێنانی نەوت کار دەکات، پێویستی بە کارمەندی (ناوخۆ) هەیە بەپێی ئەم بوارو مەرجانەی کە لە خوارەوە هاتوون :

Job Title	Maintenance Support Engineer
Work Location	Tawke
Application Closing date	7 Days from the date of this announcement

Additional Details and requirements

- Determine maintenance requirements and establish priorities for maintenance work. Analyzes requests for maintenance and develops scope of work.
- Ensures that periodic maintenance is performed in accordance with EOM recommendations and DNO procedures making sure maintenance logs and records are maintained.
- Reports of SCE Compliance rate as a part of KPI and AIMS.
- Ensures adequate stocks of spare parts are available for the plant or area system.
- Develop operation manual and suggestion of preventive maintenance
- Report to Head of Maintenance for all subjects dealing with detail engineering, documentation, specifications deviation and clarifications.
- Interacts with vendors to provide maintenance support for field technicians
- Support operation phase to deliver production performance benefit.
- Ensure a detailed Maintenance plan is in place for CMMS system (Epicor) and progress is tracked and reported with Maintenance KPIs (inputs and outputs).
- Plan and lead on major maintenance activities
- Performs special assignments as directed, utilizing his Engineering knowledge and experience.

Required Qualifications & Experience:

- Engineering Degree or Vocational qualification in Engineering
- Minimum 8 years' experience in the oil and gas industry
- Advanced knowledge of maintenance methods and practices (multi discipline).

Notes for interested Candidates

- Please submit your application by e mailing your CV to (dno-kurdistan@dno.no).
- Please specify the Job Title in the e mail subject.

DNO Iraq AS
Empire Business Complex, Building C2, Floor 3, Erbil, Kurdistan Region of Iraq
Org. no 988 714 526 **Office** +964 66 252 9950/ +47 22 01 56 64/6 65
dno.no



هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی ئەورووپا..

427ملیۆن دەنگدەر لە 28وڵات، دەنگ بە 751پاڵێوراو دەدەن

ڕەمزی میرەکانی

لە رێکەوتی 23تاکو 26ئایاردا، 427ملیۆن دەنگدەر لە 28وڵات لە یەکێتیی ئەورووپا، بۆ جاری نۆیەم لە مێژوودا، دەچنە سەر سندوقەکانی دەنگدان، بۆ ئەوەی نوێنەرانی خۆیان بۆ پەرلەمانی ئەورووپا هەڵبژێرن.

ژمارەی دەنگدەران

ژمارەی ئەو کەسانەی مافی دەنگدانیان هەیە، 427ملیۆن دەنگدەرە. هەڵبژاردنی پەرلەمانی ئەورووپا، لە رووی ژمارەی دەنگدەرانەوە، لە پلەی دووەم دێت، لەدوای هەڵبژاردنەکانی لە هیندستاندا. زۆربەی ئەو هاوواڵتیانەی تەمەنیان لە 18 ساڵی ڕەتی داوە، لەزۆربەی وڵاتانی ئەندام لە یەکێتیی ئەورووپا، دەتوانن دەنگ بدەن، بەڵام یۆنان لە تەمەنی 17 ساڵییەوە، ڕێگەی بە خەڵکی وڵاتەکەی دەدات، دەنگ بدەن، لەوکاتەی لە نەمسا و مالتا، خەڵکی لە سەرووی تەمەنی 16ساڵیدا، دەتوانن دەنگدان بدەن.

ڕێژەی بەشداربوون

لەوەتەی یەکەم هەڵبژاردنی پەرلەمانی ئەورووپا لە ساڵی 1979، ڕێژەی بەشدرابوون لە دەنگدان، بەردەوام لە پاشەکشێ دایە، ڕێژەی بەشداریکردن لەیەکەم هەڵبژاردەن 62%بوو، لە ساڵی 2014دا، ڕێژەی بەشداربوون 42.6%بوو، کە کەمترین ڕێژەی بەشداریکردنە لە هەڵبژاردنەکانی ئەورووپادا. لە ساڵی 1999وە، ڕێژەی بەشداریکردن بۆ خوار 50% دابەزیووە. لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی 2014دا، بەلجیکا بەرزترین ڕێژەی بەشداریکردنی تۆمار کرد، کە 89.7%بوو، لۆکسمبۆرگ لە پلەی دووەم هات، بە ڕێژەی بەشداریکردنی 85.6?%ئەوەش لەبەر ئەوەیە، دەنگدان لەو دوو وڵاتە، لەگەڵ وڵاتانی بولگاریا، قوبرس و یۆنان بە ناچاربیە. ڕێژەی بەشداریکردن لە وڵاتانی دیکەش بەم شێوەیە بوو، سلۆڤاکیا 13.1% کۆماری چیک 18.2% پۆڵەندا 23.8%.

751پاڵێوراو

ژمارەی پاڵێوراوان 751 کەسە، ژمارەی کورسییەکانیش بە گوێرەی ژمارەی دانیشتوانی ئەندام لە دانیمارک بوو، کە تەمەنی 26ساڵ بوو، گەورەترین ئەندامیش لە یۆنان بوو، کە تەمەنی 91ساڵ بوو. لە زیاتر لە نیوەی وڵاتانی ئەندامی یەکێتیی ئەورووپا، کەسانی تەمەن 18ساڵی، دەتوانن خۆیان بۆ هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی ئەورووپا بپاڵێون، بەڵام هەندێ وڵات یاسای تۆندیان هەیە، بۆنمونە لە ئیتاڵیا و یۆنان، بچووکترین تەمەن بۆ خۆ پاڵاوتن، 25ساڵە، لە ڕۆمانیاش 23ساڵە.

لیستی داخراو

پارتەکان لیستی پاڵێوراوان بۆ پەرلەمان دیاری دەکەن، دەنگدەر مافی هەڵبژاردنی لیست یان ئەو پارتەی هەیە، کە نوێنەرایەتی ئەو دەکات، بەڵام ناتوانێت کەسەکان هەڵبژێرێت، واتە ئەگەر لیستێک سێ کورسی بەدەست بێنێت، بەر سێ ناوی یەکەمی لیستەکە دەکەوێت. ژمارەی ئەندامانی هەڵبژێردراو لە لیستەکەدا، لەگەڵ ڕێژەی دەنگەکان هاوتا دەبێت، ئەگەر بتوانێت لە کەمترین ڕێژە ، کە 5%دەنگەکانە ڕەت بدات، ئەگەر پارتێکی دیاریکراویش، ڕێژەی 30%دەنگەکان، لە وڵاتێک بەدەست بێنێت، کە بەشی لە پەرلەمانی ئەورووپا 10کورسی بێت، واتە 30% لەو بەشەی بەر دەکەوێت، واتە 3کورسی.

لیستی کراوە

دەنگدەر دەنگ بۆ پارت یان لایەنێک دەدات، لەگەڵ ئەو کەسەی بە دڵیەتی لە لیستەکەدا، ئەگەر لیستەکە سێ کورسی بەدەست بێنێت، ئەو سێ کەسە دیاری دەکرێن، کە زۆرترین دەنگیان بەدەستهێناوە.

یەک دەنگ کاریگەری هەیە

دەنگدەران بە ویستی خۆیان، دەنگ بە زۆرترین ژمارەی پاڵێوراو دەدەن و خۆیان ژمارە بۆ پاڵێوراوەکانیان لە لیستەکە دادەنێن. لە وڵاتێکی وەکو ئیتاڵیا، ئەندامانی پەرلەمانی ئەورووپا ، بە گوێرەی سیستمی بازنەکان هەڵدەبژێردرێن، بەڵام لە ئەڵمانیا ، هەموو وڵاتەکە بەیەک بازنەی هەڵبژاردن دادەنرێت. لە یەکێتیی ئەورووپادا، وڵاتی گەورەی وەکو ئەڵمانیا هەیە، کە ژمارەی دانیشتوانی 82.8ملیۆن کەسە، ئەو وڵاتە 96ئەندامی لە پەرلەمانی ئەورووپا هەیە، هەروەها وڵاتی بچووکیش هەیە، وەکو مالتا، کە ژمارەی دانیشتوانی 475هەزار کەسە، بەشیشی لە پەرلەمانی ئەورووپا 6 ئەندامە.

سیناریۆکان هەمەجۆرن

لەمێژە گرەو لەسەر ئەنجامەکانی ئەو هەڵبژاردنە دەکرێت. پەرلەمانی ئەورووپای داهاتوو، لەوانەیە بێتە ڕەشبینترین گردبوونەوە، لەوەتەی لە ساڵی 1979، یەکێتی ئەورووپا دروست بووە. ئەگەر بێتو دوو گەورەترین گرووپی حزبی، بەشێکی گرنگی دەنگەکان لەدەست بدەن، لەوانەیە ئەوە مانای کۆتایی هاتنی، هاوبەندی نا فەرمی نێوان پارتە گەورەکان بگەیەنێت، کە بریتییە لەپارتی گەلی ئەورووپا (EVP) کە لە پارتە پارێزگارەکان و سۆشیالستەکانی ئەورووپا پێکهاتووە، ئەوانیش لە چەندین پارت و ژێرخانی کۆمەڵایەتی دیموکراتی (سۆشیالیستی) میللی (S&D) پێکهاتوون و توانیویانە، کۆنترۆڵی ژێرخان و پرۆژەکانی ئەورووپا بکەن. ئێستا ئەو دوو فراکسیۆنە 412کورسیان لە کۆی 751 کورسیدا هەیە، ئەگەر بێتو زۆرینەی ڕەها لە هەڵبژاردنەکانی داهاتوو لەدەست بدەن، پێویست دەبێت، هاوپەیمانی و هاوبەندی تازە دروست بکرێت، بەمەش ڕۆڵ و گرنگی فراکسیۆنە بچووکەکانی پەرلەمان گەشە دەکات، وەکو لیبرالی و سەوزەکان. لەدەستدانی دەسەڵات لەلایەن پارتەجەماوەرییە گەورەکان، لەوانەی کاریگەری بەسەر پێکهاتە و شێوەی سەرکردایەتی کۆمسیۆنی ئەورووپاش هەبێت لە ئایندەدا.


ڕاستڕەوەکان دەبیەنەوە

تەمەنی هەر ماوەیەکی پەرلەمانی ئەورووپا 5ساڵە. ئەگەر بەریتانیا بەشداریی لەو هەڵبژاردنەدا بکات، ڕۆڵی بەرچاوی لە پێکهاتەی پەرلەمانەکەدا دەبێت. لەنێو ئەو 71ئەندامەی، کەلەوانەیە بەریتانیا ڕەوانەی پەرلەمانی ئەورووپایان بکات، ژمارەیەکی زۆریان لەوانە دەبن، کە گومانیان لە یەکێتیی ئەورووپا هەیە ، لەگەڵ کەسانی گەڵڕەوی ڕاستڕەو، ئەوانەی ڕۆڵیان لە بەهێزکردنی بانگی گروپە ڕاستڕەوەکان لە نێو پەرلەماندا دەبێت. دوایین ڕاپرسییەکان ئاماژە بەوە دەکەن، گەلڕەوانی ڕاستڕەو لەگەڵ بەریتانییەکان، نزیکەی 23%دەنگەکان لە پەرلەمانی ئەورووپا بەدەست دێنن. ئەگەر هەر 13ئەندامە پێشبینیکراوەش لە پارتی دەسەڵاتدار لە هەنگاریا، بچنە ریزی فراکسیۆنی ڕاستڕەوی گەلڕەوی تازە، لەوانەیە بە ڕێژەی 25%ئەندامان، بێتە گەورەترین فراکسیۆن لە پەرلەمان و بە پێش کریستیانە دیموکراتییەکان بکەوێت، کە تاکو ئێستا هەر لە پلەی یەکەمدا بوون و سۆشیال دیموکراتەکانیش،لە پلەی دووەمدا بوون. لە پارەوە ژمارەی گەلڕەوانی ڕاستڕەو و گومانکەران لە یەکێتیی ئەورووپا، بەردەوام لە بەرز بوونەوە دایە. لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی 2014 دا، ئەو دوو گرووپە ڕێژەی 20%دەنگەکانیان بەدەستهێنا، لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی2009، ڕێژەکە 11%بوو.

کێشەی بارەگای پەرلەمان

پەرلەمانی ئەورووپا- کە بەشێکی زۆری ئەندامەکانی ڕەخنەی لێ دەگرن- سێرکێکی جوولەکەڕەو سێ بارەگای هەیە. لە شاری ستراسبۆرگ لە فەرەنسا، هەر چوار هەفتە جارێک، دانیشتنێکی کراوە دەکرێت، لە بروکسل، لێژنە و فراکسیۆنەکان کۆ دەبنەوە، لە لۆکسمبۆرگیش، بارەگای کارگێڕی پەرلەمان لەوێیە. هەرچەندە پەرلەمانتاران لە هەوڵی ئەوەدان، خەرجییەکانی ئەو هاتن و چوونە کەم بکەنەوە، کەچی فەرەنسا ڕازی نییە و نایەوێت بارەگای یەکەمی پەرلەمان، لە شاری ستراسبۆرگ نەمینێت. نیکۆلا سارکۆزی، سەرۆکی پێشووی فەرەنسا، جارێکیان وتی، پشتیوانی لەیەک بارەگای پەرلەمانی ئەورووپا دەکەم، کە دەبێت لە ستراسبۆرگ بێت، چونکە دەتوانێت شۆینی بڕۆکسل بگرێتەوە.





سالی 1865:
شەڕی ناوخۆیی ئەمەریکا بە سەرکەوتنی ویلایەتەکانی باکور کۆتایی هات .



سالی 1908:
بڕێکی زۆری نەوت لە ئێران دۆزرایەوە .



سالی 1979:
بە گوێرەی ڕێککەوتنی کامپ دیڤد ،شاری عەریش گەڕایەوە بۆ ژێر دەسەڵاتی میسر .



سالی 2011:
سربیا هەوڵی دەستگیرکردنی راتکۆ میلادیچی سەرکردەی پێشووی سربی بۆسنای ڕاگەیاند .



سالی 2015:
شەپۆلێکی گەرما لە هیند بووە هۆی مردنی 2500کەس .



سالی 2017:
لە شاری مینیای میسر هێرش کرایە سەر چەند پاسێک کە خەڵکی قیبتیان دەگواستەوە و لە ئەنجامدا 28کەس کوژران و 26کەسی دیکە بریندار بوون .

www.xebat.net
یەک شەممە2019/5/26 ژمارە (5757)
خەبات



تیرێزا مای :
خۆشحاڵ بووم بە خزمەتکردنی ئەو وڵاتەی خۆشم دەوێ ..

تا: هەندرین شێرزاد

لەوتەی راپرسیەکەی خەڵکی بەریتانیا سەبارەت بە بریکزت ئەنجام دراوە ، ناکۆکی و مشتومڕ و ناڕەزاییەکی زۆریش لەم وڵاتە سەری هەڵداوە ، لەوڵاش پارت و لایەنە سیاسیەکان و پەرلەمان بۆ سەر چەند بەرەیەکی جیاواز و ناکۆک دابەش بوون . لەو ماوەیە ، زۆر جار کار گەیشتۆتە رادەی ئەوەی باس لە ئەگەری جیابوونەوەی ئێرلەندا و سکۆتلەندا بکرێ . ئەمە هەمووی بووە هۆی دروستبوونی گوشارێکی بەهێز لەسەر حکومەت بە گشتی و تیرێزا مای سەرۆکوەزیران بە تایبەتی ، ئەگەرچی مای چەند جارێک هەوڵی دا هەموو لایەنە ناکۆکەکان بگەینێتە یەکتر و سەبارەت بە مەسەلەی بریکزت ڕێگەچارەیەکی گونجاو بخاتە ڕوو بەڵام دواجار ناکۆکیەکان وەک خۆیان مانەوە و سەرۆکوەزیرانیش بڕیاری دەست لەکارکێشانەوەی دا .

ئا: هەندرین شێرزاد

لەوتەی راپرسیەکەی خەڵکی بەریتانیا سەبارەت بە بریکزت ئەنجام دراوە ، ناکۆکی و مشتومڕ و ناڕەزاییەکی زۆریش لەم وڵاتە سەری هەڵداوە ، لەوڵاش پارت و لایەنە سیاسیەکان و پەرلەمان بۆ سەر چەند بەرەیەکی جیاواز و ناکۆک دابەش بوون . لەو ماوەیە ، زۆر جار کار گەیشتۆتە رادەی ئەوەی باس لە ئەگەری جیابوونەوەی ئێرلەندا و سکۆتلەندا بکرێ . ئەمە هەمووی بووە هۆی دروستبوونی گوشارێکی بەهێز لەسەر حکومەت بە گشتی و تیرێزا مای سەرۆکوەزیران بە تایبەتی ، ئەگەرچی مای چەند جارێک هەوڵی دا هەموو لایەنە ناکۆکەکان بگەینێتە یەکتر و سەبارەت بە مەسەلەی بریکزت ڕێگەچارەیەکی گونجاو بخاتە ڕوو بەڵام دواجار ناکۆکیەکان وەک خۆیان مانەوە و سەرۆکوەزیرانیش بڕیاری دەست لەکارکێشانەوەی دا .



پەیامێک لە سەرۆکوەزیرانەوە

وەک چاوەڕێ دەکرا و بە مەبەستی جێبەجێکردنی داواکاری ئەندامانی پارتی پارێزگاران کە خۆی سەرۆکایەتی دەکات و لە پێناوی ڕێگا خۆشکردن لەبەردەم گەیشتن بە چارەیەکی گونجاو بۆ دۆسیەی بریکزت، ڕۆژی هەینی 24ی ئایار ، تیرێزا مای سەرۆکوەزیرانی بەریتانیا لە بەردەمی بارەگای حکومەتی بەریتانیا لە لەندەنی پایتەخت وتی : ڕۆژی 7ی حوزەیرانی داهاتوو لە سەرۆکایەتی پارتەکەم دەکشێمەوە . بڕیاریش وایە 10ی حوزەیران پرۆسەی هەڵبژاردنی سەرۆکێکی تازە بۆ پارتی پارێزگاران دەست پێ بکات . هە لەو بارەوە مای باسی لەوە کرد کە بە شاژنی وڵاتی ڕاگەیاندووە تا کاتی دەستنیشانکردنی سەرۆکوەزیرانێکی دیکە لە کارەکەی بەردەوام دەبێ ، ئەو بە چاوی پڕ فرمێسکەوە وتیشی : لە بەرژەوەندی وڵات دایە سەرۆکوەزیرانێکی نوێ کاروبارەکانی بەڕێوە ببات ...خۆشحاڵ بووم بە خزمەتکردنی ئەو وڵاتەی خۆشم دەوێ .

کاردانەوەکان

کۆمسیۆنی ئەورووپی

وتەبێژ بەناوی سەرۆکی کۆمسیۆنی ئەورووپی سەبارەت بە دەستلەکارکێشانەوەی مای ڕایگەیاند: ڕێز لە سەرۆکوەزیرانی تازە دەگرین ، بەڵام ئەمە هیچ لەو هەڵوێستە ناگۆڕێ کە ئەندامانی ئەنجومەنی ئەورووپا دەربارەی بریکزت نواندوویەتی .

فەرەنسا

ئیمانوێل ماکرۆنی سەرۆکی فەرەنسا ئەو هەنگاوەی تیرێزای مای بە کارێکی بوێرانە وەسف کرد ، هاوکات داوای ڕوونکردنەوەیەکی بە پەلەشی کرد سەبارەت بە دۆسیەی بریکزت . لەو بارەوە ماکرۆن وتی : لە پێناوی جێبەجێکردنی بریکزت و بەگوێرەی بەرژەوەندی وڵاتەکەی و ڕێزگرتنیش لە هاوڵە ئەوروپییەکان ، مای کاری بوێرانەی ئەنجام دا . هاوکات پەیامێکی پشتگیری و سوپاسگوزاریشی ئاراستەی مای کرد .

ئەڵمانیا

ئەنگیلا میرکڵی ڕاوێژکاری ئەڵمانیا ڕایگەیاند کە ڕێز لە بڕیاری دەستلەکارکێشانەوەی تیرێزا مای هاوتای دەگرێ . لەو بارەوە وتەبێژ بەناوی میرکل وتی : میرکل بە پەرۆشەوە هەوڵ دەدات پارێزگاری لە پەیوەندییەکانی نێوان ئەڵمانیا و بەریتانیا بکات ، ئەو نەیوست باس لە کاردانەوەی ئەم هەنگاوەی مای بکات لەسەر دۆسیەی بریکزت و وتی : مەسەلەکە پەیوەستە بە پێشهاتە سیاسیە ناوخۆییەکانی بەریتانیا .

ئسپانیا

حکومەتی ئسپانیا هۆشداری دا لەوەی دەرچوونی بەریتانیا لە یەکێتی ئەورووپا بەبێ بوونی ڕێککەوتنێک ، دوای دەستلەکارکێشانەوەی مای ئێستا بڕتە واقیعێک و ناکرێ پەراوێز بخرێ .

ڕووسیا

دیمتری پیسکۆڤی وتەبێژ بەناوی سەرۆکی ڕووسیا ڕایگەیاند : سەرۆکایەتیکردنی حکومەت لەلایەن مای لە ماوەیەکی هەستیار بوو بە تایبەتی لە پەیوەندیەکانی نێوانمان. پیسکۆڤ وتیشی : بە داخەوە هیچ شتێکم لەیاد نیە بووبێتە مایەی پێشکەوتنی پەیوەندیەکانمان لەگەڵ بەریتانیا . سەبارەت بە دەستلەکارکێشانەوەی سەرۆکوەزیرانی بەریتانیاش ئەو ڕازی نەبوو هیچ بدرکێنێ ، بەڵکو وتی : زۆر بە وردی چاودێری هەموو ئەو پێشهاتانە دەکەین کە سەبارەت بە بریکزت لە ئاراداان .

ئێرلەندا

لیۆ فارادکاری

سەرۆکوەزیرانی ئێرلەندا هۆشداری دا لەوەی دەستلەکارکێشانەوەی مای مەترسیدارە بۆ دبلن ، چونکە دوور نیە دواتر لەندەن بەبێ بوونی ڕێککەوتنێک لە یەکێتی ئەورووپا بچێتە دەر . فارادکار وتیشی: بڕیکزت بۆتە مایەی ماندووکردنی سیاسەتی بەریتانیا ، ئەمەش تا ماوەیەکی دوورودرێژ بەردەوام دەبێ ، کەواتە ئێستا سەبارەت بە بڕیکزت پێ دەنێینە ناو قۆناغێکی نوێ ، قۆناغێک کە لەوانەیە بۆ ئێرلەندا زۆر ترسناک بێ .

هۆڵەندا

مارک روتی سەرۆکوەزیرانی هۆڵەندا هۆشداری دا لەوەی یەکێتی ئەورووپا ڕازی نابێ دووبارە سەبارەت بە دۆسیەی بڕیکزت لەگەڵ سەرۆکوەزیرانی تازەی بەریتانیا بکەوێتەوە گفتوگۆ و دەستلەکارکێشانەوەی مای ئەو نارووانیەی زیار کرد کە سەبارەت بە بریکزت لە ئاراداابوو ، ڕووتی جەختی لەسەر ئەوەش کردەوە کە وڵاتەکەی بۆ هەر ئەگەرێک






سکای نیوز:
لە شاری لیۆنی فەرەنسا تەقینەوەیەک ڕوویدا و 10کەس بریندار بوون .



ڕۆژنامەی ئەلحەیات:
سەرۆکی ئەمەریکا ڕازی بوو بە ناردنی 1500سەربازی دیکەی ئەمەریکی بۆ ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست.



ئەلعەرەبیە:
دەستلەکارکێشانەوەی تیرێزا مای ململانێیەکی توندی لەنێو ئەوانەدا خولقاندووە کە دەخوازن شوێنی بگرنەوە .



ڕۆژنامەی ئەلشەرقولئەوسەت:
لە یەکێک لە بەندیخانەکانی ڤەنزویلا و لە ئەنجامی یاخیبوونی بەندکراوان ، 25کەس کوژران .



ئەی ئێف پی:
هەڵبژاردنی پەرلەمانی ئەورووپا لە 3ولاتی ئەورووپی دەستی پێکرد .



ڕوێتەرز:
بەرپرسانی ڕووسیا ڕایانگەیاند کە دوور نیە مەسەلەی بلاوکردنەوەی هێژە سەربازیەکانی ئەمەریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بگەیەنێتە نەتەوە یەکگرتوەکان .

مانشێت

www.xebat.net
یەک شەممە 2019/5/26 ژمارە (5757)
خەبات

ئەڵمانیا: نێوەڕۆکی پەرتوکی ئیمپراتۆریەتی هەڵۆکان لە کوردستان خرایە ڕوو



خەبات –ساسان دەروێش

کۆمەڵەی دۆستایەتی کورد ئەڵمان، بانگهێشتی ڕۆژنامەنووسی ئەڵمانی خاتوو کریستینا ڕۆدۆلف کرد بۆ شاری بەرلین بۆ سازکردنی سیمینارێک بە هاوکاریکردنی سروە عارف بەرزنجی، جێگری سەرۆکی کۆمەڵەو ئارمانج نێروەی بەرپرسی بەشی ڕاگەیاندن و وەرزش لە کۆمەڵەی ناوبراو بۆ خستنە ڕووی نێوەڕۆکی پەرتوکەکەی بە ناوی ئیمپراتۆریەتی هەڵۆکان لە کوردستان و دەربڕینی بیروڕای بەرانبەر گەلی کورد وکوردستان لە دوای سەردانەکەی بۆ کوردستان کە لە سەرەتایی ساڵی ٢٠١٩ ئەنجامی دابوو، بە ئامادەبوونی بەشێکی بەرچاو لە ڕەوەندی کوردی ئەو شارە کە بەخۆشحاڵییەوە داواکەیانی پەسەندکرد و سیمناریکی لەوبارەیەوە پێشکەشکردن .

شایانی باسە کچە ڕۆژنامەنووسی ئەڵمانی خاتوو کریستینا ڕۆدۆلف خاوەنی چەندین پەرتوکی تری بواری سەربازییە و لەوبارەدا ئەزموونێکی دەوڵەمەندی هەیە و ناسراوە، دوابەدوای بۆ کورد و کوردستانە ئەمەش لە ڕوانگەی ئەوەی کە خۆیی بە دۆستی کورد دەزانێ گوتی: پەرتوکەکەم بەشێوەی ڕۆمان نووسیوە گوزارشت لە گێڕانەوەی کۆمەڵێک ڕاستی دەربارەی مێژوویی کورد و کوردستانە کە دەمەوێت ئەڵمانەکان زانیاری زیاتریان هەبێت دەربارەی کورد وکوردستان و پێشمەرگە بۆ ئەو مەبەستەش پێویستم بەزانیاری زیاتر هەبوو بەهاوکاری هەمان کۆمەڵە توانیم بۆ ماوەی چوار هەفتە سەردانی کوردستان بکەم کە خەونی لە مێژینەم بوو کوردستان ببینم و لە نزیکەوە لەگەڵ خەڵکی کورد و پێشمەرگە بدوێم، پاشان گوتی: کاتێک لە ئاسمانەوە لە نیو فڕۆکەکە ڕوانیمە هەولێر وەک جاڵجاڵۆکە هاتە پێش چاوم بۆمن شتێکی زۆر سەرنج ڕاکێش بوو کە دواجار خەونەکەم هاتە دیی وگەیشتمە هەولێر. لە سەردانەکەمدا زیاتر بۆم دەرکەوت کە گەلی کورد چەند میوان دۆست وئازیز وميهرەبان و پڕ لە شارستانیەتن ، کوردستان پڕلە جوانی و لانەی هەڵۆکانە، هەروەها گوتی: ئەوەی لە میدیاکانەوە گوێ بیستی بووین هەموویم بەچاوی خۆم بینی هەرلەسەردانی هێزەکانی پێشمەرگە کە چۆن بە ئیرادەیەکی بەرزیی ئازایەتی و قارەمانیانەوە داعشیان تێکشاکاند و بەشداری شەڕی موسڵ و ئازادکردنی بوون بەمەش هەموو ئەوروپایان پاراست لە تیرۆر بەم جوامێرییەیان .

بۆ زیاتر زانیاری لەسەر ئەم ڕۆژنامەنووسە وسیمیناڕەکە وکاری داهاتوویی سروە عارف بەرزنجی بۆ خەبات گوتی: لە ڕوانگەی هەوڵەکانمان بۆ زیاتر ناساندنی کورد و ڕاستەکان لەسەر کورد بەجیهان هەروەک ئاشکرایە لاتان بانگهێشتی خاتوو کرستینامان کرد کە نوسەرو ڕۆژنامەنووسیکی ئەڵمانیە و لە خۆشەویستی بۆ کورد وبەشدای کرد بوو لە چالاکیەکانی پشتگیری کردنی لە ڕیفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان لە ئە ڵمانیا و لوکسمبورگ وە ئیستاش خە ریکی نووسینی ڕۆمانێکە لە سەر کورد وکوردستان بۆ ئەو مەبەستەش بەیاوەری کاک فەیسەڵ عامودە سەردانی کوردستانی کرد و ئەندامی کۆمەڵەکەمان کاک ئارمانج نێروەی و سەندیکایی ڕۆژنامەنوسانی دهۆک و کاک ڕەقیب محمود هاوکاری باشیان کرد. پاش گەرانەوەی لە سیمانارەکەیدا بە دریژی باسی کارو چالاکیەکان و دیدار وسەردانەکانی کرد لە کوردستان کە بەمەبەستی ئەوە بوو لە نزیکەوە لەگەڵ خەڵک و سیاسەتمەداران و ڕۆشنبیران لەسەر بابەتەکانی ناوەڕۆکی پەرتوکەکەی بدوێت و زانیاری دروست بنوسێت هەروە ها سەردانی هێزەکانی پێشمەرگە بکات . لە وەڵامی پرسیارەکانی ئێمە وئاماژەبواندا خاتووکریستینا خۆشەویستی خۆی بۆ گەلی کورد دەربڕی و گوتی (ئەز کوردم) ، هەروەها جەختی کردەوەکە ئەو زۆر سەرسام بوو بەریزگرتن ومیوان دۆستی خەڵکی کوردستان و پیشکە وتن و ئاوەدان کردنەوەی هەرێم سەردڕای شەڕی ناوچەکە ، ئەوەی لە هەموی زیاتر پێی سەرسام بوو ، هەبوونی ئارامی و ئاسایش لە هەرێمی کوردستان و ئازایەتی پێشمەرگە بوو بۆیە بریاری دا پەرتوکیکی تریش بنوسێت ، بۆ ئەم کارەش خاتوو سروە عارف گوتی: سەرکەوتنی ئەم سەردانەی زیاتر خاتوو کریستینایی هاندا بۆ پشتگیری کردنی کورد ونوسینی بەردەوام لەسەر کورد، هەر لە میانەی سیمینارەکەشدا بڕیارماندا وێرای ئەم پەرتوکەی بەناوی ئیمپراتۆریەتی هەڵۆکان، پەرتوکێکیش تایبەت بە ئازایەتی پێشمەرگە بەزمانی ئەڵمانی بنوسێت و ئێمەش هاوکاری بکەین و دواتر من وەریگێڕمە سەر زمانی ئینگلیزی وعەرەبی تا زیاتر پێشمەرگەو ئازایەتی بەجیهان بناسێنین و لە ئیستاو داوڕۆژیشدا لە ئەرشیفی مێژووی جیهاندا ناوی پێشمەرگە هەر بەپرشنگداری بمێنێتەوە، خۆشبەختانە وەزارەتی پێشمەرگەی هەرێم ڕەزامەندی دەربڕی دەربارەی نوسینی پەرتوکی لەسەر پێشمەرگەو خاتوو کریستینا پلانی هەیە لەم ساڵەدا سەردانی دووەم بکات بۆ کوردستان بەمەبەستی زانیاری کۆکردنەوە لەسەر بابەتەکانی پەرتوکی ناوبراو.

هونەری پارک و دیزاینەکان







ئاشتی گەرمیانی

پێم وایە کاتی ئەوە هاتووە کە مرۆڤ بیر لە دیزاینی هەموو شتێک بکاتەوە بەتایبەتی لە ئەمڕۆی تەکنەلۆژیاو کۆمپیوتەری زیرەک و سروشتێکی بەرفراوان . ئەو سروشتەی کە لە زۆلکاوو ئاوەوە دەکرێت بەدەشت و گردو بەرزی و نزمی بە شێوەی ٣ دی لە ناشتنی دارو ڕووەک و دروست کردنی ڕێگای پیادەو دانانی پەیکەری مانادارو یاری یە وەرزشیەکان و ئاو ئاوەڕۆی جۆراو جۆر لە ڕووبەرێکی بچووک یان گەورەدا ، تەنها دروست کردنی پارک یان دانانی تاکە پەیکەرێکی ناسراوێتی کۆتایی کارەکان نی یە ، وە تەنها پەیکەرە ڕووتەڵەکەکان کۆتایی کارەکانی شارەوانی نییە ! بەڵکو تەکنەلۆژیایی دیزاین و هونەری دیزایین کردن نمونە زیندووی ئەو پارک و جێگایەیە بێت بە شێوەیەک کە گەشتیار بۆ کاتێکی زۆر سەرەنج لەو پارک و جێگایە بداتەوە ، ئەوەش بە توێژینەوەی مرۆڤە پرۆفیشینالەکان لە قوۆڵ بوونەوەیەکی زیاتر بۆ کاری دیزاین و سەرەنج ڕاکێشەر و مانەوەی بیرۆکەی دیزاین گرنگی پێ بدرێت ، بەسەوز کردنی زیاتری شارەکان وە شارۆچکەکان .. پلان دیزاینی شارێکی گەورەو دوبارە بوونەوەی لەنێو شارەکانی تر وە هەوڵدان بۆ پارکی بچووکی ڕێگاوبانەکان کە دەبێتە حەسانەوەی شۆفێرەکان یان گەشتیارەکان.پێشکەوتنی وواڵتان زۆربەی بەهۆی دیزاین و بەرنامەدارێژراوەوە بەرەو پێش دەچن لە سیماو ڕەنگی شارو شەقام و پارکەکان و جێگای حەسانەوەکان ، بێگومان پەیکەرسازی و جوانکاری هۆیەکن کە چ بە دار یان برۆنز یان چیمەنتۆ ژیانی خەڵکی تێدا دروست بکرێت و بێتە نێو ژیانی ڕۆژانەی گەشتیارانەوە ، گرنگی پارکەکان بوژاندنەوەی شارو ژیان و گوزەرانێکی خۆشە بۆ هاوڵاتیان .. لەهەموو شارەکانی جیهاندا ئەم پرەنسیپە بەکار دەهێنن بۆ ئەوەی خەڵک ڕوویان تێ بکات و ئاوەدانیەکی هەمیشەیی تێدا دروست بکەن ، بۆیە دیزاین لە پارک و جێگای حەسانەوەکان بۆ کوردستان پێویستی یەکی سەردەمیانەیە وە کاتی ئەوە هاتووە ئەو سێکتەرە پەرە پێ بدرێت وە سوود لە پەیمانگاو کۆلێژی هونەری و ئەکادیمیەتی دیزاین و هونەر وەربگیرێت و بکەوێتە بواری جێ بەجێ کردن و خزمەتی هاووڵاتیانەوە .

کێشەی سکیوریتی ئامێرەکانی چارەسەر دەکات

بەپێی ڕاگەیاندراوێکی فەرمی کۆمپانیای هواوی ڕایگەیاند، چارەسەرکردنی کێشە ئەمنییەکانی هواوی سێ بۆ پێنج ساڵ دەخایەنێت، تاوەکو بە تەواوی بتوانێت کێشەکانی تایبەت بە بواری ئەمنی ئامێرەکانی چارەسەر بکات.

شایەنی باسە بەگوێرەی هەواڵێکی بی بی سی، وتەبێژی کۆمپانیای هواوی لە وتارێکیدا لەبەردەم ئەندامانی پەرلەمانی وڵاتەکەیدا ڕایگەیاند، بڕی "١,٥ ملیار جونەی ئیستەرلینی" بۆ ئەو کارە تەرخانکراوە.

جێی وەبیرهێنانەوەیە کۆمپانیای هواوی گەورەترین بەرهەمهێنەری ئامێری پەیوەندییەکانە لە جیهاندا و بەکارهێنەرێکی زۆری هەیە، لەگەڵ ئەوەشدا زۆربەی ئەو ڕەخنانەی ڕووبەڕووی دەبێتەوە ئەوەیە کە بە ئاسانی دەتوانێت باری ئەمنی ئەو جۆرە مۆبایلە بشکێنێت و مەترسی بۆ سەر زانیاریی بەکارهێنەرانی دروستبکات.

ڕەیان دینگ بەڕێوەبەری گرووپی بازرگانیی کۆمپانیای هواوی ڕایگەیاند، کارکردن لە دووبارە چارەسەرکردنی بەرنامەکان و ئیشە ئەندازیارییەکانی کارێکی ئاسان نییە و لە ڕووی داراییەوە تێچووی زۆرە

ئەمەل عەرەفە

بە جیابوونەوەی هاوسەرەکەی خۆشحاڵە!

بەگوێرەی چاوپێکەوتنێکی گۆڤاری سەیدەتی لەگەڵ هونەرمەندو گۆرانیبێژی سوری ئەمەل عەرەفە، وادیارە ناوبراو لە هاوسەرەکەی جیابۆتەوەو دەربارەی تەلاقدانیشی ئەمەل عەرەفە دەڵێ: جیابوونەوە داواکاری خۆم بووەو هەر دەبوو ئەمرۆ یان سبەی ئەو پرۆسەیە کۆتایی پێ بێت، شایەنی باسە ناکۆکی نێوان ئەمەل عەرەفە و هاوسەرەکەی کە سەرقاڵی بزنس کردنە، گەیشتبووە ناوەندەکانی دادگاو هونەرمەندان و ڕۆژنامەکانیش بەو ناکۆکیانەیان زانیبوو، بۆیە ئەمەل عەرەفە کۆتایی بەو حیکایەتانە هێناو خۆی بۆ میدیاکان ئاشکرای کرد کە جیابوونەوەمان بەدی هات و هەرگیز لێ پەشیمان نیم.

چیتر ڕێ نادرێتە فەیسبوک زانیاریی لەسەر بەکارهێنەرانی کۆبکاتەوە

حکومەتی ئەڵمانیا فەرمانی بە کۆمپانیای فەیسبوک کردووە کە چیتر بەبێ ڕەزامەندی بەکارهێنەران، زانیاری لەسەر بەکارهێنەرانی تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک کۆنەکاتەوە.

لەمبارەیەوە لەبابەتێکی وێبسایتی بی بی سیدا ئاماژە بە بڕیارێکی نوێی حکومەتی ئەڵمانیا کراوە، کە چیتر تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبوک بۆی نییە لە دەرەوەی ئەپ و وێبسایتەکەیەوە زانیاری لەسەر بەکارهێنەرانی کۆبکاتەوە.

شایەنی باسە حکومەتی ئەڵمانیا سکاڵایەکی نوێی لەسەر کۆمپانیای فەیسبوک تۆمارکردووە، کە تیایدا ڕایانگەیاندووە، چیتر نابێت لەدەرەوەی ئەپ و وێبسایتەوە، فەیسبوک توانای ئەوەی هەبێت زانیاری لەسەر بەکارهێنەرەکانی کۆبکاتەوە.

لە سکاڵاکەدا هاتووە، فەیسبوک دەتوانێت لەناو ئەپەکان و وێبسایتەکەیەوە زانیاری کۆبکاتەوە، بەڵام چیتر بۆی نییە لە وێبسایتەکان و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی ترەوە وەک ئینستەگرام، زانیاری زیاتر کۆبکاتەوە.

هەروەها ئاماژە بەوەش کراوە، لەو وێبسایتانەی کە دەتوانرێت بە لینک کردنی ئەکاونتی فەیسبوکەوە هەژمار دروست بکرێت، فەیسبوک بۆی نییە بەبێ ڕەزامەندیی و زانیاریی بەکارهێنەرەوە لە ڕێیانەوە زانیاری کۆبکاتەوە.

هەرچەندە لەئێستادا ئەم فەرمانە تەنها لەناو وڵاتی ئەڵمانیادا جێبەجێدەکرێت، ڕەنگە لە داهاتوویەکی نزیکدا لە هەموو ئەورووپا و وڵاتانی جیهاندا جێبەجێکرێت.



بە ئامادەبوونی سەرۆکی یەکێتی شەترەنجی عێراق

13ەمین پاڵەوانێتی شەترەنجی ڕاپیدی خانزاد بەڕێوەچوو



هاوار موردکەیی

پێرێ شەو لە چوارچێوەی چالاکییەکانی یانەی شەترەنجی خانزاد لە شەوانی مانگی ڕەمەزانی پیرۆز، 13ەمین پاڵەوانێتی شەترەنجی ڕاپیدی خانزاد لە هۆڵی یانە لە شاری هەولێر بەڕێوەچوو.

بەئامادەبوونی زافر عەبدولئەمیر سەرۆکی یەکێتی شەترەنجی عێراق ود. کاوە عومەر بەڕێوەبەری گشتی پڕۆگرام لە وەزارەتی پەروەردە و د. دلزار حەمەسالح سەرۆکی یانەی خانزاد و پشتیوان ئەحمەد سەرۆکی فەخری یانەی خانزدا و ئازاد سابیر سەرۆکی یەکێتی شەترەنجی عێراق و سەعد ئەلکینانی ناوبژیوانی نێودەوڵەتی، 13ەمین پاڵەوانێتی شەترەنجی ڕاپیدی خانزاد کرایەوە، لەدەستپێکدا سەرۆکی یانەی خانزاد وتەیەکی پێشکەش کرد و وێڕای بەخێرهێنانی میوانەکان، مژدەی ئەوەی ئەوەی ڕاگەیاند کە قۆناغەکانی خویندنی وانەی شەترەنج لە پەیمانگاکان هەنگاوی باشی هاویشتووە، هەروەها بەڵێنی بە شەترەنجزانان دا کە ئەوەی لەتوانایدابێت هەوڵی بۆ دەدات کە زۆرترین دەرفەتی بەشداریکردنیان بۆ برەخسێنێ و خولی بەردەوامی فێربوون بکاتەوە.

دواتر سەرۆکی یەکێتی شەترەنجی عێراق وتەیەکی پێشکەش کرد و وێڕای دەستخۆشی لە سەرۆکی یانەی شەترەنجی خانزاد کە بەردەوام پاڵەوانێتی ئاماژەیەک بۆ دەستپێکی ڕاوندی یەکەمی 13ەمین پاڵەوانێتی شەترەنجی ڕاپیدی خانزاد کرا کە 80شەترەنجزانی کوردو کچ لە هەردوو ئاستی کچان و کوڕان و لە کوردستان و عێراق و سوریا و ئێران بەشداربیان تێداکردبوو، ڕکابەرییەکانی ئەم پاڵەوانێتییەش دوو شەو دەخایەنێت و پاڵەوانیتییەکەش لەلایەن یەکێتی شەترەنجی نێودەوڵەتییەوە تۆمار کراوە.

جۆراوجۆر دەکاتەوە و هەرجارەی ژمارەی بەشداربووان زیات دەبێتەوە، ئاماژەی بۆ ئەوەش کرد کە بەپشت بەستن بە چالاکی یانەکان لەسەر ئاستی عێراق، ژمارەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە پێدەچێت بۆ ئەمسالێش یانەی خانزاد بەچالاکترین یانە لەسەر ئاستی عێراق دەستنیشان بکرێت.

ئینجا دەست بە جولەی یەکەم داشی شەترەنج کرا وەک

لەخولی نایابی لاوانی کوردستاندا:

زاخۆ وخانەقین و پێشمەرگەی هەولێر سەرکەوتنیان تۆمار کرد

ئا:سەرهەنگ نەجمەدین
فۆتۆ: پیشتیوان ڕەشید

ڕۆژی 24/5/2019لەسەرجەم یاریگاکانی کوردستان گەڕی هەشتەمی خولی تۆپی پێی نایابی کوردستان بەڕێوەچوو، لەیاری دێری سلێمانیدا هەردوو تیپی لاوانی نەوڕۆز و سیروانی نوێ ڕووبەڕووی یەکتربوونەوە، لەئەنجامدا هەردوویانە بەگۆڵێک یەکسانبوون و هەردوولا خاڵێکی یاریبەکەیان بەرکەوت، لەیاری دووەمدا لەیاریگای وەرزشی زاخۆ، تیپی لاوانی زاخۆ میواندار لەتیپی لاوانی هەندرێن کرد، یاریبەکە لەبەرژەوەندی تیپی خاوەن یاریگا بەکۆتایی هات، دوای ئەوەی زاخۆ توانی بەئەنجامی 2-1گۆڵ لەهەندرێن ببات‌ەوە و 3خاڵی یاریبەکەی بۆشایستەیی دەستەبەر کرد، لەپیرمام تیپی لاوانی پێشمەرگەی هەولێر پێشوازی لەتیپی لاوانی گارە کرد، پێشمەرگەی هەولێر توانی بەئەنجامێکی گەورە یاریبەکەلەگارە بباتەوە،دوای ئەوەی بەئەنجامی 4-0گۆڵ یاریبەکەی لەبەرژەوەندی خۆی بەکۆتایی هێنا و 3خاڵی گرینگی لەسەر دەستی ئەو یانەیە مسۆگەر کرد، هەروەها هەردوو تیپی لاوانی شێروانە و پ،سلێمانیبەئەنجامی 1-1گۆڵ یەکسانبوون، هەولێریش بەئەنجامی تاکەگۆڵێک بەزێرەڤانی دۆرا، تیپی لاوانی خانەقینیش لەنێو یاریگای خۆیدا بەئەنجامی تاکە گۆڵێک لەئاراراتی بردەوە ، بەم شێوەیە ئەم هەفتەیە گەڕی هەشتەمی خولی نایابی کوردستان سەرکەوتووانە بەکۆتایی هات.

ڕێزبەندی خولی نایابی لاوانی کوردستان لەپلەی یەکەم تاپلەی سێیەم بەمشێوەدەبێت:

1- نەورۆز 19خاڵ 2-سیروانی نوێ 15خاڵ 3- هەولێر 15خاڵ.



ئەمڕۆ لە جامی جیهانی لاوان

مەکسیک- ژاپۆن
سونیگال- کۆلۆمبیا
ئیکوادۆر- ئیتالیا
پۆڵەندا- تاهیتی


کێ شۆێنگرەوەی ڕامۆس دەبێت؟

چەند ڕۆژێکە ڕۆژنامەکانی ئیسپانیا باس لە سەرهەڵدانی کێشەی نێوان سێرجیۆ ڕامۆسی بەرگریکاری ریال مەدرید و فلۆرینتۆ پیرێزی سەرۆکی ریال مەدرید دەکەن، بەشێوەیەک کە کار گەیشتۆتە ئەوەی ڕامۆس قەڵای ریال مەدرید جێبهێڵێت.

میدیاکانی ئیسپانیا چەند ناوێکیان ئاشکراکردووە بۆ شوێنگرتنەوەی ڕامۆس لە ئەگەری ڕۆیشتنی، ناوەکانیش بریتین لە: کۆلیبالی بەرگریکاری یانەی ناپۆلی، دی لیخت بەرگریکاری یانەی ئەیاکس، ڤان دیک بەرگریکاری یانەی لیڤەرپوول، خیمینیز بەرگریکاری ئەتلەتیکۆ مەدرید، هیرمۆسۆ بەرگریکاری لیڤەرپوول.



بۆ جاری شەشەم مێسی بووە باشترین گۆڵکاری خولەکانی ئەورووپا



مێسی ئەرژەنتینی و کاپتنی یانەی بەرشلۆنە بۆ جاری شەشەم لە کاروانی وەرزشی و سێیەم ساڵ لەسەر یەکتری توانی پێڵاوی زێڕی باشترین گۆڵکارانی پاڵەوانێتییەکانی ئەورووپا بۆ تۆپی پێ بەدەست بهێنێت.

مێسی بەجیاوازی 3گۆڵ پێش مباپێی گۆڵکاری پاریس سان جێرمانی فەرەنسی کەوت، کە نزیکترین ڕکابەری بوو لەدوا یاریباندا بەرامبەر لینس نەیتوانی لە گۆڵێک زیاتر تۆماربکات، ئەمەی خوارەوەش ڕیزبەندی گۆڵکارانی حولەکانی ئەورووپایە:

مێسی (بەرشلۆنەی ئیسپانی) 36گۆڵ (72خاڵ)
مباپێ (پاریس سان جێرمان) 33گۆڵ (66 خاڵ)
کوالیارێلا (سەمپدۆریا) 26گۆڵ (52 خاڵ)
مبای (گەلاتە سەڕای) 30گۆڵ (45خاڵ)
ایڤاندۆفسکی (بایرن میونشن) 22گۆڵ (44خاڵ)
محەمەد سەڵاح (لیڤەرپوول) 22گۆڵ (44 خاڵ)

ڕەمزی میرەکانی

بۆ ڕێکلام کردن پەیوەندی بکەن بە:
0750 906 9595
یان ئیمەیڵی:
reklam@xebat.net
بەشی ئاگادارییەکان:
0750 588 1616

سەرنووسەر
سەلام عەبدوڵڵا
tel: 0750 445 9940 selam@xebat.net
0770 2969696
بەڕێوەبەری هونەری
شکار نەقشبەندی
shkaraffan@gmail.com

خاوەنی ئیمتیاز
عەلی عەبدوڵڵا
سکرتێری نووسین
دڵشاد مستەفا وەسانی
dilshadmstafa@yahoo.com

KHABAT info@xebat.net
www.xebat.net
Daily Newspaper Kurdistan - Iraq
Organ of KDP
Concessioner: Ali Abdulla
Editor-in-chief: Salam Abdulla

خەبات XEBAT
Sun, 26. Apr. 2019 No: (5757)
ناونیشان: هەولێر- شەقامی سەرەکی مەسیف سەلاحەدین - بەرامبەر وەزارەتی پێشمەرگە . میدیا سەنتەر



پۆلێک پێشمەرگەی شۆڕشی گوڵان

لەسااڵیادی شۆڕشی گوڵان بااڵوی دەکاتەوە

کامەران عەبدول ڕەحمان سەرفرازی نەتەوەیەکی تۆمار کرد

بەرهەم شێخ عزەدین

هونە رمە ند (کامەران عەبدولڕە حمان) بە بۆ نەی یادی 43 ساڵەی هەڵگیرسانی شۆڕشی گوڵان لەسەرئەرکی خۆی بەرهەمێکی CDبااڵو دەکاتەوە و ئەلبومەکەی بەناوی (سەرفرازی نەتەوەیەک)کردووە ،هونەرمەند دەربارەی ئەم بەرهەمەی بەخەباتی گوت:ئەرکی سەرشانمانە لەڕێی هونەرەکەمانەوە بە دنیا بڵێین کێ خەباتکارو هۆکاری مانەوەی ئەم گەلەن،بۆیە هەستام بەتۆمارکردنی ئەم بەرهەمە کە بریتیە لە 10سرود بەناوەکانی:پارتا بارزانی مستەفا ،تۆ پێشمەرگە و سەرۆکی، شەهید ئیدریس، سەروەری،داستانی بەڵێ،سەرۆک وپێشمەرگە ،ڕێگای بابم،چل وشەش بوو،ئااڵی بە هێز و سەربەرزم،دوانەی شانازی،کەلەتێکستی هەریەکە لە شاعیران: کاوە خەسرە و کاوانی،محەمەدی قازی ،ئازا حەسیب قەرە داغی،خاڵە ڕەش ڕە وانەزی،حەمید قەڵادزێی،سیروان کاکەیی،غالب حەساری ،ناز فەلەکەدین کاکەیی و لە ستۆدیۆکانی: شاکار، رەسەن ،میلۆدی ،ئۆکتاف ،کوردستان تی ڤی،سازان ،تۆمارکراون و سەرجەم ئاوەزاکانیش هی هونەرمەند کامەران عەبدولڕەحمان هی خۆیەتی.



ئەسعەد عەدۆ: لە کتێبەکەمدا پشتم بە گێڕانەوەو تۆمارکردنی سەربوردەکان لەسەر زاری بەشداربووانی شۆڕشی گوڵان بەستووە



دیدار: بەرهەم شێخ عزەدین

ڕەنگە یەکێک لە بنەما سەرەکیەکانی هەڵگیرسانی گرنگی شۆڕشی گوڵانی پێشکەوتوخواز ئەو خاڵە بێت، کە هەڵگیرسانی چەخماخەی شۆڕشەکە بەر لە هەرشتێک کۆتایی هێنان بوو بەو ڕەشبینیەی لەدوای نسکۆی (1975) دووچاری کورد بووەوە، بەو مانایەی شۆڕشی گوڵان ڕۆحی کوردایەتی و خەباتی نەتەوایەتی جارێکیتر گەڕاندەوە و هیواو ئامانج و گەیشتن بەمافە ڕەواکانی گەلی کوردی زیندوو کردەوە. بەمانایەکی تر ئەو پەیامەی بە گوێچکەی هەموو داگیرکەڕانگەیاند،کە هەرگیز زیندوویەتی نەتەوەی کورد لەبەرامبەر ستەمکاریدا دانامرکێت، نووسەرو پێشمەرگەی شۆڕشی گوڵان ئەسعەد عەدۆ لە دوو تۆێ ئەم کتێبەیدا مەبەستیەتی ئەو حەقیقەتە بسەلمێنێ کە هەڵگیرسانەوەی ئەم شۆڕشە گوزارشتی لە ڕەهەندێکی ستراتیژی دەکرد، هەر ئەو ڕەهەندەش ئەمڕۆ کوردی بەو قۆناغە پێشکەوتووە گەیاندووە.



کتێبی میژووی شۆڕشی گوڵان کە لە 2015ەوە بااڵوکرایەوە ، بۆچی هەتا ساڵی 2015نەکرایە کتێب ؟

زیاتر قسە لەسەر ئەو بابەتە بکەین ناچارین بگەڕێینەوە زەمەنی میژوونوس هیرودوت (484_395)پێش زایینی کاتێ گرنگی بە میژووی سەرزارەکیدا بۆ بەڕەپێشچوونی مەنهەجیەتی میژوو واتە گێڕانەوەو تۆمارکردنی سەربردەکان لەسەر زاری بەشداربووان کارێکی یەکجار باشە بۆ ڕاستگۆیی نووسینەوەی میژووی قۆناغێکی دیاریکراو .. ئەوەتا لە ناوەڕۆکی کتێبەکەمدا زانیاری زێدە وورد دەکەوێتە بەرچاوان چونکە لە زاری (شاهد عیان) ەکانە ، بۆیە خوێنەر لە خوێندنەوەی ئەمجۆرە کتێبانە لەبەر زێدە وورددەکاریەکەیدا ئاسودەیە .

بەشی زۆری بابەتەکانی کتێبەکە سەمینارێکی برایەتیە کە لە سەرەتای دەرچوونی برایەتی لە 1993ەوە ، ئەوا بۆچی هەتا ساڵی 2015نەکرایە کتێب ؟

بەڵێ سەرەتای بیرۆکەی نووسینەوەی ئەم کتێبە بۆ ئەو ئامۆژگارییەی هێژا مسعود بارزانی دەگەڕێتەوە کاتێ فەرمووی : بەردەوامبونی شۆڕش یان چۆنیەتی هەڵگیرساندنەوەی لە بارودۆخێکی یەکجار دژوار دەستی پێکردەوە .. بۆیە پێویستە نەوەی نوێ لە نزیکەوە بارودۆخی شۆڕشی خۆیان لەسەر لاپەڕەکانی (برایەتی) بزانن ، جا پێویستە تەوەرێک بۆ ئەو مەبەستە لە گەڵ بەشداربوان بکەنەوە .. بۆیە ئێمەیش چەند هەڤاڵمان بۆ ئەو مەبەستە دەست نیشان کرد : کریم سنجاری ، فرنسۆ هەریری، یونس ڕۆژبەیانی، مستەفای نێرەیی، دکتۆر کمال کرکوکی، عەلی کۆ حاجی ئۆمەرانی، محمد خالد بۆسڵی، عبدالرحمن گوندکی .. بەداخەوە هێندەی نەبرد شەڕی ناوخۆیی دەستی پێکردو بەندە بەرەو هۆڵەندا ڕۆیشتم .. کاتێ لەوێ بووم دوو کتێبی مەلا بەختیار و کتێبێکی نەوشیروان و بیرەوەریەکانی سەید کاکەیش دەرچوون کە پەیوەندیان بە میژووی شۆڕشی گوڵان هەبوو، بۆیە لە ساڵی 1999تەنیا سەت دانەم چاپکرد کە بەراوردکردنیشی هەگەڵ ئەو کتێبانەی نێوم هێناون تێدابوو، بەڵام بەداخەوە لە سنووری خاپوور دەستی بەسەردا گیرا !! لەکاتی گەڕانەوەی یەکجارەکیمداو زانیاری تریش کەوتنە ژێر دەستم ئەوە بوو لە ساڵی 2015بە تیراژی (500) دانە بەمشێوەیە چاپمکرد، ئێستایش نەوەی نوێ بە تایبەت کادیران و هەوادارانی پارتیمان بە تایبەت ئەوانەی نێوی باوک یان شەهیدیان تێدا هاتووە بەردەوام بەدوای ئەو زانیارانەدا وێڵن هەروەها قوتابیانی ماستەر و دکتۆرا بۆیە بە نۆمێدی ئەوەم کە خانەی موکریان یان خێزاخوازێک هاوکار بێت بۆ لە چاپدانەوەی .. هەوڵێکی نەزۆکیش هەبوو کە هەوڵمدا سەنتەری دیراسات و تۆێژینەوەو ئەکادیمیای حیزب هاوکار بێت بۆ چاپکردنەوەی بەداخەوە ئەوانیش لە ڕوانگەی ئەزمەی پارە مەیسەر نەبوو! دەربارەی سیمنارەکەیش بەر لە هەڵبژاردنی ساڵی 1992 تەلەفزیۆنی لۆکاڵی کوردستان گەیشتە پیرمام ئەم سیمنارەم بۆ بەڕێزیان : جوهر نامق ، کریم سنجاری ، هۆشیار زێباری ، پیرۆت ئەحمەد تۆمار کرد بەڵام بەداخەوە لەبەر تێکەڵبوونی دەنگی سیمنار لە گەڵ دەنگی ڕادیۆی دەنگی کوردستان لە ڕووی هونەریەوە شیاوی بااڵوکردنەوەی نەبوو !

قسەت لە بارەی نووسینەوەی میژووی شۆڕشی گوڵان چیبە ؟

لەوەتەی کاک مسعود بارزانی میژووی شۆڕشی مەزنی ئەیلوولی نووسیەوەو بااڵوکرایەوە هەموو میژوونووسان دەتوانن بێ ماندووبوون دەستی بۆ ببەن، بەڵام بەداخەوە تا ئێستا هیچ شتێک دەربارەی شۆڕشی گوڵان نەنووسراوەتەوە، ئەوەی بەندەیش تەنیا باس لە ماوەی سەرکردایەتی کاتیبی دەکەم کە بۆ خۆم نێومناوە تەواوکەری شۆڕش چونکە لە دوای چل ڕۆژ لە نسکۆوە دەستم پێکردووە، باشتر وایە بڵێم یەکەم کۆبوونەوەی نهێنی کاک مسعود بارزانی لە گەڵ بەڕێزان : جوهر نامق ، حەمە ڕەزا ، عارف گیفور ، ئازاد بەروواری ، کریم سنجاری لەسەر کانیاوی (نەغدە) کە سەرکردایەتی کاتیبی دانراو یەکەم بەیان بە زمانی عەرەبی (کوردستان گۆڕەپانی ڕاستەقینەی خەباتمانە) نوسرایەوەو لە 10/12/1975 بااڵوکرایەوە .

لە دوورماهیدا ئەسعەد عەدۆ زیاتر وەک وەبیر خستنەوە گوتی:

کاتێ کاک مسعود بارزانی باسی لە تەوەری برایەتی کردەوە فەرمووی: لە دوای چاوپێکەوتنەکان منیش دوو قسەی لەسەر دەکەم و هەڵەکان ڕاست دەکەینەوە، بەڵام بەداخەوە تا ئێستایش بۆمان نەلواوە ئەو ئومێدەمان بێنینە دی . لە دوای هێندە ساڵە واتە لە دوای نسکۆهێنانی شۆڕشی مەزنی ئەیلوولەوە لە 1975تا ئێستا ، ئەوانەی سەنگەری نەیاریان لە ئێمە گرتبوو یان خۆیان بە بەدیلی ئێمە دەزانی هەموویان گەیشتونەتە ئەو قەناعەتە (بە نووسین) کە پارتی و بنەماڵەی بارزانی بوون لەژێر کاریگەری نسکۆدا بەر لە هەموان بەر لە تێپەڕبوونی ساڵێک بەسەر نسکۆهێنان ، بەردەوامبوون لەسەر بەرخودان و شۆڕش کە لە دواییدا بە شۆڕشی گوڵان (26/5/1976) ناسرا .. ئەم شۆڕشمان وەکو شۆڕشی مەزنی ئەیلوول هەوێنی هەر چوار پارچەی کوردستانی تێدایە

